# هەتیتە و مەتەرێزی ناسیۆنالیزم

(کوردستان؛ هەتیتەی ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی)



ژیرۆ زاگرۆس

# هەتیتە و مەتەرێزی ناسیۆنالیزم

(کوردستان؛ هەتیتەی ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی)

ژیرۆ زاگرۆس

ناوی پەرتووک: هەتیتەو مەتەرێزی ناسیۆنالیزم(کوردستان هەتیتەی ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی)

نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپ: ئەلەکترۆنی

ساڵ؛ ٢٠٢١

هەواڵنامەی کتێب

دوو لەت بین و/ چوار لەت بین و/ هەزار لەت بین/

تیخی نەفرەت، هەر خۆمانین/

پشت و قامچی، باڵدار و داو هەر خۆمانین/

پێ و بەرپێنە، ئاگر و ئاو هەرخۆمانین/

با کەس چیدی تف هەڵناوی/ بۆ ئەوانەی مێژووی مردوون/

باکەس چیدی سووچ نەخاتە/ ئەستۆی دەریا و/

قسمەتی خوا و/ کەچ گەڕانی چەرخی گەردوون/

گشت سەحراکان بنارێکیان پێ ناگیرێت/

ئێمە خۆمان لووتکەکانمان پێشکەش کردوون!!!

/ پەشێوی مەزن

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ناوەڕۆک


پێشـــەکی ........................................................................ ١
ناسیۆنالیـــزم ...................................................................... ٦
ڕاوەستەیەک لەسەر واتای چەمکی ناسیۆنالیزم .......................................... ٧
کورتەیەک لەسەر مێژووی ناسیۆنالیزم .................................................. ١٩
جۆرەکانی ناسیۆنالیزم ................................................................ ٢٦
١- ناسیۆنالیزمی سەرەتایی(تەسک) ..................................................... ٢٧
٢- ناسیۆنالیزمی تەندروست(ڕاستەقینە) ................................................ ٣٢
٣- ناسیۆنالیزمی دەمارگیر(شۆڤینی) .................................................. ٣٥
دەوڵەت و ناسیۆنالیزم ................................................................ ٤٨
دەوڵەت و ناسیۆنالیزم(دوئالیتەی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین) ............... ٣٩
ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان ........................................ ٤٥
١- ناسیۆنالیزمی عەرەب ................................................................ ٤٧
٢- ناسیۆنالیزمی تورک .................................................................. ٥٨
٣- ناسیۆنالیزمی فارس .................................................................. ٦٧
خاڵە هاوبەشەکانی ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەب ................................ ٧٧
سەرئەنجام(ئەمانە کێن؟) ............................................................ ٩٩
ناسیۆنالیزمی کورد.................................................................... ١٠٥
کورد وەک نەتەوە .................................................................... ١٠٦


هەولێنامەی کتێب

ئێمە کێین؟ ........................................................................................ ١١٠
١- بواری سیاسەت:........................................................................ ١١١
٢- بواری فەرهەنگی: ...................................................................... ١١٨
٣- مامۆستایانی ئایینی...................................................................... ١٣١
٤- شەقامی کوردی و خەڵکی ئاسایی: ...................................................... ١٣٨
٥- میدیای کوردی ........................................................................... ١٤٧
سەرئەنجام:................................................................................. ١٥٣
دۆخ و چارەی کورد.......................................................................... ١٥٦
دۆخی کورد چۆنە؟ ........................................................................... ١٥٧
چارەی کورد چییە؟ .......................................................................... ١٦٨
ئاپۆئیزم و ڕقی پیرۆز.......................................................................... ١٧٦
ئاپۆئیزم، ڕەگەزێکی بەنەتەوەبوونی کورد ................................................... ١٧٧
ژن و ناسیۆنالیزمی ئاپۆیی..................................................................... ١٨٠
کوردبوون و سنوور ............................................................................ ١٨٣
ژینگەپارێزی، درێژەی ناسیۆنالیزمی خوەزایی .................................................. ١٩١
زمان و نەتەوە................................................................................ ١٩٤
ئاپۆئیزم و ڕۆحی ونبووی کورد................................................................ ١٩٧
گوتنی کۆتایی................................................................................ ٢٠٠

هەواڵنامەی کتێب

هموالنّامه‌ی کتّاب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشـــــەکی

پێشەکی

مێژووی مرۆڤایەتی پڕاوپڕە لە کردەوەی داگیرکاری نەتەوە جیاجیاکانی جیهان. ئەڵبەتە ئەگەرچی ئەم ڕاستە کە بەشێکی زۆری کردەوە داگیرکارییەکانی مێژوو تەنیا لە لایەن دەسەڵاتدارانێکی شەڕانگێزەوە و بەبێ هێڵان وەرگرتن لە نەتەوەکەیان هاتوونەتە ئاراوە و ناکرێ بە تەواوەتی بخرێنە ئەستۆی نەتەوەکانەوە، بەڵام دیسان بە هەر جۆرێک بێ ئەو دەسەڵاتدارانە لە کۆتاییدا بەشێکن لە نەتەوەکەی خۆیان و لە ئەنجامدا دەبێ لانیکەم بەشێک لە ئۆباڵی داگیرکاری هەموو فەرمانڕەوایەکی داگیرکەر بخرێتە ئەستۆی نەتەوەکەی. بە دیاریکراوی کاتێ لە تێڕوانین و ڕەفتاری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمەڕ مێژووی داگیرکاری فەرمانڕەواکانیان ڕابمێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە قسەکەی سەرەوە نەتەنیا ڕێژەیەک لە لۆژیک، بەڵکوو بەشێکی گەورە لە ڕاستیشی تێدایە.

بۆ وێنە کاتێ دەبینی زۆرینەی ڕەهای عەرەب داگیرکارییەکانی سەردەمی عومەر تاکوو خەلافەتەکانی دواتری بە شانازییەکی گەورەی خۆیان دەزانن، یان زۆرینەی ڕەهای تورک بە شانازییەوە باس لە تورکتازی ئەسپەکانی مەغۆل هەتا عوسمانی دەکەن، یان زۆرینەی ڕەهای فارس لە پاوانخوازی بنەماڵەی هەخامەنش تا فەتحی هیندووستان وەک

سەردەمە زێڕینەکانی شانازی و سەروەری خۆیان دەزانن و... هتد، چیتر عاقڵانە نییە کە ئەم داگیرکارییانە تەنیا بخرێنە پاڵ چەند خەلیفە و ئیمپەراتۆر و پادشایەکەوە، لەحاڵێکدا کە ئەم خەلیفە و ئیمپەراتۆر و پاشایانە لە لایەک ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوانەوەن و لە لایەکی دیکەوشەوە هەر ئەم نەتەوانەن کە تاکوو ئەم ساتەوەختەش شانازییان پێوە دەکەن و وەک سەربەرزییەکی گەورە خۆیانی پێدا هەڵدەواسن و پێی بایی دەبن. یەکێکی دیکە لەو پاساوانەی کە زیاتر و دەقیقتر دەیسەلمێنێ کە داگیرکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جۆری داگیرکاری نەتەوەکانن نەک فەرمانڕەواکان، بریتییە لە داگیرکارییەکانی سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێ(کە دواتر بە وردی لەسەری دەوەستین) و دەوڵەت نەتەوەکان. لەم سەردەمەدا نەتەوەکان لە لایەکەوە بە شێوازێکی گشتیتر و بەرفراوانتر واتا و پێناسەی خۆیان لە ناسیۆنالیزمی نوێ وەرگرت و لە لایەکی دیکەوە لە هێمای دەوڵەتدا هەموو داخوازییەکان، هەموو کردەوەکان و لە کۆتاییشدا هەموو دەسکەوتێکیان بەناوی خۆیانەوە تاپۆ دەشکرد. هەر بۆیە دەتوانین بە دڵنیایی تەواوەوە بڵێین داگیرکارییەکانی سەردەمی دەوڵەت نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان داگیرکاری ناسیۆنالیزمە نوێیەکانی ئەم ناوچەیە بوون کە بە هەناسەیەکی قۆرخکراوتر لە پێش بەڕێوە چوون. مەبەست لە قۆرخکراو ئەمەیە کە لەپێشدا بەهۆی هەبوونی جۆرێک لە فرەنەتەوەیی لەنێو سیستەمە

دەسەڵاتدارەکاندا، لەوانەیە لە هەر کردەیەکی داگیرکاریدا چەندین نەتەوە دەستیان هەبووبێ، بەڵام لە سەردەمی دەوڵەت نەتەوەکاندا نەتەوەی خاوەن دەوڵەت ئەوانی دیکەی خستووەتە دەرەوەی بازنەی هێز و دەسەڵاتی خۆیەوە و خۆی بە تەنیا بەسەر گەلانی دیکەدا چووە و داگیری کردوون. بە مانایەکی ڕاستتر دەتوانین بڵێین کە لەم سەردەمەدا ململانێ و شەڕەکانی داگیرکردن زیاتر لەوەی داگیرکاری دەوڵەتان بن بەناو نەتەوەکانەوە، لەڕاستیدا داگیرکاری نەتەوەکان بووە بەناو و لەڕێگەی دەوڵەتەکانەوە.

یەکێ لە دەگمەنترین جۆرەکانی داگیرکاری نەتەوەکان لە جیهاندا ئەو داگیرکارییەیە کە لەسەر خاکی کوردستان لە سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێدا هاتووەتە ئاراوە و هەتاکوو ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەی کە تا ئەمڕۆ پێی وایە داگیرکردنی کوردستان کردەیەکە لەسەر دەستی دەوڵەتەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، ئەم نقیسارە پێی وایە کە داگیربوونی کوردستان داگیربوونێکی ئاسایی وڵاتێک نییە لەلایەن یەک یا چەند دەوڵەتێکەوە، بەڵکوو دیاردەیەکە لێکەوتەی فەرهەنگ و نەریتی سەدان ساڵەی پاوانخوازی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەبە و لەڕاستیدا دۆخی کورد هیچ نییە جگە لە نەتەوەیەکی هەڵگری ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی(کە دواتر پێناسەی دەکەین) و لە گەمارۆی هەمەلایەنەی سێ

نەتەوەی موتوربە و بارگاوی بە ناسیۆنالیزمی دەمارگیر(کە دیسان دواتر پێناسەی دەکەین).

ئەم نڤیسارە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لە ڕەگەزەکانی ناسیۆنالیزم و هەر وەها خەسڵەت و تایبەتمەندییە دیرۆکی و فەرهەنگییەکانی ئەم نەتەوانە ورد دەبێتەوە و سەرنجیان دەخاتە سەر. هەر وەها ئاوڕێک دەداتەوە سەر دۆخی دەروونی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو ناسیۆنالیزمە سەرەتاییەی کە تێیدا دەژی. سەرئەنجام بە پێشنیاری ڕێگەچارەیەک وەک باشترین بژاردە بە ئاراستەی ڕاستکردنەوەی ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییە و دەرچوون لەژێر داگیرکاری ناسیۆنالیزمی دەمارگیری داگیرکەران کۆتایی پێ دێت.

ئەوداڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ناسیۆنالیـــــــزم

## ڕاوەستەیەک لەسەر واتای چەمکی ناسیۆنالیزم

بۆ ئەوەی خوێنەر نەکەوێتە بۆشاییەکی ماناییەوە، واتاکانی لێ چەواشە نەکرێ، یان فریوی وشەکان نەخوا، ئەم نووسینە مەبەستییەتی هەر لە سەرەتاوە بە شێوازێکی ماتەماتیکی لەڕێگەی هەندێ واتای بنەمایی و بنگەهییەوە بە جۆرێک بگاتە مانایەک بۆ چەمکەکان و بە شێوازێ پێناسەیان بکا کە لە سەرانسەری ئەم نووسینەدا تەنیا یەک مەبەست و واتای ماتەماتیکی نەگۆڕیان لێ بخوێنرێتەوە. و ئەڵبەتە لەبەر ئەوەی واژەی سەرەکی ئەم نووسینەش بریتییە لە "ناسیۆنالیزم"، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لەڕێگەی تێگینەکانی خوارەوە پێناسەیەک بۆ ئەم دەستەواژەیە بدۆزینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

نەتەوە: "نەتەوە" بە واتای کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵک دیت کە بە زمان، کولتوور، ڕەچەڵەک و مێژوویەکی هاوبەش لە جۆگرافیایەکی دیاریکراوی هاوبەشدا دەژین. بە واتایەکی دیکە نەتەوە بریتییە لە کیانێکی جڤاکی کە لە بەستەری دیرۆک و جۆگرافیادا بووەتە خاوەنی زمان، ئابۆری و فەرهەنگی تایبەتی هاوبەشی خۆی و جۆرێ لە هەستی پێکەوەیی و خزمایەتی لەنێوان ئەندامانی ئەو کیانەدا هاتووەتە ئاراوە بە شێوازێ کە ئەم هەستی خزمایەتی و گرێدراوییە سەبارەت بە ئەندامانی کیانێکی هاوشێوەی دیکە بوونی نییە. ئەگەر بمانەوێ وردتر پێناسەی بکەین نەتەوە بە شێوەیەکی سروشتی پێکهاتەیەکە بریتی لە سێکوچکەیەکی

دیاریکراوی مادی و مەعنەوی. بناخەی یەکەم پارچەیەک لە خوەزای یەکەم(سروشت)، واتە جۆگرافیا یان شوێنێکی دیاریکراوە. بناخەی دووەم بەشێکە لە خوەزای دووەم(جڤاکی مرۆڤایەتی)، واتە دیمۆگرافیایەکی دیاریکراوە. بناخەی سێیەم بریتییە لە هەموو ئەو ڕەهەندە مەعنەوی و ڕۆحییانەی کە لە لایەک ئەو دیمۆگرافیایە لە نێوخۆیدا پێکەوە دەبەستێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە جۆگرافیاکەیەوە گرێی دەدا.

نیشتمان: ئەو جوگرافیایەی کە نەتەوە تێیدا چکەرەی داوە و بە مێژوویەکی دوور و درێژ لە ئامێزیدا گەشەی کردووە دەبێتە "نیشتمان". بە واتایەکی دی، نیشتمان بریتییە لەو خاکەی کە نەتەوە وەک کیانێکی تۆکمەی جڤاکی تێیدا بووەتە خاوەن کەسایەتی و قەوارەیەکی جێگیر و مایندە. کە وابوو نیشتمان ئەو خاکەیە کە ڕەگەزە سەرەکییەکانی نەتەوە وەکوو دیمۆگرافی، دیرۆک و چاند پێکەوە گرێدەدا و خۆی سەرەکیترین پێگە و بنەڕەتیترین ڕەگەزی دروستبوونی نەتەوەیە. وەک دەزانرێ لە هەر ئاشنابوونێکدا پرسیارکردن لە ناو و نیشتمان یەکەمین و سەرەتاییترین پرسەکانی دانووستانن. دەستەواژەی "شووناس" کە لە دوو پەیڤی "شوون: شوێن" و "ناس" پێکهاتووە لەڕاستیدا زیاتر لە هەموو شتێک، گوزارەیە لە پەیوەستبوونی بنگەهی نەتەوە بە نیشتمان وەک شوێنی

هەواڵنامەی کتێب

ژیانی. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە نەتەوە بریتییە لە خێزانێکی گەورە و فراوان کە لە ماڵێکی بەرین و بەرفراوان بە ناوی نیشتماندا دەژین.

وڵات: ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا پەیڤی وڵات بە واتای نیشتمانیش هاتووە، بەڵام بە سەرهەڵدانی دەوڵەت، پێناسەی وڵات پەیوەست کراوە بە چەمکی دەوڵەتەوە. لەم پێناسەیەدا "وڵات" بریتییە لە جۆگرافیایەکی سیاسی بەسنوور و دیاریکراو کە یەکەیەکی ئێداری دەسەڵاتدار بەناوی دەوڵەت یان حکوومەت بەڕێوەی دەبا و لەسەری فەرمانڕەوایی دەکا. بە مانایەکی دی وڵات بریتییە لە سنوورێکی دیاریکراوی جۆگرافی کە لەژێر دەسەڵاتی یەک دەوڵەتدایە و بە جۆرێک لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا لەسەر یەکتری تاپۆ کراون کە سەروەری سیاسی دەوڵەت لەسەر ئەو کیانە و هەروەها نوێنەرایەتی ئەو کیانە لەلایەن دەوڵەتەوە بە شێوەیەکی دوولایەنە قەبووڵ کراوە و بەکورتی هەبوونی هەرکامەیان بە هەبوونی ئەوی دیکەوە گرێدراوە.

ئەگەر بمانەوێ وڵات و نیشتمان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکەین، دەتوانین بە چەند خاڵی گرنگ ئاماژە بدەین.

ـ لەحاڵێکدا کە هەبوونی وڵات پەیوەستە بە هەبوونی دەوڵەتەوە، هەبوونی نیشتمان گرێدراوی نەتەوەیە. بۆ وێنە کوردستان بەبێ دەوڵەتیش سەدان ساڵە وەک نیشتمانی نەتەوەی کورد هەر کوردستانە،

بەڵام هەر وڵاتێکی ئەم سەرزەمینە تەنانەت ئەگەر تەنیا بۆ ڕۆژێکیش سێبەری دەوڵەتی لەسەر نەمێنێ بێگومان بە شێوازێک تێکدەچێ و لێک دادەبڕێ کە هیچ هێمایەکی وڵاتبوونی تێدا نامێنێ.

ـ وڵات بە سنوورێکی سیاسی دەستکرد دەناسرێتەوە کە ئاڵایە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکدا دیاری کراوە و هەبوونی وڵات بە ڕێکەوتن و پەژێراندن لەلایەن ئەوانی دیکەوە گرێدراوە و تەنانەت لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکاندا دەتوانرێ بسڕدرێتەوە، بەڵام نیشتمان سنوورێکی جۆگرافی سروشتییە کە وەک چۆن هیچ دەستوەردانێکی مرۆیی لە دروستکردنیدا باندۆری نەبووە، هیچکەسیش ناتوانێ لەناوی ببا و بیسڕێتەوە. وەک میناک وڵاتێکی وەکوو پاکستان چەندین جار سنوورەکانی گۆڕاون و تەنانەت وڵاتی دیکەی وەکوو بەنگلادشی لێ جیا بووەتەوە کە چیدی هیچکەس بەناوی پاکستان نایناسێ، بەڵام بەلووچستان سەرەڕای پارچەبوونی لەنێوان دوو وڵاتی ئێران و پاکستاندا هەتا ئێستاش وەک نیشتمانی نەتەوەی بەلووچ دانی پێدا دەنرێ و نکۆڵی لێ ناکرێ. نموونەی بەرچاوی دیکە نموونەی کوردستانە. سەد ساڵ دوای داگیربوون بە چوار دەوڵەت و دابەشبوون لەنێوان چوار وڵاتدا هێشتا کوردستان وەک نیشتمانی نەتەوەی کورد دەناسرێتەوە.

ـ نیشتمان بە دروستبوونی چەندین دەوڵەت تێیدا دەتوانێ ببێتە چەند وڵاتی جیاواز. بۆ وێنە کوریا وەک نیشتمانێک بە دوو دەوڵەت کراوە بە دوو وڵات بە ناوی کوریای باشوور و کوریای باکوور. ئەڵبەتە ئەمجۆرە دابەشبوونە زۆر دەگمەنە و بە شێوەیەکی ئاڵایە ڕەها لە ئاکامی کردەوەیەکی داگیرکاریدا ڕوویانداوە. دیسان ئەو وڵاتانەش کە لە پێکەوە لکاندنی بەشێک یان تەواوی چەندین نیشتمان پێکهاتوون هەمیشە مەترسی دابەشبونیان لەسەرە. نموونەی زۆر ئاشنای لەم بارەیەوە هەر چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستانن... .

هاووڵاتی: وەک گوتمان وڵات بریتییە لە جۆگرافیایەکی تاپۆکراو بە دەوڵەت و کیانێکی دیاریکراوی سیاسی. هەرکەسێ کە بەرانبەر بە قەبووڵکردنی هێماکانی وڵات و فەرمانڕەوایی سیاسی دەوڵەت مافی ژیانی پێبدرێ و دەبێتە "هاووڵاتی" ئەو وڵاتە. بە واتایەکی دی وڵاتیبوون(هاووڵاتیبوون) بریتییە لە مافی مانەوە لە وڵات یان بەستنەوە بە ناسنامەی وڵات کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە مرۆڤەکان دەدرێ و لە بەرانبەردا ئەوانیش بە ڕواڵەت دەسەڵاتی ئەو وڵاتە(دەقیقتر، دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەو وڵاتە) بەسەر خۆیاندا قەبووڵ دەکەن. بۆ وێنە کورد لە هەرکام لە وڵاتانی سەردەستی کوردستان هاووڵاتی ئەو دەوڵەتانەن.

هاونیشتمان(هاونیشتمانی): وەک دەزانرێ هاونەتەوەیی بریتییە لە ئەندامبوون لە ڕیزی نەتەوەیەکدا. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا نیشتمان جگە لەوەی کە خۆی ڕەگەزێکی سەرەکی و بنگەهی نەتەوەبوونە، بەستەری پێکەوە بەستنی هەموو ڕەگەزەکانی دیکەشە و ئەو ڕەگەزانە لەم بەستەرەدا پێکەوە گرێ دەدرێن و دەبنە هۆی دروستبوون و بەستنی کیانی نەتەوە. بە گوتنێکی دی بناخەی نەتەوە لەسەر نیشتمان دادەمەزرێ و نیشتمان و نەتەوە بە جۆرێ لە یەکتر جیا ناکرێنەوە کە نیشتمان شووناسی ڕاستەقینەی نەتەوەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە "هاونیشتمان، یان هاونیشتمانی" تا ڕادەیەکی زۆر هەمان هاونەتەوەیە.

خاڵەکانی خوارەوە باشتر دەتوانن جیاوازی نێوان دوو چەمکی هاونیشتمانی و هاووڵاتی شرۆڤە بکەن.

ـ بە بەراورد، هاووڵاتیبوون ناسنامەیە و هاونیشتمانیبوون شووناسە. لەمە زیاتر، ناسنامەی هاووڵاتییبوون شتێکی دەستکردە و وەک چۆن بە ئاسانی دەتوانێ بدرێ، بە هەمان ئاسانیش دەتوانێ لێ بستێنرێتەوە، ئەمە حاڵێکدایە هاونیشتمانیبوون خوەزایی و سروشتییە و کەس ناتوانێ بیدا یان بیسێنێتەوە. بۆ وێنە کەسێکی کورد لە هەرکوێی ئەم جیهانە بژی هاونیشتمانی کوردستانە، بەڵام وەک تا ئێستا بۆ هەزاران

کەسی کورد لە نموونەی کوردانی ڕۆژاوا و کوردانی فەیلیدا ڕوویداوە بە بچووکترین ئاماژەی دەوڵەتانی سەردەست دەکرێ هاووڵاتیبوونی بەتاڵ بکرێتەوە. یان زۆرێک لەو کوردانەی کە لە تاراوگە دەژین وێڕای ئەوەی کە هاونیشتمانی کوردستانن، بوونەتە هاووڵاتی ئەو وڵاتانەی کە بووەتە خانەخوێ بۆیان.

ـ پێشتر گوتمان نەتەوە و نیشتمان وەکوو خێزان و ماڵن و هەروەها گوتمان کە دەکرێ لە وڵاتێکدا چەندین نەتەوەی جیاواز بژین. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە بڕوانین هاونیشتمانیبوون بریتییە لە هاوخوێنی، لەحاڵێکدا کە هاووڵاتیبوون واتە هاوسێیەتی. بۆ وێنە ئێمەی کورد لە وڵاتی ئێرانی ئێستادا لەگەڵ تورک یان فارس هەووڵاتی و هاوسێی یەکترین، کەچی نە هاوخوێنین و نە هاونیشتمانیش.

ـ ئەڵبەتە بۆ ئەو نەتەوەیەی کە لەڕێگەی دەوڵەت نەتەوی خۆیەوە بەسەر وڵاتدا فەرمانڕەوا و باڵادەستە بێگومان وڵات و نیشتمان وەک یەک دەبینێ و نەتەنیا هەم هاونیشتمانی و هەم هاووڵاتییە، بەڵکوو نیستمانەکانی دیکەی نێو ئەو وڵاتەش بە نیشتمانی خۆی دەزانێ. بۆ وێنە عەرەب لە سووریا و عێراق، تورک لە تورکیا و فارس لە ئێران سەرەڕای ئەوەی هاووڵاتی و هاونیشتمانیشن، نیشتمانی کوردیش بە هی خۆیان دەزانن.

ـ و کۆتا سەرنج، پەیوەست بە چەمکەکانی سەرەوە و سەبارەت بە چەمکی نەتەوە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بدرێ و ئەویش، زۆرجار نەتەوەیەکی باڵادەست کە لە وڵاتێکدا دەوڵەت قۆرخ دەکا و لەڕێگەی دەوڵەت نەتەوە ئەو وڵات بەڕێوە دەبا، مانای نەتەوە دەگۆڕێ و کۆی هەموو گەلانی ئەو وڵاتە بە یەک نەتەوە یان گەل پێناسە دەکا. هەموو کەسێ ئاشنای دەستەواژەگەلی چەواشەکراوی نەتەوەی ئێرانی، نەتەوەی تورکی، گەلی سووری" و "گەلی عێراقی"یە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر شوبهاندنی نەتەوە بە خێزان، لەم دیاردەیەدا نەتەوە(خێزان)ی سەردەست دەیەوێ بە خۆ نواندن وەک باوەپیارەی چەندین نەتەوە(خێزان)، ئەوان وەک خێزانی خۆی نیشان بدا کە ئەڵبەتە ئەزموونی کورد بەڕوونی دەریخستووە کە ئەم خۆ نواندنە مەبەستی چاکەی لە پشتەوە نییە.

نەتەوەگەرایی: "نەتەوەگەرایی" بریتییە لە دۆزینەوەی خود لەنێو نەتەوەدا و هەستکردن و ئاگابوون بە ئەندامەتی لەنێو نەتەوە و جۆرێک وابەستەگی ڕۆحی و دەروونی بە هەموو یان بەشێک لە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری نەتەوە وەکوو رەچەڵەک، زمان، فەرهەنگ، خاک و دیرۆک و... هتد و هەروەها هەستکردن بە وەفاداری سەبارەت بە نەتەوە. دەتوانین بڵێین نەتەوەگەرایی جۆرێکە لە هەستێکی سەرەتایی بەوەی کە مرۆڤ بەشێکە لە خێزانی نەتەوە. لەسەر بنەمای  شوبهاندنەکەی پێشوومان

هەولێنامەی کتێب

دەتوانین بڵێین کە نەتەوەگەرایی ئەو نزیکایەتی و هەستە سەرەتاییەیە کە تاک سەبارەت بە خێزان هەیەتی، بەڵام لە وێنایەکی گەورەتر و فراوانتر و بەرینتردا. ئەم هەستە هەستێکی سەرەتاییە، بەڵام دەتوانێ بە چەندین ئاستی جیاواز لەلای مرۆڤدا گەشە بکا و بگاتە ئاستی کردار و پەرەبستێنێ کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکرێ.

نەتەوەپارێزی: وەک دەزانرێ ئەندامبوون لە نەتەوە جۆرێکە لە خۆپارێزی سروشتی مرۆڤ لەپاڵ کیانێکی گەورەتر و بە واتایەکی دی نەتەوە ڕەوتێکی خوەزاییە بۆ مسۆگەرکردنی مافی ژیانی تاکەکانی خۆی لەڕێگەی بەکۆمەڵبوون. لە بەرانبەردا ئەندامانی نەتەوەش بەرانبەر بەم مافە ڕۆڵێکیان دەکەوێتە سەرشان و ئەویش بریتییە لە ڕەفتارکردن بەگوێرەی بنەماکانی نەتەوە بە مەبەستی پاراستن و بەردەوامی کیانی نەتەوە. بەجێهێنانی ئەم ڕۆڵ سروشتی و غەریزییە کە دەتوانین بە غەریزەی ئەندامەتیش ناوی ببەین دەبێتە "نەتەوەپارێزی". بە مانایەکی دی نەتەوەپارێزی واتە هەرجۆرە کردارێ کە یارمەتی پاراستن و بەردەوامی کیانی نەتەوە بدات. بە واتایەکی دی نەتەوەپارێزی واتە بەجێهێنانی مەرجەکانی ئەندامەتی لە نەتەوەدا و بە گوتنێکی دی ڕەفتارکردن بە شێوازێ کە هەبوونی بنەماکانی نەتەوە نەکەوێتە مەترسییەوە. ئەڵبەتە ڕۆڵی نەتەوەپارێزی کە لەڕاستیدا درێژەی هەستی نەتەوەگەراییە زۆرجاران بە شێوازێکی ئاسایی و خودکار و تا ڕادەیەک

سروشتی لەلایەن ئەندامانی نەتەوەوە تەنانەت بە نائاگاش جێبەجێ دەکرێ. بۆ نموونە هەڵسوکەوت بەگوێرەی بەهاکانی نەتەوە، یان گواستنەوەی زمانی دایک وەک ڕەگەزێکی گرنگی نەتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، خۆشەویستی ژینگەی نیشتمان، خستنەوەی وەچە و نەوە و... هتد، دەکەونە خانەی نەتەوەپارێزییەوە.

نەتەوەپەروەری: بێگومان لە هەر کیانێکدا لەنێوان بەجێهێنانی ئاسایی ئەرکەکان و هەوڵدان بە ئاراستەی خزمەتکردن و گەشەپێدانی ئەو کیانە جیاوازییەکی زۆر هەیە. ئەگەر نەتەوەگەرایی هەستی خۆ دۆزینەوە لەنێو خێزانی نەتەوەدا بێ و ڕاییکردنی ئەرکە سەرەتاییەکان لەنێو ئەم خێزانەدا نەتەوەپارێزی بێ، تێکۆشان لەپێناو بەرەوپێش بردن و گەشەپێدان و پاڵپشتی بنەماکانی نەتەوە دەبێتە "نەتەوەپەروەری". بە مانایەکی دی ئەگەر نەتەوەپارێزی کردەیەکی ڕۆبۆتیکی سروشتی بێ سەبارەت بە نەتەوە وەک ماڵباتی گەورە، بێگومان بەو مانایەی کە لە بەهاکانی ئەم ماڵباتە مەزنە پاڵپشتی دەکا و گەشەیان پێدەدا، دەتوانین بڵێین کە نەتەوەپەروەری تێڕوانین و ڕەوت و کردارێکی ڕەوشتییە.

نەتەوەپەرستی: ئەگەر هەستی سەرەتایی نەتەوەگەرایی بە ئاستێگ تەشەنە بکا کە بگاتە شەیدابوون و توانەوەیەکی تۆخ لە نەتەوەدا، ئەوە دەبێتە نەتەوەپەرستی. بە مانایەکی دی نەتەوەپەرستی واتە پەرستشی

نەتەوە وەک پیرۆزییەکی گەورە. ئەگەرچی نەتەوەپەرستیش هەروەک نەتەوەگەرایی تەنیا لە هەستی ئەندامانی نەتەوەدا دروست دەبێ، بەڵام ئەم هەستە دەتوانێ لەسەر هزر و کرداریشدا کاریگەری هەبێ و ڕەنگ و بۆنی نەتەوەپارێزی و نەتەوەپەروەریش لە خزمەتکردن بە کیانی نەتەوە تۆختر بکاتەوە. تەنانەت دەتوانێ لەمە زیاتریش بچێ و نەتەوە بکاتە پیرۆزییەکی هێندە گەورە کە لەپێناویدا بەهاکانی مرۆڤایەتیش بنپێ بکا(دواتر باسی دەکەین کە ئەم حاڵەتەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسیۆنالیزمی شۆڤینی).

ناسیۆنالیزم: ناسیۆنالیزم یان بەنەتەوەبوون بریتییە لە هەر ئاستێک لە نەتەوەگەرایی(وەک هەست و غەریزەی خۆ دۆزینەویە لە ڕیزی نەتەوەدا)، نەتەوپارێزی(وەک گێڕانی ڕۆڵی سروشتی و ڕۆبۆتیکی ئەندامانی نەتەوە بەگوێرەی ئەم غەریزەیە)، نەتەوەپەروەری(وەک بە ئەرکی خۆ ڕابوون لە نەتەوەدا) و نەتەوەپەرستی(وەک شەیدایی و توانەوە لە نەتەوەدا). بە واتایەکی دی "ناسیۆنالیزم یان بەنەتەوەبوون" بریتییە لە هەرجۆرە پەیوەندی و خۆدۆزینەوەیەکی ئاسایی لە چوارچێوەی نەتەوەی دایکدا و هەر شێوازە گرێدراوییەکی هەستی، هزری، ویژدانی و کرداری مرۆڤەکان بە نەتەوەی دایکەوە. ئەگەر بمانەوێ ئەم پەیوەندییە لە سۆنگەیەکی دیکەوە مانا بکەین، ناسیۆنالیزم واتە

بەجڤاکبوونێکی بەکۆمەڵ کە لە چوارچیوە و لەڕێگەی ئەو ڕەگەزە هاوبەشانەوە پێکدێ کە بنەمای دروستبوونی نەتەوەن.

## کورتەیەک لەسەر مێژووی ناسیۆنالیزم

هەرچەند لەوانەشە بە واتای ئەمڕۆژینی نەبووبێ، بەڵام بێگومان مێژووی ناسیۆنالیزم هاوتەمەنی مێژووی خودی نەتەوەیە. بەردەوامبوونی کیانە بەکۆمەڵەکان لە قاڵب و قوارەی نەتەوەدا بۆ سەدان و هەزاران ساڵ، خۆی بەهێزترین بەڵگەیە بۆ هەبوون و ئامادەیی بەردەوامی ئەم تێگینە لە دیرۆکی مرۆڤایەتیدا هەم وەک هەست و هەمیش وەک تێگەیشتنێکی بەکۆمەڵ لەنێو نەتەوەکاندا. بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزم چی وەکوو بەئاگابوون و چی وەک هەستکردن بە هەر شێوازێک لە "بەکۆمەڵبوون یان بەجڤاکبوون" لەڕاستیدا بە درێژایی تەمەنی نەتەوەکان هەمیشە یەکێک بووە لە بنەما سەرەکییەکانی مسۆگەربوونی کیانی نەتەوەکان و هاوکات یەکێ لە پێداویستییەکانی بەردەوامی ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان لە چوارچێوەی نەتەوەی دایکدا. بۆ وێنە هەبوون و بەردەوامبوونی شووناسێکی جڤاکی، فەرهەنگی و جوگرافی بە ناوی کورد بۆ لانیکەم چەند سەد ساڵ گوزارەیەکی بەهێزە لە هەبوونی ناسیۆنالیزمێکی کوردی. ئەڵبەتە بێگومان ئەمجۆرە لە ناسیۆنالیزم لەنێو هەموو نەتەوەکاندا لەم چوارچێوە واتاییە بەرفراوانەی ئەمڕۆژیدا نەبووە و بەپێی ئەو ڕەهەندانەی کە پێشتر لە پێناسەی ناسیۆنالیزمدا باسمان کرد، نەتەوەکان زیاتر ناسیۆنالیزمێکی غەریزی لە ئاستی نەتەوەگەراییدا ژیاون.

هەتاکوو سەدەی هەڤدەهەمی زایینی نەتەوەکان هەمیشە خۆیان بە بەشێک لە کیانگەلێکی گەورەتری وەکوو ئومەت(خەڵکانی سەر بە ئایینێکی تایبەت) و ئیمپەراتۆرییەت و پاشایەتی زانیوە و هەر بۆیە ناسیۆنالیزم بە واتا نوێ و مۆدێڕنەکەی هیچ وەختێ وەکوو ئەمڕۆ بەرجەستە نەبووە، بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەی زایینی و بە لەناوچوونی هەژموونی یەکجارەکی ئایینی مەسیحی و هەروەها پارچەبوونی پاشایەتییە گەورەکانی ئەورۆپا، جۆرێک لە خواستی دانپێدانان و مسۆگەربوون وەک کیانێکی فەرهەنگی، زمانی، جوگرافی و سیاسی لەلایەن نەتەوکانی ئەوێ سەریهەڵدا و هەر ئەمە بوو بە دەسپێکی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم بە واتا ئەمڕۆژییەکەی وەک چەمکێکی نوێ. ناسیۆنالیزم لە وشەی لاتینی nascor وەرگیراوە کە بە واتای "من هەم"، "لەدایک بووم" یان "هاتوومە دونیا" دێت. کەواتە ناسیۆنالیزم لە واتا نوێ و مۆدێڕنەکەیدا بریتییە لە بزاڤێک کە هەر لە سەرەتاوە مەبەستییەتی بگاتە جۆرێک لە دانپێدانان بە هەبوونی نەتەوە لە نیشتمانی دیاریکراوی خۆیدا وەک خاوەنی ئەو نیشتمانە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە مسۆگەربوونی ژیانی لەسەر نیشتمانەکەیدا. ئەڵبەتە یەکێ لە ڕێکارە هەرە گرنگەکانی ئەم مسۆگەربوونە بێگومان بریتی دەبێ لە هێز و دەسەڵات و هەر بویەش هەر زوو ناسیۆنالیزم گرێ دەدرێ بە چەمکی دەوڵەتەوە و دەوڵەت نەتەوەکانی ئەورۆپا دادەمەزرێن.

دواتر ئەورۆپییەکان شێوازێکی نوێ و چەواشەکراوی ئەزموونی دەوڵەت نەتەوەیان دەربازی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەت پێکهاتە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دوو ئیمپەراتۆری عوسمانی و سەفەوی کرد. ئەوان سەرەتا لە هەرکام لەو جوگرافیا سیاسییانەی بەناوی وڵات کە تازە دایاندەمەزراند، نەتەوەیەکیان دەکردە باڵادەست و فەرمانڕەوا و خاوەن دەوڵەت، پاشان لە داهێنانێکی چەواشەکارانەدا پێناسەی نەتەوەیان دەبەستەوە بە چوارچێوەی ئەو کیانە جوگرافی و سیاسییە نوێیانەوە کە وەک پاشماوەی ئیمپەراتۆرییەتەکان سەریانهەڵدەدا و وەک وڵاتی سەربەخۆ دەهاتنە ئاراوە. ئێنجا لە قۆناخی کۆتاییدا بە شێوازێکی دەستکرد پێناسەی نەتەویان گۆڕی بۆ "وڵاتییان و دانیشتووانی وڵات". ئیتر لە پێناسەی تازەدا نەتەوە بریتی بوو لە کۆی دانیشتووانی جوگرافیایەکی سیاسی بە ناوی وڵات کە لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەو وڵاتەدا بن. بە واتایەکی دی، چەمکی نەتەوە کە لە سەدەی هەڤدەدا بۆ جاری یەکەم لە ڕێگەی بەستنەوەی بە تێگینی دەوڵەتەوە تا ڕادەیەک چەواشە کرابوو، ئەمجارە بە یەکسانکردنی لەگەڵ چەمکی هاووڵاتی، بە ڕێژەیەکی زۆرتر و زیاتر تا ئاستێک شێوێنرا کە لە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆی کەوت. لە ئەنجامی ئەم ڕەوتەدا هەندێ نەتەوە سڕانەوە، هەندێکی دیکە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ نکۆڵییان لێدەکرێ و تەنانەت بڕێک نەتەوەی دەستکردیش دروست کران. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەکوو سووریا نەتەوەی

سریانی تا سنووری لەناوچوون ڕۆیشتووە، لە وڵاتێکی وەکوو تورکیا هەبوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد تاکوو ئەمڕۆش نکۆڵی لێدەکرێ و لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا سەرەڕای هەبوونی چەندین نەتەوەی جیاواز، نزیکەی سەد ساڵە پێداگری لەسەر هەبوونی نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی ئێرانی دەکرێ.

بەکورتی بەشێکی زۆر لە پێناسە و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی چەمکی نەتەوە لە شتگەلی وەک زمان، فەرهەنگ، ئابۆری، دیرۆک و نیشتمانی هاوبەش ڕیشە دەگرێ کە لەوانەیە لە بەستەری مێژوویەکی سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵەدا بە شێوازێکی سروشتی و خوەزایی ڕەنگی گرتبێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە پێناسەی چەپێنراو و شێوێنراوی نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وێڕای ئەوەی ڕادەیەکی بەرچاو لە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و سەرەڕای ئەو هەموو کاولکارییە گەورانە و ئەو قڕانە بەکۆمەڵانەی کە بەرهەمی هێناوە، نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی بسەلمێنێ و بە پێچەوانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ نەتەوە زیاتر لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی نزیک دەبێتەوە و زیاتر واتا خوەزایی و سروشتییەکەی خۆی بەدەست دێنێتەوە. نموونەی ئەم ڕەوتە دەتوانین لە بزاوتە شووناسخوازەکانی نەتەوەکانی ئەوروپادا ببینین کە بە درێژایی ساڵانی دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا و تەنانەت هەتاکوو دروستبوونی دراوی هاوبەشی یۆرۆ بەردەوام لە ئارادا بووە. لە زیندووترین نموونەش لەم بوارەدا دەتوانین بە

نەتەوەی کورد ئاماژە بکەین. بە درێژایی سەدەی ڕابردوو ئاڵایە هەموو ڕەگەزە سەرەکییە نەتەوییەکانی گەلی کورد لەژێر گەورەترین گوشاری دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستاندا بووە و لەم ڕێگەیەشدا هەموو ئەم ڕەگەزانە تووشی زیانی گەورە کراون و دوچاری کەلێنی مەزن هاتوون، بەڵام هیچکامیان بە تەواوەتی لەناو نەچوونە. بۆ وێنە لە باکووری کوردستان بەشێکی زۆری خەڵک لە پرۆسەیەکی بەرفراوانی قڕکردنی زمانیدا لە زمانی کوردی دابڕێنراون، بەڵام دیسان خۆیان هەر بە کورد دەزانن. سیستەمی سەردەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووتوێی ژینوسایدێکی سیستەماتیکدا دەیان ساڵەدا خەریکی کوشتنی چاند و زمانی کوردییە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و بەتایبەت کرماشان، کەچی هەمان ئەو سیستەمە ژینۆسایدییە هێشتاش کرماشان وەک گەورەترین هێما و نمادی کوردبوون دەزانێ. نزیکەی سەد ساڵ دوای سیاسەتی تواندنەوە و نکۆڵی دەوڵەت نەتەوەی عەرەب لە هەبوونی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ڕەگەزەکانی پێکهێنەری نەتەوە زۆر تۆکمەتر و پڕڕەنگتر دیسانەوە وەدەر دەکەون. دوای زیاتر لە نیو سەدە هەوڵدان بۆ دابڕانی کەرکووک لە نیشتمانی کوردی، ئەم شارە هەتاکوو ئەمڕۆش هەر کوردستانیبوونی خۆی دەژی...

بەکورتی نەتەوە بوونەوەرێکی جڤاکی خوەزاییە و شتێکی دەستکرد نییە کە بە دەوڵەت، بە جوگرافیایەکی سیاسی، بە هێز، بە پەروەردە و...

هتد بتوانرێ دروست بکرێ و هەر جۆرە پێناسەیەک بۆ نەتەوە لە دەرەوەی سروشتی خۆی، بێگومان ناتەواو، شێوێنراو و چەواشەکارانەیە. ئەڵبەتە وەک پێشتر باسمان کرد ناسیۆنالیزم کە بریتییە لە هەست و هەڵوێستی مرۆڤەکان سەبارەت بە نەتەوە، ئاستی جیاوازدا دەردەکەوێ و هەر بۆیەش دەتوانێ ڕەهەند و ڕادەی جیاوازیش وەربگرێ و هەروەها وەک مێژووی ناسیۆنالیزم نیشانی داوە دەتوانێ بە ئاسانی چەواشەش بکرێ. بە کردەوەش تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆ چەمکی ناسیۆنالیزم وەک هەر چەمکێکی مرۆیی دیکە هەمیشە و بەردەوام بە گوێرەی شوێن و کاتی بەکارهێنان و مەبەستی بەکارهێنەرانی شێوێنراوە و لە "بە ناسیۆنالیست تۆمەتبارکردنی کەسێکەوە بەهۆی گوێگرتنی ئاسایی لە گۆرانییەکی زمانی دایکییەوە" بگرە هەتاکوو "شانازی پێکردن بە کوژەری دەیان و سەدان مرۆڤی بێ تاوان وەک ناسیۆنالیست"، لە هەموو مانایەکی ئەرێنی و نەرێنیدا بەکار هێنراوە و بەداخەوە لەمپەڕی پێداهەڵگوتن تا ئەوپەڕی سووکایەتی پێکردن و لەمپەڕی خزمەتکردن بە نەتەوەی دایک تا ئەوپەڕی هێرشکردنە سەر نەتەوەکانی دیکە واتای هەڵگرتووە.

لە کۆتاییدا پێویستە بەم خاڵە ئاماژە بکەین کە ڕاستە ناسیۆنالیزم لەسەر هەندێ بنەما و ڕەگەزی سەرەکی وەک نیشتمان، زمان، فەرهەنگ، دیرۆک و ئابۆری هاوبەش پێکدێ کە تا ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕ و جێگیرن، بەڵام هەم وەکوو هەست و هەمیش وەکوو کرداری تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ

دەتوانێ بە ڕێژەی جودا خۆی نیشان بدا و لە ئاستی جیاوازدا بێتە ئاراوە. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین ناسیۆنالیزم بە گوێرەی کەسایەتی مرۆڤەکان وەک تاک و کەسایەتی نەتەوەکان وەک یەکەیەکی گەورەی جڤاکی دەتوانێ بە چەندین جۆر خۆی بنوێنێ. بە واتایەکی دیکە تێگەیشتن و تێڕوانین، دانووستان، هەڵوێست و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەمەر نەتەوەی دایک و نەتەوەکانی دیکە، چەندین جۆر ناسیۆنالیزم دێننە ئاراوە. لە بەشی داهاتوودا مەراق دەخەینە سەر جۆرەکانی ناسیۆنالیزم.

## جۆرەکانی ناسیۆنالیزم

پێشتر گوتمان کە ناسیۆنالیزم بە مانایەک بریتییە لە پێناسە و ماناکردنی خود لە چوارچێوەی نەتەوەدا و بە شێوازێک ژیانکردنە لەو پەیوەندییەی کە مرۆڤ لە نێوان خود و نەتەوەی دایکدا واتای دەکا. ئەم پەیوەندییە کە لەڕاستیدا بەکۆمەڵبوونێکی بەرین و گەورەیە، وەک هەر بەجڤاکبوونێکی دیکە کۆمەڵێ خۆشی و ناخۆشی، هەل و مەرج، ماف و ئەرک، دەبێ و نابێ، خوازە و چاوەڕوانی و هتد... لێ دەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر کیانێکی مرۆیی لە کەسایەتی خۆیدا پێکهاتەیەکە لە هەست، هزر، ویژدان و کردار. هەر بۆیە دانووستان و مامەڵەکردنی مرۆڤەکان هەم لەگەڵ ناسیۆنالیزم وەک پەیوەندی و هەم لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەم ئەندامەتییەدا تاک ڕەهەند نییە و لە هەموو بوارەکانی هەستی، هزری، ویژدانی و کرداریدا دەردەکەوێ و دێتە ئاراوە. بە مانایەکی دەقیقتر، ناسیۆنالیزم تاک ڕەهەند نییە، بەڵکوو بریتییە لە کۆی ناسیۆنالیزمی ڕۆحی، ناسیۆنالیزمی هزری، ناسیۆنالیزمی ویژدانی و ناسیۆنالیزمی کرداری و هەر ئەندامێکی نەتەوە دەتوانێ بە تەنیا یان پێکەوە هەرکام لەم ناسیۆنالیزمانە بژی. هیچ گومانێکیش لەمەدا نییە کە لە هەموو پەیوەندییەکدا کەسەکان خوێندنەوە، تێگەیشتن، تێڕوانین، کردار و لە ئەنجامدا پەیوەندی جیاوازی خۆیان دەژین. بەتایبەت ناسیۆنالیزمیش کە یەکێکە لە بەرینترین و بەباندۆرترین و بەهێزترینی پەیوەندییەکان،

لە دەرەوەی ئەم جیاواز ژیانکردنەدا نییە و دەکرێ بە چەندین جۆری جیاواز بەرهەم بێ و بێتە ئاراوە. ئەم بابەتە بە ئاراستەی شرۆڤە و شیکردنەوەی جۆرەکانی ناسیۆنالیزم درێژە و بەردەوام پێ دەدەین.

### ١- ناسیۆنالیزمی سەرەتایی(تەسک)

بە شێوەیەکی گشتی لە هەر پەیوەندییەکی ئەندامەتیدا سەرەتاییبون بریتییە لە کەموکۆڕی و ناتەواوی لە هەرکام لە لایەنەکانی هەستی، هزری، ویژدانی و کرداری ئەو پەیوەندییە و نیوە و ناچڵی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوەستەک و چاوەڕوانییەکان، پێدراو و دەسکەوتەکان و هەر وەها ئەرکەکەکانی ئەو ئەندامبوونە. پێشتر گوتمان کە ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی گشتگیر و هەمەلایەنەیە کە دەکرێ لە هەموو ڕەهەندەکانی "هەست"، "هزر"، "ویژدان" و "کردار"ـی کەسەکاندا بێتە ئاراوە. هەر بۆیە بە دیاریکراوی لە بواری ناسیۆنالیزمیشدا سەرەتاییبوون بەو مانایە دێت کە لە هەرکام لەم ڕەهەندانەدا مرۆڤ پەیوەندی و ئەندامەتییەکی ساوا بە مانای گەشەنەکردوو، ناتەواو و ناچڵ لەگەڵ نەتەوەکەیدا بژی. ئەڵبەتە هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە لە هەر ڕەهەندێکیشدا ناتەواوی واتا و مانای خۆی دەبێ. بۆ وێنە ئەندامێکی نەتەوە لە باری هەستەوە وەختێ ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و ناتەواو دەژی کە ئەو ناسیۆنالیزمە تەنها وەک گرێدراوییەکی ئاسایی و ڕواڵەتی لە باوک و دایکەوە پێی گەیشتبێ و جگە لەوە هیچ دانووستاندنێکی

ڕۆحی و دەروونی لە نێوان ئەو و نەتەوەی دایکدا لە ئارادا نەبێ. بە واتایەکی دی لە پەیوەندییەکی هەستی و دەروونی سەرەتایی لەگەڵ نەتەوەدا ئەندامەتی هیچ واتایەکی ڕۆحی کووری لە پشتەوە نییە، بەڵکوو ڕاسەڵەی کرۆکی ئەم پەیوەندییە بریتییە لە دابڕانێکی قووڵ لە پۆششی پەیوەستبوونێکی ڕواڵەتیدا. لەم گرێدراوییە ڕواڵەتییە توێژاڵییەدا مرۆڤ بە شێوەیەکی پڕڕەنگ خۆی لە نەتەوەدا نادۆزێتەوە. لەم دۆخە دەروونییەدا مرۆڤ ناتوانێ لەلای خۆیەوە مانایەکی قووڵ و ماناداری ڕۆحی بۆ ئەندامەتی خۆی لە نەتەوەدا واتا و پێناسە بکا و ئەندامبوون هیچ چێژێکی ڕۆحی و شانازییەکی دەروونی پێ نابەخشێ. ئەگەر لێک چواندنێکی سەداسەد دروستیش نەبێ، دەتوانین بڵێین لەم دۆخەدا پەیوەندی مرۆڤ و نەتەوە وەکوو پەیوەندی ئەو ئاییندارەیە کە تەنیا لەڕێگەی باوک و دایکەوە ئایینەکەی پێ دەگا و جگە لە ئەندامەتییەکی ڕواڵەتی لە ڕیزی شوێنکەوتوواندا هیچ پەیوەندی و دانووستانێکی لەگەڵ ئاییندا نییە. بە مانایەکی دی نەتەوە گرنگی و ڕەنگێکی ئەوتۆی لە ژیانیدا نییە و ئەندامبوون ئەو هەستە دەروونییە ئەرێنییەی کە لە ئەنجامی هەموو بە جڤاک بوونێکدا دەتوانێ لە مرۆڤدا دروست بێ تێراو ناکا و بەکورتی بوون و نەبوونی لە ڕیزی ئەندامانی نەتەوەدا گۆڕانێکی گەورە و ماندار لە ژیانی هەستیاری و دەروونی ئەودا بەدی ناهێنێ. بۆ وێنە هیچ هەستێکی سەبارەت بە نیشتمانەکەی نییە و

بە ئاسانی دەتوانێ دڵی لێ بکەنێ و بەجێی بێڵێ، یان دەتوانێ بە ئاسانی لە کۆچێکدا زمانەکەی فڕێ بدا... . بەگشتی لە پەیوەندییەکی هەستی و دەروونی سەرەتاییدا هیچ پەیوەستبوونێکی قووڵی ڕۆحی و هیچ ئەمەگێکی کووری دەروونی لەنێوان کەس و بنەما و ڕەگەزەکانی نەتەوەدا بوونی نییە و لە باشترین دۆخدا تەنیا زایەند و لەدایکبوون و ئەندامەتییەکی ئاساییە کە مرۆڤ بە نەتەوەی دایکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم سەرەتاییبونە لە نزیکبوونەوە و مامەڵەکردنی فیکری و هزری لەگەڵ نەتەوەشدا دەتوانێ بێتە ئاراوە. وەک دەزانین لایەنی عەقڵی و هزری کەسایەتی مرۆڤەکان بریتییە لە ڕەهەندی پێناسەکردن، بەرجەستەکردن، هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی دروست و نادروستەکان. ناسیۆنالیزم وەکوو هەر بەکۆمەڵبوونێکی دیکە و وەک یەکێ لە گەورەترین نموونەکانی بەکۆمەڵبوون، گەلێ "دەبێ و نابێ" و "خوازە و پێدراو" لەگەڵ خۆی دێنێ و لایەنی هزری و عەقڵی ناسیۆنالیزم بریتییە لە چۆنێتی تێگەیشتن لە "دەبێ و نابێ"یەکانی ئەم پەیوەندییە و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ "خوازە و پێدراو"ـەکانی ئەم بەکۆمەڵبوونە گەورەیەدا. ناسیۆنالیزمێکی بە هزر سەرەتایی بریتییە لەوەی کە ئەندامی نەتەوە پێناسەیەکی ناتەواوی لە ماف و ئەرکەکانی ئەندامەتی خۆی هەبێ، نەتوانێ خوازەکانی خۆی لەم بەکۆمەڵبوونەدا بە ڕوونی مانا بکا، واتای "دەشێ و ناشێ"یەکان، واتە بەهاکانی نەتەوە بۆی دیار نەبێ و "دەبێ و

نابێ"یەکان، واتە ئەرکەکانی خۆی لەم پەیوەندییەدا بە ڕێکوپێکی لێکنەداتەوە و بەگشتی تێگەیشتنێکی کاڵ و کرچی لە کۆی ڕەهەندەکانی ئەم پەیوەیستبوونە هەبێ. بەکورتی، سەرەتاییبوونی هزری لە ناسیۆنالیزمدا بریتییە لە تێنەگەیشتن لە دروست و نادروستەکانی هەلومەرجی ئەندامەتی لەنێو نەتەوەدا.

و سەرئەنجام، بەهۆی ئەوەی کە هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی هەستکردن، تێگەیشتن و تێڕوانی کەسەکان لە کرداردا ڕەنگ دەدەنەوە و خۆ دەنوێنن، هەرکامی ئەم لایەنانە لە چۆنێتی و کوالیتەی کردارەکانی مرۆڤیشدا کاریگەرییان هەیە. بەگشتی کرداری سەرەتایی زۆربەی وەختەکان بریتییە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بەگوێرەی هەستکردن، تێگەیشتن و تێڕوانینێکی سەرەتایی. بەڵام مەرجیش نییە کردار و هەڵسوکەوت هەمیشە بەگوێرەی ڕەهەندەکانی هەست، هزر و ویژدانی کەسەکان بێ. بۆ وێنە لەوانەیە کەسێک خاوەن ویژدانێکی پاک بێ، بەڵام بە هۆکارێک لە دەرەوەی خوەستەکی ویژدانی خۆی نەتوانی دژی بێدادی بوەستێتەوە. کە وابوو لە پێناسەی جۆری ناسیۆنالیزمی کەسەکاندا جگە لە ڕەهەندەکانی هەستی، هزری و ویژدانی، پێویستە ڕەهەندی کرداری مرۆڤ هەم وەک ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەهەندانە و هەمیش وەک لایەنێکی جودا بێتە هەڵسەنگاندن. کە واتە سەرەتاییبونی کرداری لە ناسیۆنالیزمدا سەرەڕای ئەوەی بە واتای هەڵسوکەوت بەگوێرەی هەستکردن، تێگەیشتن

و تێڕوانینی سەرەتایی دێت، مانای ئەوەش دەدات کە ئەندامی نەتەوە هەستیاری و تێگەیشتنێکی ڕاست و تەندروستی هەیە، بەڵام بە هەر هۆیەک بەپێی تێڕوانینە ڕاستەکانی خۆی هەڵسوکەوت ناکا. بۆ وێنە ئەو کەسەی کە زمان وەک ڕەگەزێکی گرنگی نەتەوە نابینێ و لە ئەنجامدا لە ئاست زمانەکەی خۆی کەمتەرخەمە، ناسیۆنالیزمێکی بە کردار سەرەتایی دەژی کە بەرهەمی تێگەیشتنی سەرەتاییە. بە هەمان شێوەش ئەو کەسەی کە بۆ بەدەستهێنانی مافی پەروەردەی زمانی خۆی تێدەکۆشێ و بەڵام لە نووسین بەو زمانە خۆی دەبوێرێ، ئەوەش هەر بە کردار ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی دەژی بەم جیاوازییە کە لەوانەیە ئەم سەرەتاییبوونە نە ئەنجامی تێگەیشتن، بەڵکوو تەنیا ئەنجامی بێتاقەتی و سستی کەسایەتی مرۆڤەکە بێ. ئەگەر بمانەوێ ئەم باسە کورت بکەینەوە، ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بریتییە لە هەرچەشنە تێڕوانینی ناهەستیار، تێگەیشتنی ناعەقڵانی، هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانە و کەمتەرخەمی وێژدانی سەبارەت بە هەموو یان بەشێک لە ڕەگەز و بنەماکانی نەتەوەی دایک و مانەوە تەنیا لە دۆخی نەتەوەگەراییەکی ڕۆتینی و بەرتەسکدا.

بەکورتی، وەک لە کتێبی "ناڕێکییەکانی داگیربوون"یشدا وێنا کراوە، ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لە چەند وێنایەکی گشتیدا بریتییە لە گرێدراوییەکی کاڵ و ناتەواو و ناچڵ بە بنەما ڕەسەن و گرینگ و

گشتگیرەکانی نەتەوە. بە مانایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی واتە بەستنەوەی نەتەوە بە برێ تایبەتمەندی نەزۆلاڵ، پێناسەکردنی بە هەندێ هێمای ڕواڵەتی، پەیوەستکردنی بە هەندێ خەسڵەتی خوەزایی و سەرەتایی، وێناکردنی لە هەندێ هەڵسوکەوتی سووک، بچووککردنەوە و بەسنوورکردنی تێگین و چەمکەکانی نەتەوە لە پانتاییەکی تەسکتری جۆگرافی، دیرۆکی و دیمۆگرافی و فەرهەنگیدا و کورتکردنەوەی نەتەوەپارێزی لە بەرجەستەکردنی ئەم خەسڵەتانە و پاراستنی هەندێ داب و نەریتی سەرەتاییدا.

## ٢- ناسیۆنالیزمی تەندروست(ڕاستەقینە)

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە لە پەیوەندییەکی سەرەتایی دەروونی لەگەڵ نەتەوەدا، ئەندامی نەتەوە تەنیا گرێدراوییەکی ڕوالەتی دەژی و هەستی مرۆڤ وەک لایەنی چێژەی ڕۆحی و دەرونی دەرگیری ئەم پەیوەندییە نابێ. بەڵام ئەم پەیوەندییە هەستی و ڕۆحییە دەتوانێ بە شێوازێکی دیکەش بێتە ئاراوە کە تێیدا مرۆڤ بە جۆرێ لە گرێدراوی و پەیوەستبوون بە نەتەوە بگات کە ئەو چێژە دەروونییەی بە ڕادەیەک تێر دەکرێ کە بەبێ بێزکردن لە هاوشێوەکانی، پێی خۆشە خۆی لە بازنەی ئەو نەتەوەکەیدا پێناسە و مانا بکا. ئەمجۆرە پەیوەندییە دەروونییە لەگەڵ نەتەوەدا دەکرێ پێی بگوترێ ناسیۆنالیزمێکی هەستی تەندروست. لەم ناسیۆنالیزمەدا ئەندامەتی لە نەتەوە تا ئەندازەیەکی باش دەروونی

مرۆڤ تێراو دەکا و شانازییەکی ڕۆحی پێ دەبەخشێ، لە بەرانبەردا ئەمیش ڕێزێکی دەروونی لە نەتەوەی دایک دەگرێ و بە هەبوونی خۆی لە ڕیزی ئەندامانیدا دڵخۆشە. ئەڵبەتە ئەم ڕێزە دەروونییە تەندروستە ئەگەرچی ڕەنگێکی قووڵ و مانادارى هەیە، بەڵام هیچکات ناگاتە ئەوەی کە مرۆڤ تێیدا بتوێتەوە و ببێتە هۆی دروستبوونی بێز و گرێی دەروونی سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە. بە واتایەکی دی پەیوەندی تەندروستی هەستی و ڕۆحی لەگەڵ نەتەوەدا، یان بە گوتنێکی دیکە  ناسیۆنالیزمێکی لە ڕووی دەرونی و ڕۆحییەوە تەندروست ژیانکردن بریتییە لە خۆشویستنی نەتەوەی دایک بەبێ نەفرەت لەوانی دی، شانازیکردن پێی بەبێ ڕق و کین لەوانی دی و هەڵگرتنی سۆزی ئەم بەبێ بێزاری لەوانی دیکە... .

ناسیۆنالیزمی تەندروستی فیکری و هزریش وەختێ دێتە ئاراوە کە لە چوارچێوەیەکی عەقڵانی بە واتا ئەرێنییەکەیدا بێ. ئەگەر ئەم گوزارەیە بگوازینەوە بۆ بواری ناسیۆنالیزم، دەکرێ بڵێین ناسیۆنالیزمێکی لە باری هزرییەوە تەندروست بریتییە لەوەی کە ئەندامی نەتەوە بۆ ئەندامەتی خۆی و هەروەها بۆ ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ نەتەوەکەیدا هەیەتی تێگەیشتنێکی عەقڵانی دروستی هەبێ. تێگەیشتنی دروست بەو مانایەی کە یەکەم، بزانێ ئەندامبوون لە نەتەوە هەڵکەوتێکی خوەزایی و سروشتییە و لە ناخی خۆیدا هیچ بەها و شانازییەکی ئەوتۆی تێدا نییە

و دووەم، مرۆڤ ئەم ئەندامەتییە بە هەمان تێگەیشتن و وەکوو خۆی وەربگرێ و بەگوێرەی بەهاکان و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەم پەیوەندییەدا بیر بکاتەوە.

لایەنی سێیەمی پەیوەندی بریتییە لە پەیوەندی ویژدانی. ویژدان ئەو لایەنەی کەسایەتی مرۆڤە کە دەرگیری باشە و خراپە و ڕاستی و نەڕاستییەکانی ژیانە. لە هەر پەیوەندییەکدا ویژدان بە دوو ئاراستە دەرگیرە. یەکەم، بەرانبەر بە ئەو پەیوەندییەی کە تێیدایە و دووەم، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هاوشێوە و مژارەکانی دیکەی پەیوەستبوون. مامەڵەکردن و نزیکبوونەوەی ویژدانی لە بواری ناسیۆنالیزمدا هەم چۆنێتی تێگەیشتنی کەسەکان سەبارەت بە بەها و نرخەکانی نەتەوەی دایک لە خۆ دەگرێ، هەم تێڕوانین سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە. کە واتە، لە ڕووی ویژدانییەوە ناسیۆنالیزمێکی تەندروست ژیانکردن بریتییە لە بریتییە لە مامەڵەکردن لە چوارچێوەی بەها و نرخەکانی نەتەوەدا و خۆ بە بەرپرسیار زانین لە ڕەگەزەکانی و بەگشتی کیانی نەتەوە. و سەرئەنجام، وەک چۆن پێشتریش ئاماژەی پێکرا کۆی هەموو هەستکردن، تێگەیشتن و تێڕوانینەکانی مرۆڤ هەمیشە لە کرداردا خۆیان دەردەخەن و کردەوەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەست، هزر و ویژدانی کەسەکانن. هەر بۆیە دواجار هەرچەشنە ناسیۆنالیزمێکی هەستی، هزری و ویژدانی دەبێ لە کردەوەدا ببێتە

ناسیۆنالیزمێکی ڕاسکانی. کە وابوو، لە ڕووی کردارییەوە ناسیۆنالیزمی تەندروست یان ڕاستەقینە ژیانکردن بریتییە لەوەی هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ لەپێناو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەدا بێ بەبێ ئەوەی بیهەوێ بەهاکانی مرۆڤبوونی خۆی بنپێ بکا. کورت و کورمانجی، ناسیۆنالیستێکی تەندروست و ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە شانازی بە نەتەوەکەی دەکا، بێ بەسووک زانینی ئەوانی دی، لەپێناویدا تێدەکۆشێ، بەبێ چوونەسەر ئەوانی دی، نەتەوە و نیشتمانەکەی لەلا خۆشەویستە بەبێ ڕق و کین سەبارەت بەوانی دیکە و بە کردەوەش لە خزمەتی بنەما و ڕەگەزەکانی نەتەوەدایە. بە گوتنێکی دی، ناسیۆنالیزمی تەندروست بریتییە لە دەربازکردنی نەتەوەگەرایی تەسک، تێپەڕاندنی نەتەوەپارێزی لە غەریزەوە بۆ عەقڵانی، ڕەچاوکردنی نەتەوەپەروەرییەکی لێبوردە و ڕاستەقینە و تەنانەت پەڕینەوە بۆ نەتەوەپەرستییەکی بەسنوور تا ئەو ڕادەیەی کە نەبێتە پەرستشێکی ڕەها....

## ٣- ناسیۆنالیزمی دەمارگیر(شۆڤینی)

تا ئێستا باسی ئەوەمان کردووە کە ئەندامەکانی نەتەوە دەتوانن ناسیۆنالیزمێکی کەمتەرخەم، ناتەواو، ناچڵ و سەرەتایی، یان ئاسایی، ڕێکوپێک، هاوسەنگ و تەندروست بژین. بێگومان ناسیۆنالیزمیش وەک هەموو هەڵسوکەوتێکی دیکەی مرۆیی دەتوانێ ئاستێکی دیکەشی هەبێ و ئەویش بریتییە لە ناڕێکی و زیدەڕۆیی و زێدەگاوی. ناڕێکی لە

تێگەیشتن و زێدەڕۆیی لە ڕوانین و زێدەگاوی لە ڕەفتاردا. لەم ناسیۆنالیزمە نارێکەدا مرۆڤ شانازی ئەندامبوونی خۆی تەنیا لەوەدا نابینێ کە لە ڕێزی ئەندامانی نەتەوەدایە و دەتوانێ خۆی لەم بەکۆمەڵبوونە گەورەیەدا پێناسە و مانا بکا، بەڵکوو وەک خەڵات و بەختەوەرییەک دەیبینێ کە خاڵی سەروەری ئەوە بەسەر کەسانی دیکەدا. لە دۆخێکی دەروونی وەهادا مرۆڤ لە باری ڕۆحییەوە خۆشی لەناودا، نەتەوەکەی بەرزتر لە گەلانی دیکە دەبینێ و هەر بۆیەش بە جۆرێ لە جۆرەکان تێیدا دەتوێتەوە. ئەم توانەوەیە بە ڕادەیەک لە ناخ و ڕۆحیدا ڕەنگ دەداتەوە کە چیدی خۆشەویستی دەرباز دەکا و بە دیوی نەفرەتدا دەکەوێتەوە و دەبێتە گرێ سەبارەت بەوانی دیکە و هەر وەک ئەو ئاییندارەی کە ئایینەکەی خۆی بە پیرۆزی ڕەها دەبینێ و ئەوانی دیکە بە ناپیرۆز، ئەمیش بە چاوی پیرۆزترینی پیرۆزییەکان لە نەتەوەکەی دەڕوانێ. بە مانایەکی دی لە ڕووی دەروونییەوە دەبێتە نەتەوەپەرستێک کە جگە لە نەتەوەی دایک نەتەنیا ڕێزی هیچ گەلێکی دیکە ناگرێ، بەڵکوو بە بەدبینی و گرێ و گومانەوە لێیان دەڕوانێ. ئەم پەرستشە ڕەهایە لە جۆری پەرستشی ئەو ئاییندارەیە کە ئایینەکەی خۆی بە تاقە ڕێگەی ڕاست و یەکانە پیرۆزی ڕەها دەزانێ و ئەوانی دەرەوە بە ناپیرۆز و ناڕاست. بێگومان ئەم پەرستشە ڕۆحی و دەروونییە ڕەهایە چیتر جگە لەوەی کە بیانخاتە خزمەت خۆیەوە، هیچ ڕێگەیەک بۆ ویژدان و هزر و

سەرئەنجام کرداری ئەندامەکانی نەتەوە ناهێڵێتەوە. لەم ناسیۆنالیزمە ناڕێک و لاگیرەدا کە وەک ناسیۆنالیزمی دەمارگیر یان شۆڤینی ناودێری دەکەین، مرۆڤ لەپاڵ ئەو بتە دەروونییەی کە لە ناخی خۆیدا لە نەتەوەی دایک دروستی دەکا گرێیەکی دەروونی گەورەش لە ئاست نەتەوەکانی دیکە دادەنێ. لە ڕووی فیکرییەوە تەنیا ئەو ئەندێشانە بە دروست دەزانێ کە بکەونە خزمەت نەتەوەکەی ئەوەوە و لە باری ویژدانیشەوە تەنیا یەک هێڵی سووری هەیە و ئەویش بریتییە لە باڵادەستی نەتەوەکەی و هەر کردەیەک لە خزمەت نەتەوەکەی و دژ بە ئەوانی دی بێ، ئەوە کردەیەکی ئەخلاقییە و هەر بۆیە هەر بەرکەوتنێکی ناسیۆنالیستێکی شۆڤینی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی ناڕێکی، نادادی، ستەم، دەستدرێژی، پاوانخوازی و... هتد.

بەشەکانی داهاتوو میناک و نموونەی زیاتر لە خۆ دەگرن و لە میانەی ئەو باسانەدا لە هەرکام لە ناسیۆنالیزمەکانی سەرەتایی، تەندروست و شۆڤینی نموونەی بەردەستی زیاتر دەخرێنە بەرچاو.

# دەوڵەت و ناسیۆنالیزم

## دەوڵەت و ناسیۆنالیزم(دوئالیتەی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین)

وەک دەزانرێ ناسیۆنالیزمی نوێ لە منداڵانی ئەو بزاڤە شووناسخوازییەی نەتەوەکانی ئەورۆپا لەدایک بوو کە دەیەویست چارەنووسی ئەم نەتەوانە وەک یەکە و کیانێکی دیاریکراوی نەتەوەیی مسۆگەر بکرێ. بەڵام ئەم بزاڤە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی نوێدا لفانەیەکی دیکەشی بەرهەم هێنا کە بریتی بوو لە «دەوڵەتی نەتەوە». دووانەی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوە کاتێ دەربازی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوون زۆر تۆختر و گەرمتر لە سەردەمی لەدایک بوونیان دەستیان کردە گردنی یەک. دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە سەرەتا لەسەر هەندێ هێما و ڕەگەز و بنەمای نەتەوەیی دامەزران. بەڵام دواتر بوونەوەری دەوڵەت توانی جۆرێک لە ناسیۆنالیزم بەرهەم بێنێ کە خۆی بتوانێ هەبوونی خۆی تێدا بەردەوام بکا. ئیدی لەوسا بەدواوە دانووستاندنێکی دوولایەنە لەنێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکانیاندا بەڕێوە دەچێ. دەوڵەت لەڕاستیدا بووەتە کارگەیەکی بێ پشووی بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزم لەم ناوچەیە کە نەتەوە و ناسیۆنالیزمی بەگوێرە و بە پێناسەی خۆی بەرهەم دێنێ. لەڕاستیدا گرنگترین کارکردی دەوڵەتی نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەت ئەوانەی سەردەستی کوردستان ئەوە بووە کە بوونەتە کارگەیەکی پیشەسازی بۆ بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزم لەنێو نەتەوەکانی خۆیاندا.

بەکورتی، بە هەمان شێوە کە دەوڵەت نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب لە پەراسووی ناسیۆنالیزمی نوێی ئەم نەتەوانەوە هاتنە دەرێ، بەشی هەرە زۆری ناسیۆنالیزمی هەیی ئەم گەلانەش بەرهەم و دەسکردی ڕاستەوخۆی ئەم دەوڵەتانەیە. لەم پەیوەندییە دوئالییەدا نزیکەی سەد ساڵە لەم وڵاتانەدا بە شێوازێکی بازنەیی دەوڵەت و نەتەوە یەکتری تێر دەکەن، یەکتری بەرهەم دێنن، لە یەکتری خوەدی درەدەکەون و پێداویستی و کیان و هەبوونی یەکتریش دابین دەکەن. دەوڵەت بەردەوام لە پیشەسازییەکی فەرهەنگیدا ناسیۆنالیزمی خۆی بەرهەم دێنێ و پەرە و گەشەی پێدەدا، لەم لاشەوە ئەو خەڵکە ناسیۆنالیستەی کە لەڕێگەی دەوڵەتەوە پەروەردە کراون بە هەموو شێوازێ پشتگیری و پشتیوانی کردەوەکانی دەوڵەت دەکەن. هەر بەم هۆیەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانین هەڵسوکەوت، تێڕوانین و بەگشتی ژیانی ناسیۆنالیستانەی ئەم نەتەوانە و دەوڵەتەکانیان لە یەکتری جیا بکەینەوە. لەڕاستیدا هەرکەسێ ڕەوتی گۆڕانگارییەکانی سەد ساڵی ڕابردووی ویژدانی کۆمەڵایەتی گەلانی تورک و فارس و عەرەبی شۆپاندبێ و هاوکات لە کەسایەتی دەوڵەتەکانی ئەوان ورد بووبێتەوە، بێگومان بە ڕوونی بۆی دەرکەوتووە کە هەردوو بوونەوەری نەتەوە و دەوڵەت لەنێو ئەم گەلانەدا هاوشان و هاوتەریب و هاوئاراستە گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. بە مانایەکی دیکە «ناسیۆنالیزمی خوڵقێنەری دەوڵەت نەتەوە» و «دەوڵەتی بەرهەمهێنەری

ناسیۆنالیزم» لەنێو ئەم گەلانەدا نەتەنیا لەیەک جودا نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکتریشن. لە پەیوەندی ئەم دوو بوونەوەرەدا دوو شتی گرنگ شایانی ئاماژەیە. یەکەم، ئەم تەواوکردنی یەکترییە هێندە تۆخ و بەرچاوە کە ناتوانین بە هیچ شێوازێک هەم هەڵسوکەوت و هەم تێڕوانینی نەتەوەکان لە هەڵسوکەوت و تێڕوانینی دەوڵەتەکانیان جودا بکەینەوە. دەوڵەت لە ناخی ئەم نەتەوانەوە هەڵدەستێ و وەک هێما و سیمبۆلی ئەوان خۆ دەنوێنێ و دەجووڵێتەوە. لە بەرانبەریشدا ئەم نەتەوانە دەوڵەت وەک سامانێکی نەتەوەیی بەخێو دەکەن و بە هەموو شێوازێک پاڵپشتی لێ دەکەن. دووەم، لە بەهێزی و بەتوانایی ئەم دووانەیە هێندە بەسە کە بڵێین لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەلایەک ئەم دەوڵەتانە جگە لە بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزمێکی تۆخ لەنێو نەتەوەی دایکدا، تەنانەت توانیویانە لەڕێگەی پەروەردەوە گەلێ کەسی ئەندامی نەتەوەکانی دیکەش چەواشە بکەن و بیانخەنە خزمەت ناسیۆنالیزمی خۆیانەوە. لەلایەکی دیکەوشەوە ئەو نەتەوانەی کە بۆ دەوڵەت دایکایەتی دەکەن ڕۆژ دوای ڕۆژ دەوڵەتانی ناسیۆنالیستتر، لاگیرتر، دەمارگرژتر و گرێدراوتر بە خۆیان بەرهەم دەهێنن.

ئەم پەیوەندییە دوولایەنەی نێوان نەتەوە سەردەستەکان و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هێندە بەهێز و تۆکمە و وابەستە بە یەک داڕێژراوە کە هەردوو بوونەوەری دەوڵەت و نەتەوەی خاوەن دەوڵەت لە بەرزترین

ئاستەکاندا چاویان لە یەکە و لە یەکتری خودی دەردەکەون. دەوڵەت لە داوێنی نەریت و فەرهەنگی نەتەوەدا گەشە دەکا و بەو نەریتە موتوربە دەبێ و بە هەمان شێوە نەتەوەش لەڕێگەی پەروەردەی فەرمییەوە بە فەرهەنگی دەوڵەتی بارگاوی دەکرێ. بەمجۆرە لەم پەیوەندییە دوولایەنەیەدا بەتایبەت لە ڕووی فەرهەنگییەوە هەردوو بوونەوەری دەوڵەت و نەتەوە یەکتری دەژیێنن و بەخێو دەکەن. هەردوکیان لە پێداویستییەکانی یەکتری بەئاگان و بۆ یەکتری بەراوردەی دەکەن. بە مانایەکی دیکە نەتەوە سەردەستەکان چییان دەوێ، دەوڵەتی نەتەوەیی وەکوو کارگوزارێک لەڕێگەی تاڵانکردنی سامانی نەتەوە ژێردەستەکانی وڵاتەوە بۆیان داگیر و دابین دەکات و لەم لاشەوە نەتەوە بە هەموو شێوازێک دەوڵەتی خۆی لەهەمبەر ژێردەستان دەپارێزێت. ئەم پاراستنە لە هەموو بوارێکدا ئەنجام دەدرێت. بۆ وێنە دەوڵەت و نەتەوەکەی پێکەوە میکانیزمێک دێننە ئاراوە کە هیچ کەسێ لە دەرەوەی نەتەوەی سەردەست یان ناتوانێ بکەوێتە بازنە سەرەوەی هەرەمی فەرمانڕەوایی وڵاتەوە، یان دەبێ بە ئاستێک لەنێو نەتەوەی باڵادەستدا بتوێتەوە کە تەنانەت دژی نەتەوەکەی خۆشی بوەستێتەوە.

پەیوەندی دەوڵەتەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دایکدا هێندە بە شێوازێکی مانادار لە ژیانی نەتەوە سەردەستەکاندا کاریگەری و باندۆری هەبووە و توانیویە لە نەتەوە ژێردەستەکان جیایان بکاتەوە و بیانگەیێنێتە

ئاستێکی بەرزتری ژیان کە ژێردەستەکانیش هەمیشە خولیا و ئاواتی دەوڵەتیان لە سەردایە و هەموو دواکەوتوویی و نەهامەتییەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی بێ دەوڵەتی و لەم بەینەدا بە دیاریکراوی کوردیش لە سەد ساڵی ڕابردوودا چارەنووسب خۆی بە دەوڵەتی نەتەوەیی گرێ داوە و بەردەوام لەم ئاراستەیەدا تێکۆشاوە. بە گوتنێکی دی بە هەمان ڕادە کە ناسیۆنالیزمی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان و بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستان گرێدراوی دەوڵەتە، ناسیۆنالیزمی ژێردەستەکان و بەتایبەت کوردیش گرێدراو و وابەستەی دەوڵەتە. بەڵام وەک لە بەشەکانی دواتردا بە وردی باسی لێوە دەکەین لە کۆتاییدا دەوڵەتیش هەرچەند گرنگ، بەڵام تەنیا بەشێکە لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکان کە لە چوارچێوەی کیان و ژیانی فرەڕەهەند، فرەئاراستە و فرەڕەگەزی نەتەوەدا دێتەئاراوە. کورت و کورمانجی، لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی سەرەوە، ئەم پرتووکە بە هیچ شێوازێ مەبەستی نییە ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب ببەستێتەوە بە دەوڵەتێک، گرووپێک، چینێک، یان ڕەوتێکی تایبەتی نێو ئەم گەلانە، بەڵکوو مەبەستی ئەو ناسیۆنالیزمە گشتگیرە هاوبەشەیە کە دەوڵەتیشیان لە ناودا، هەرکام لەم نەتەوانە وەک یەکەیەکی جڤاکی گەورە هەڵگرین. ئەڵبەتە لەم بەینەدا ئاشکرایە کە سیمای دەوڵەت وەک هێماکەری سەرەکی ئەم ناسیۆنالیزمە بەرچاوتر و بەرجەستەترە. هەر ئەمەش ئەگەری ئەوە دروست دەکات کە زۆرجار بەشێک لە هەڵسوکەوت،

تێڕوانین و کردەوە نەرێنییەکان بەجۆرێ بخرێنە ئەستۆی ڕێبەرێک، پارتێک، تاقمێک، یان دەوڵەتێکی تایبەت کە ببنە پاکانە بۆ نەتەوەی دایک. یان بە پێچەوانە، کردارە ئەرێنییەکانی دەوڵەتێک بە مەبەستی گەورەکردن و پەسندان بکرێنە شانازی بۆ نەتەوەی خاوەن هەمان دەوڵەت. کە وایە بهێڵن دوا سەرنجی ئەم بەشە ئەوە بێ کە وەک چۆن ڕاست نییە جیهادی سەر کوردستان تەنیا لە ئەستۆی خومەینی بێ، سەرکوتی کۆماری مەهاباد وەک تاوانی بنەماڵەی پەهلەوی ببینرێ، کۆمەڵکوژی دێرسیم بەناوی ئەتاتورکەوە پێناسە بکرێ، داگیرکردنی عەفرین بخرێتە ئەستۆی ئەردۆگان، ئەنفاڵ بخرێتە ئۆباڵی سەدام و بەعس، قڕکردنی فەرهەنگی ڕۆژاوای کوردستان بکەوێتە گەردنی بەعس و بنەماڵە ئەسەد و... هتد، بە هیچ شێوەیەک نابێ هیچ کردەوەیەکی دیکەی نەتەوەکان و دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان لەیەک جیا بکرێنەوە و دەبێ هەر جووڵەیەکی هەرکامیان لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئەواندا بنرخێنین.

# ناسیۆنالیزمی

# نەتەوەکانی

# سەردەستی کوردستان

بێگومان هەر نەتەوەیەک ناسیۆنالیزمی تایبەت بە خۆی هەیە و بەپێی نەریت و فەرهەنگ و بەهاکانی، ئاسۆی خەون و ئامانجەکانی و ڕادەی هێز و تواناکانی خۆی ناسیۆنالیزمی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێ و لە هەموو وەخت و سەردەمێکدا بەگوێرەی تێڕوانینی بۆ جێگە و پێگەی خۆی لەم جیهانەدا و بەتایبەتی بەراورد بە نەتەوەکانی هاوسێی و هەروەها بەگوێرەی پابەندبوونی بە بەها ئەخلاقییەکان دەبێتە خاوەنی شێوازێک لە جۆرەکانی ناسیۆنالیزم. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بە نزیکبوونەوە و ڕاوەستە لە دیرۆک و بە شیکردنەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان بگەینە سیمای ڕاستەقینەی ئەم ناسیۆنالیزمانە. بۆ گەیشتن بە لانیکەم بەشێک لە ناخ و ناوەرۆکی ئەم سیمایانە، هاوکات کە بەکورتی ئاوڕ دەخەینە سەر داب و نەریت و فەرهەنگ و مێژووی ئەم نەتەوانە و لە هەندێ بنەمای مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسییان ورد دەبینەوە، سەرنج دەدەینە سەر هەلسوکەوت و ڕەفتاری سەد ساڵی ڕابردوویان سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەتی هاوسێکان و بەتایبەتیتر تێڕوانین و ڕەفتاریان سەبارەت بە نەتەوەی کورد.

### ١- ناسیۆنالیزمی عەرەب

ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەر بنەمایەکی دیرۆکی، هزری، ڕۆحی و فەرهەنگی هەزار و چەند سەد ساڵە دەژی کە زەمینە سەرەکی و بنەڕەتییەکەی بریتییە لە ئایینی ئیسلام. لەم زیاتر لە هەزار ساڵەدا عەرەب بە پشت بەستن بە هەندێ دەرفەتی سەرەکی کە ئیسلام هەم وەک بوویەر و دیاردە، هەمیش وەک ئامراز و ئامێر بۆی هێناوەتە ئاراوە توانیویەتی بە شێوازێکی تایبەت نەتەوگەرایی خۆی گەشە پێبدا و لە ئەنجامدا بگا بەم ناسیۆنالیزمەی کە ئەمڕۆ هەیەتی. با بە هێنانەوەی میناک بزانین ئەم ڕەوتە چۆن گەیشتووەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ.

قورئان کە وەک سەرچاوەی یەکەمی ئیسلام لەنێو کۆمەڵگەیەکی عەرەبیدا سەریهەڵداوە بە شێوازێکی زۆر ئاسایی بە زمانی عەرەبی دابەزیوە. دوای ئەمەش، وەک چۆن کەسێکی کورد لە کاردانەوەی بەرانبەرێکیدا کە لە قسەکانی تێناگا بە ڕستەگەلی وەک "خەریکم بە کوردی دەدوێم، بۆ لێم ناگەی؟" و "بە کوردی دەڵێم بەڵکوو حاڵی بێ" و "کوردییەکەی من خۆ زۆر ڕوون و پاراوە" و... هتد، قورئانیش بەم شێوازە گوتنانە لە خەڵکی عەرەبی خواستووە کە لە قسەکانی تێبگەن و حاڵی بن. بۆ وێنە قورئان دەڵێ کە "ئێمە قورئانمان بە زمانی عەرەبی دابەزاندووە، بەڵکوو ئێوە لێی تێبگەن(ئایەتی دووەمی سوورەتی یووسف)". یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ "قورئانمان بە عەرەبی دابەزاندووە و هیچ گێڕی و

خواری تێدا نییە(ئایەتی بیست و هەشتی سوورەتی زومەڕ)". هەروەها دیسان دەڵێت "ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی پاراو و ئاشکرا هاتووە(ئایەتی سەد و سێی سوورەتی نەحل)" و... هتد. بەڵام ئەوەی کە مرۆڤی عەرەبی لەم بارەیەوە کردوویەتی بریتییە لە چەوتاندنی ئەم دێڕانە بە ئاراستەی هەڵسەنگاندنی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا و لەم بوارەشدا گەلێ سەرکەوتوو بووە. عەرەب بەپێی ئەم ئایەتانە زمانەکەی خۆی بە پیرۆزتر لە زمانەکانی دیکە دەزانێ. ئەم پیرۆزییە تەنانەت لەلایەن ئەو نەتەوانەی کە ئیسلام داگیری کردوون تا ڕادەیەک قبووڵ کراوە کە سەدان ساڵ هیچ نەتەوەیەک مافی ئەوەی بە خۆی نەدەدا کە قورئان وەربگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی. هەتا ئێستاش سەروەری زمانی عەرەبی بە سەر زمانەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە بە ڕوونی دیارە. خودی بەکارهێنانی پەیڤی عەجەم(بە واتای ناحاڵی) لەلایەن عەرەبەوە بۆ ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە بە ڕوونی دەریدەخات کە تا چی ڕادەیەک زمانەکەیان بە ناوەند و کرۆکی ئەم جیهانە دەزانن و باوەڕیان بە بەرتری و سەروەری زمانی عەرەبی هەبووە.

دیسان لە قورئاندا هاتووە کە "دین لەلای خودا تەنیا ئیسلامە(ئایەتی نۆزدەی سوورەتی ئالی عومران)" و لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ "ئێمە ئەمڕۆ دینمان بۆ ئێوە تەواو کرد(ئایەتی سێی سوورەتی مائیدە)". دیسان لە کردارێکی چەواشەکارانەدا عەرەب هەمیشەی مێژوو بانگەشەی

ئەوەی کردووە کە ئایینی ئیسلام تەواوترین ئایینە کە هاتبێ و تەنیا ئایینی قەبووڵکراوی خودایە و لەسەر ئەم بڕوایە پێی وابووە کە دەبێ تەواوی گەلانی جیهان ئیسلام و لەڕاستیدا هەژمۆنی عەرەب قەبووڵ بکەن. لەم ڕێگەیەشدا زۆر چەمکی دیکەی ئیسلامی چەواشە کردووە تا لەڕێگەیانەوە ئەم هەژمۆنەی خۆی بسەپێنێ. یەکێ لەو چەمکانە چەمکی جیهادە. جیهاد لە زۆر شوێنی قورئاندا، بە واتای تێکۆشان لەڕێگەی دین و خودادا هاتووە. وەک میناک قورئان دەڵێ "بەو قورئانە جیهادی گەورەی کافران بکە(ئایەتی پەنجا و دووی سوورەتی فورقان)". بەڵام فەرهەنگی عەرەبی زۆربەی کات ئەم چەمکەی وەک بانگەوازێک بۆ هێرشکردن بۆ سەر گەلانی دیکە و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەکار هێناوە.

کەسایەتی محەمەدیش یەکێکی دیکەیە لەو خاڵانەی کە عەرەب بۆ بەرتر نیشاندانی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە. لە قورئاندا هاتووە کە "لە کەسایەتی پەیامبەری خودادا نموونەیەکی چاکەمان داناوە بۆ... (ئایەتی بیست و یەکی سوورەتی ئەحزاب)". عەرەب لە گشتاندنی ئەم بابەتەدا باشترین مرۆڤی هەموو سەردەمەکان لە خۆیان و بە هی خۆیان دەزانن و بە جۆرێک لەباری دەروونییەوە خۆیان لە سەرووی نەتەوەکانی دیکە دەبینن. ئەڵبەتە ئەگەرچی عەرەب بە ئاشکرا بانگەشەی بەرتر و باڵابوونی عەرەبی نەکردووە، بەڵام هەمیشە خۆی بە نەتەوەی هەڵبژێردراوی خودا

پێناسە کردووە کە ئەرکێکی خوداییشی پێدراوە. عەرەب تەنیا نەتەوەیەکە کە هەر بەپێی قسەکانی پەیامبەر بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کە برێ لە ئەندامەکانی(دە کەسی مزگێن پێدراو) بەڵێنی بەهەشتیان پێ دراوەتێ. دیسان هەر بەپێی خوێندنەوەی خۆی لە ئایەتەکانی قورئان و بۆ نموونە ئەو ئایەتەی کە دەڵێ "محەمەد و یارانی بەرانبەر بە کافران توندوتیژن و لەنێو خۆیاندا میهرەبانن(ئایەتی بیست و نۆی سوورەتی فەتح)" دەرفەتی ئەوەی پێدراوە کە هەرجۆرە توندوتیژییەک کە ویستی، بەرانبەر بە گەلانی دیکە بینوێنی.

ئەم تێڕوانینە لە باییبوون بە خۆ کە تا ئەندازەیەکی زۆر دەرئەنجامی پیرۆز و بە ئاسمانی زانینی خود بوو، نەتەنیا لە بواری زمان و فەرهەنگدا، بەڵکوو لە بواری نیشتمان و خاکیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە وەک دەزانرێ بەپێی ئایەتەکانی "... و بڵێ خودایا لە شوێنێکی پیرۆزدا دامبگرە(ئایەتی بیست و نۆی سوورەتی موئمینوون)" و "... و کەشتییەکە لەسەر چیای جوودی لەنگەری گرت(ئایەتی چل و چواری سوورەتی هوود)" چیای جوودی لە قورئاندا وەک شوێنێکی پیرۆز ناودێر کراوە. بەڵام جیهانی عەرەبی هەمیشە بە ئەنقەست بەهۆی ئەوەی کە نیشتمانی عەرەب نەبووە، چاوی بەم پیرۆزییەدا گرتووە و هەمیشە ویستوویەتی تەنیا پێرۆزبوونی شوێنەکانی وەک مەکە، مەدینە و قودس بەرجەستە بکاتەوە...

دەزگای خەلافەت یەکێکی دیکەیە لەو میراتە دیرۆکییانەی کە بەردەوام مرۆڤی عەرەبی لە نەست و ناخودئاگای خۆیدا وەک سەردەمێکی زێڕینی شارستانییەتی عەرەبی(ئەڵبەتە لە ڕواڵەتدا بە ناوی ئیسلام) وەک نوستالژی بۆ سەردەمانێکی زێڕین ختێزەی دەدا و هانی دەدا بۆ گەڕانەوە بۆی. عەرەب هەمیشە پێی وا بووە کە لەژێر فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی ڕاشیدین و دواتر خەلافەتی ئەمەوی و عەباسیدا مرۆڤایەتی و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناوین گەشەی بە خۆوە بینیووە. دیسان عەرەب هەمیشە پێی وا بووە کە ئەم گەشەکردن و پێشڤەچوونە لە ئەنجامی جڵەوداری و سەرکێشی ئەودا هاتوونەتە دی و هەر بۆیەش پێویستە هەمیشە وەک فەرمانڕەوا و سەرکێش بمێنێتەوە. بەکورتی عەرەب لە ڕوانگەی خۆیەوە بریتییە لە نەتەوەیەکی هەڵبژێردراو کە نوێنەری ئایینی ڕاستەقینەی خودایە، زمانەکەی زمانێکی پیرۆزە، نیشتمانەکەی خاکێکی پیرۆزە، ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئایینی خودای پێ ئەسپێردراوە، بۆی هەیە لەپێناو ئەم ئەرکەدا ڕوو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بکا، هەر بەرەنگارییەک بە جیهاد سەرکوت بکا، لەم جیهادەشدا چی دەست کەوت ببێتە خاوەنی و لەم ڕێگایەشدا چی بەسەر هات خودا پاداشتی دەداتەوە. ئەم نەتەوەیە بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ ئەوەندە لەسەر ئەم ڕەوتە سیستەماتیکییە ڕۆیشتووە و ئەم کارانەی هێندە دوبارە کردووەتەوە کە

بە جۆرێک بووتە بەشێک لە ژنەتیکی کۆمەڵگەی عەرەبی و جیاکردنەوەی عەرەب لەم تێگەیشتن و تێڕوانینە مێژووییە زۆر ئاستەمە.

ئەم مرۆڤە بەم پاشخوانە ڕۆحی، دیرۆکی، هزری و فەرهەنگییەوە وەختێ پێ دەنێتە قۆناخی ناسیۆنالیزم بە واتا نوێیەکەی، جارێکی تر خۆی بارگاوی دەکاتەوە بەو چەمک و تێگینانەی کە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لەسەری ڕاهاتووە و لەنێو مێشکی جڤاکی و بەکۆمەڵی ئەودا کەڵەکە کراوە. ئەم ناسیۆنالیزمە نوێیە کە بارگاوییە بە نوستالژییەکی دیرۆکی لە سەروەربوونی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە، بە شێوازێکی چەواشەکارانە هەوڵدەدا لە پۆششی "ئومەتی ئیسلامی"دا برەو بە ئارمانجەکانی خۆی بدا و ئەم چەمکە وەک پشتیوانێک بۆ خۆی بەکار بێنێ. ئەڵبەتە لەم سەردەمە نوێیەدا هەندێ ڕووداو و بوویەری وەکوو دەرکەوتنی هەندێ سەرکردەی وەک جەمال عەبدولناسر، پارچەبوونی نیشتمانی عەرەبی و داگیربوونی فەلەستین وەک بەشێ لەم نیشتمانە پیرۆزە و هاوکات سەرهەڵدان و گەشەی هەندێ ئایدۆلۆژیای بەڕواڵەت ڕزگارکەری وەک بزاوتە چەپەکانی جیهان، بوونە گرنگترین هۆکار و ئامرازەکانی ختێزەدان و تۆخکردنی ئەم ناسیۆنالیزمە. بە واتایەکی دەقیقتر، ناسیۆنالیزمی نوێی عەرەبی کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەردەکەوێ بریتییە لە هەستێکی بەکۆمەڵی خەڵکێک کە خۆی بە گەلێکی هەڵبژێردراو و سەروەر لەسەر ئاخێکی پیرۆز دەزانێ کە بەتایبەت لەم جیهانە نوێیەی

سەرهەڵدان و گەشە و تەشەنەی ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە پارچەبوونی نیشتمانەکەی، بە دۆڕاندنی بەشێ لە دەسەڵاتە مێژوویی و سەروەری فەرهەنگییەکەی خۆی لە ئەنجامی سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەکانی دیکەدا هەست بە شکستێکی مێژوویی دەکا و لە بەرانبەردا دەیهەوێ لانیکەم بەشێک لەو هەیبەتە دیرۆکییەی خۆی بەدەست بێنێتەوە و بەرگری لێ بکا.

لە ئەنجامدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سەردەمی نوێی دەرکەوتنی خۆیدا توانیویەتی بە شێوازێکی زۆر وەستایانە خۆی لەو پاشخوانە دیرۆکی، فەرهەنگی و هزرییە و بەتایبەت لە تێگینی وەکوو "ئومەتی ئیسلام"دا بپێچێتەوە و وەک چۆن مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی جیهانی عەرەبی بە ڕوونی و بە ئاشکرا ناخی ئەم کەسایەتییە دەردەخا، دواجار ببێتە بوونەوەرێکی تووڕە کە خۆی بە مێژوویەکی پیرۆزدا هەڵواسیوە، هەموو کەسێکی دەرەوەی خۆی بە دژمن و نەیار دەزانێ و لە هەموو کەسێکیش بەگومانە. لە ڕێگەی نەریتی وەک تەکفیر هێزەکانی بەرانبەری بە ئاسانی لۆمە دەکا، ناویان دەزڕێنێ و پشت ئەستوور بە گەلێ دەقی ئایینی وەکوو چەمکی جیهاد، ئەوانەی دەرەوەی خۆی وەک ئامانجێکی هەمیشە بەردەست دەبینێ.

لێرەدا بۆ ئەوەی بە وێنایەکیش لە جەوهەر و چۆنێتی هەڵسوکەوت و لایەنی کرداری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بگەین، نموونەی ڕەفتاری سەد ساڵی ڕابردووی ئەم ناسیۆنالیزمە لە هەمبەر گەلی کورد کە لەسەر دەستی هەموو شێوازەکانی دوو دەوڵەت نەتەوەی عێراقی و سووری ئەنجام دراون بە میناک دێنینەوە. لە سووریا بە درێژایی تەمەنی دەوڵەت نەتەوەی عەرەبی هەتاکوو ئێستاش بەردەوام نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد و تەنانەت کیانێکی دیمۆگرافی کوردی کراوە، هاوکات هەمان سیستەم بە ڕێبازی جودای وەکوو بێبەشکردنی بەشێکی گەورەی ئەم دیمۆگرافیایە لە ناسنامەی وڵاتیبوون هەوڵی سڕینەوەی شووناسی نەتەوەیی ئەوانی داوە و بە بڕیاری فەرمی و بە سیاسەتی تەعریب و هێنانی عەرەبی هاوردە بۆ دەڤەری کوردی ویستوویەتی هاوسەنگی ئەم دیمۆگرافیایە بە زیانی کورد تێکبدا و سەرەڕای نکۆڵیکردن لە هەبوونی قەوارەیەکی جۆگرافی کوردی بە ئاشکرا لەڕێگەی سیاسەتی وەک پرۆژەی "کەمبەری عەرەبی"یەوە بە پارچەکردن و دابەشکردن، بەردەوام هەوڵی گۆڕینی ئەم جۆگرافیایە داوە. ئەڵبەتە هاوکاتی ئەمانە و بە شێوەیەکی نافەرمی بەردەوام گەلێ ڕێبازی دیکەی وەکوو سەرکوتی سیستەماتیکی زمان و فەرهەنگی کوردی، قەدەخە و ڕاماڵینی ناوی کوردی لە ناسنامەی تاکەکان و گۆڕینی ناوی شوێنەکانی گرتووەتە پێش... .

دەوڵەت نەتەوەی عێراقیش کە هەر وەک سووریا هەمیشە بە پێشگری "دەوڵەتی عەرەبی" و "نیشتمانی عەرەبی" خۆی پێناسە کردووە، بە درێژایی تەمەنی خۆی سەبارەت بەو کیانە جڤاکی و جۆگرافی و فەرهەنگییە کوردییەی نێو وڵاتی عێراق هەمان ڕێبازەکانی دەوڵەتی سووریای پەیڕەو کردووە. هەموو دەوڵەتەکانی عێراق هەتاکوو ئێستاش بەردەوام لەسەر شۆپی پرۆژەی تەعریب هەنگاو دەنێن و دەیانەوێ کەرکووک، شەنگال و خانەقین لە جۆگرافیای کوردی دابڕێنن و هاوکات هاوسەنگی دیمۆگرافی کوردیش لەو ناوچانە لاواز بکەن. کۆمەڵکوژییەکانی وەک ئەنفالی سەدان هەزار کەسی کورد تەنیا ڕووداوێکی لەناکاو و نەخوازراو نەبوون، بەڵکوو هەموویام بە پرۆژە و بەرنامەی لەپێش داڕێژراو ئەنجام دراون. هەمدیس لێسەندنەوەی ناسنامەی وڵاتیبوونی عێراقی و کۆچبەرکردنی سەدان هەزار کوردی فەیلی کە بە ڕواڵەت لەبەر شیعەبوونی ئەوان هاتە ئاراوە تەنیا و تەنیا بە مەبەستی چۆڵکردنی بەغدا لە کورد ئەنجام دران. کیمیابارانی هەڵەبجە، خاپوورکردنی سیستەماتیکی هەزاران گوند و کوێرکردنەوەی کانیاوەکان بەشێکن لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بەرانبەر بە کورد... .

لەوانەیە هەندێ کەس پێیان وابێ کە ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی دوو دەوڵەتی عەرەبی عێراقی و سووری تەنیا تایبەت بەو تاقمە فەرمانڕەوایانە بووبێ کە ئەو دەوڵەتانەیان بەڕێوە بردووە و ناتوانرێ

بخرێتە ئەستۆی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەڵام گەلێ ئاماژەی بەهێز هەن کە بە پێچەوانە دەیسەلمێنن کە ئەم ڕەفتارانە نەتەنیا لە هەڵسوکەوتی تاقم و گرووپێکی دیاریکراوی عەرەبی ناچن، بەڵکوو بەرهات و کۆبەرهەمی جیهانی عەرەبین بەگشتی. بۆ وێنە سیاسەتەکانی دەوڵەتی شیعی عێراقی سەبارەت بە کورد ڕێک بەردەوامی هەمان سیاسەتەکانی دەوڵەتی سونی پێشووترە. بە هەمان شێوەی دەوڵەتەکانی پێشووتری سووریا ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەش هەتاکوو ئێستا نکۆڵی لە مافی کورد دەکا و ئامادە نییە دان بە هەبوونی کیانێکی جۆگرافی، دیمۆگرافی و فەرهەنگی کوردی لەو وڵاتەدا بنێ. هەر وەها ئەگەرچی داعش بە ڕواڵەت و ناوەرۆکیش وەک دژمنێکی سەرسەختی دەوڵەتی شیعی عێراق و سووریا دەرکەوت، بەڵام تێروانین و ڕەفتاری لەگەڵ کورددا درێژکراوەی هەمان ڕەفتار و تێڕوانینی ئەو دەوڵەتانە بوو. لە نموونەیەکی دیکەدا حەشدی شەعبی وەک ڕەوتێکی سەداسەد دژبەر و پێچەوانەی دەوڵەتی بەعسی، هەتا ئێستاش هەمان ڕەفتارەکانی دەورانی سەدام لە هەمبەر کورد پەیڕەو دەکا. نەبوونی ڕەوتێکی بەرچاو و مانادار لە ئاستی شەقامی عەرەبیدا دژ بەو ستەمانەی کە لە کورد کراون مرۆڤ بەرەو ئەو تێگەیشتنە ڕادەکێشێ کە ئەم ستەمانە نە لەلایەن کەس، گرووپ، تاقم، یان دەوڵەتێکی عەرەبییەو کراون، بەڵکوو وەک پێشتر گوترا کۆبەرهەمی ناسیۆنالیزمی نوێی عەرەبین. ئەم ڕەوتە تەنانەت لەلای جیهانی

ڕۆشنبیری عەرەبیشدا بەدی ناکرێ. دۆزینەوەی ڕۆشنبیرانی گەورەی وەکوو هادی عەلەوی و محەمەد مەهدی جەواهیری لەنێو جیهانی ڕۆشنبیری عەرەبیدا کە بەگژ پاوانخوازی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بچنەوە ئەگەر مەحاڵ نەبێ، کارێکی پڕ سەخت و ئەستەمە... .

## ٢- ناسیۆنالیزمی تورک

ئەگەر کورد وەک نەتەوەیەک چەند هەزار ساڵ بێ کە گرێدراوی نیشتمانی خۆیە و لەسەر فەلسەفەی "بەرد لە شوێنی خۆی سەنگینە" دانیشتووی نیشتمانەکەیەتی، ئەگەر نەتەوەی عەرەب بە بنگەگرتنی زێدی یەکەمی خۆی وەک نیشتمانی پیرۆز، ئەم نیشتمانەی بۆ داگیرکردنی شوێنەکانی دیکە بەکار هێناوە تا دواتر ئەوانیش بە خاکی عەرەبەوە بلکێنێ و وەک زێدی عەرەبی پێناسەیان بکا، ئەوە تورک هەمیشە بە فەرهەنگی "بەرد لەو جێیە سەنگینە کە دەکەوێتە خوارێ" تێڕوانینێکی کۆچەرییانە و کاتی سەبارەت بە نیشتمان هەبووە و هەتاکوو هەڵوەشانی ئیمپەراتۆرییەتی عوسمانی، بۆ مەودایەکی درێژی مێژوویی تورک تێگەیشتنێکی دیاری بۆ نیشتمان وەک ڕەگەزێکی ڕەسەنی نەتەوە نەبووە و بە پێچەوانەوە بە چاوی گەڕۆکێکی کۆچەر و وەک شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی لە خاک ڕوانیویە. خاوەنی ئەم تێڕوانین و فەرهەنگە وەک لانیکەم لە هەزار ساڵی ڕابردوو و لانیکەم هەتا سەرهەڵدانی تورکیای پاش عوسمانی نیشانیداوە هیچ مانایەکی ئەوتۆی بۆ نیشتمانی مێژوویی نەناسیوە و پێی ناوەتە هەر شوێنێکەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بووبێ کردوویە بە نیشتمانی خۆی. ئەگەر سەیری مێژووی تورک بکەین، لە هەزار ساڵ بەرەو ئەملاوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە دەستی کردووە بە کۆچێکی درێژ و بەرەبەرە هەنگاوی ناوە تا بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوینی داگیر کردووە

و گەیشتووەتە ئەمڕۆ. بە واتایەکی دیکە سەرەڕای ئەوەی تێگەیشتنی فەرهەنگی تورکی بۆ نیشتمان تێگەیشتنێکی گەڕۆکە، دیسان خۆشی بە خاوەن هەموو ئەو شوێنانە دەزانێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم کۆچە دوور و درێژەدا هەر لە بیابانەکانی مەنگۆلیاوە تاکوو ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێیدا تێپەڕیوە. ئەم دیرۆکە درێژە لە کۆچ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەی کە لەم کۆچەدا لەنێو خێڵە تورکەکاندا دروست بووە بەستەرێکی گرنگ و سەرەکی بووە بۆ بەنەتەوییبوونی تورک. بنەمای یەکەمی

ئەم بەنەتەوەبوونە بریتییە لە ئەفسانەی ڕەچەڵەکی تورک، واتە ئەفسانەی "گورگەبۆر". دواتر باسی دەکەین کە چۆن ئایینی ئیسلام وەک داڵدەیەکی گەورە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی کیانی جڤاکی خێڵە تورکەکان و ماسینی هەرچی زیاتری ئەم کیانە وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی.

بەگوێرەی ئەفسانەی گورگی بۆر قەومێک لەلایەن هاوسێیەکیانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و بە تەواوەتی قڕ دەکرێن و لەو قڕانەدا تەنیا منداڵێکی کوڕیان لێ دەردەچێ و ڕزگاری دەبێ. گۆرگێکی بۆریش منداڵ دەدۆزێتەوە و بەخێوی دەکا تا کوڕ پێدەگا و دواتر گورگ لەو کوڕە دووگیان دەبێ. پاشای قەومی هێرشکار کاتێ لە زیندووبوونی کوڕ بەئاگا دێتەوە، کەسانێک دەنێرێ بۆ کوشتنی، بەڵام ئەوان لە ترسی گورگی

هاوڕێی پێی ناوێرن و دیسان ڕزگاری دەبێتەوە. دواتر گورگەبۆر و کوڕە کەزاییی لەڕێگەی ئەشکەوتێکەوە دەچنە نێو دەربەندێکەوە بەناو ئەرگەنەکۆن و لەوێ دە منداڵی دیکەی کوڕیان دەبێ. ئەم کوڕانە هەموویان دواتر بە کونکردنی کێوەکە لەو دەربەندە دێنە دەر و جیهان بە ڕوویاندا دەکرێتەوە. تورکانی ئەمڕۆ خۆیان بە نەوەکانی ئەو دە کوڕانە دەزانن و پێیان وایە نیوەیان مرۆڤ و نیوەگەی دیکەیان لە گورگە... .

کاتێ مرۆڤ خۆی بە بوونەوەرێکەوە گرێدەدا، هەست بە جۆرێک نزیکایەتی لەنێوان خۆی و ئەو بوونەوەرەدا دەکا، یان خۆی پێ دەشوبهێنێ، بێگومان بە هزر و بە ڕەفتار یان بە ڕۆح لەگەڵ ئەو بوونەوەرەدا لێکچوونێک لە ناخی خۆیدا دروست دەکا. تورکەکانیش هەر بەم ڕوانینەوە پێیان ناوەتە ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە. ئەو کەسایەتییەی کە تورک چی وەک تاک و چی وەک کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئەم ئەفسانەیە بنیادی ناوە بریتییە لە کەسایەتییەکی هەمیشە تووڕە، هەمیشە لە پەیڕکی دەوروبەردا و هەمیشە تۆڵە ئەستێن و پاوانخواز. ئەگەر عەرەب لە پێشڕەوییەکانی خۆیدا پشتی بەو حەقانییەتە ئاسمانی و ورە ڕۆحییە بەستبێ کە لە چەواشەی ئیسلام و قورئاندا بەدەستی هێناوە، ئەگەر پاوانخوازی فارس لە تێگینی قەومی بەرتر و نەجیب و ڕەسەن ڕیشەی گرتبێ، ئەوە تورکیش بە تێگەیشتن و ڕۆحییەتی گورگێکی دڕندە و لەسەر تۆڵە سەندنەوە لەم جیهانەی کە نیاکانی قڕ کردوون ڕەوتێکی

درێژمەودای لە ڕێژهەڵاتی ناویندا دەستپێکردووە. ئەڵبەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش شێوازی جیاواز و دەرفەتی جیاوازیشی بۆ ڕەخساندووە. تورک بە هاتنی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر زوو پێی زانی کە بۆ سەرکەوتنی لەم ناوچەیە پێویستە خۆی بەم ئیسلامەوە گرێبدا. ئەم نزیکبوونەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە لە کەسایەتی کەنیزەکانی تورک و دواتر ئەمیرەکانی سوپا لە دەرباری خەلافەتی عەباسیدا بە ڕوونی پەیڕەو کراوە، هەر لە دەسپێکەوە تەنانەت لە خودی عەرەبەکانیش زیاتر دەمارگیرانە بووە. هەڵبژاردنی ڕێبازی ئیسلامی حەنەفی وەک ئایینێکی توندتر خۆی گەواهێکە بۆ ئەم توندڕەوییە. هەروەها ئەگەرچی ناوی عوسمانی لەڕاستیدا لە ناوی یەکەم میری دیاری تورکەکانەوە هاتووە، بەڵام زۆرجار تورک بۆ زیاتر نیشاندانی گرێدراوی خۆیان بە ئیسلامەوە وایان نواندووە کە عوسمانیزم بریتییە لەو بزاڤە تۆڵەیەی کە بە خوێنخواهی لە عوسمانی خەلیفەی ئیسلام سەریهەڵداوە. بەم شێوازە ناسیۆنالیزمی تورکی هەمیشە توانیویە خۆی لە بەرگی ئیسلامدا بپێچێتەوە و هەر لە سایەی ئەم ئایینەدا نەتەوەگەرایی خۆی بپارێزێ. بە واتایەکی دیکە دوای زمانی تورکی و ئەفسانەی گورگەبۆر، ئایینی ئیسلام هەمیشە یەکێک بووە لە ڕەگەزە پێکهێنەرە هەرە سەرەکییەکانی نەتەوەی تورک.

لە دوای کەوتنی عوسمانی و سەرهەڵدان و تەشەنەی هاوکاتی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەت لەنێو نەتەوەکانی

جۆگرافیای سیاسی عوسمانیدا، سەرباری ئیسلام و تورکێتی، ڕەگەزێکی دیکەی بەهێز وەک پاڵپشت و هاندەری ناسیۆنالیزمی نوێی تورکی سەریهەڵدا و ئەویش بریتی بوو لە عوسمانیزم. ناسیۆنالیزمی نوێی تورکی هەر لە سەرەتاوە توانی خۆی وەک میراتگرێکی بەهێزی عوسمانی بسەپێنێ و بە شینکردن لەسەر وێرانەکانی عوسمانی و دەرخستنی خۆی هەم وەک ستەم لێکراو و بێبەشکراو و هەمیش وەک مافدار و ئەڕاگێڵی بەشی خۆی توانی ڕۆحێکی تووڕەتر و هێرشکارتر لە پێشوو لەنێو جڤاکی تورکیدا بچێنێ. ئەم ناسیۆنالیزمە بە هەڵگرتنی ئاڵای میراتگری عوسمانی و لەژێر پەرچەمی ئیسلامدا توانی بە ڕاوەدوونانی یۆنانییەکان، بە قڕکردنی ئەرمەنییەکان و بە بێدەنگکردنی کوردەکان لە بەشێک لە خاکی ئەم ئیمپەراتۆرییەتە ببێتە باڵادەست. وەک چۆن ناسیۆنالیزمی عەرەبی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی وەک پاساوێکی ڕۆحی و بنەمایەکی دیرۆکی بۆ ڕەوا نیشاندانی باڵادەستی خۆی بەکار هێنا، ناسیۆنالیزمی نوێی تورکیش لەم ڕەوتەدا فەرمانڕەوایی عوسمانییەکانی بەباشی بەکار هێنا. لە دوای ئەمە و بە پێشکەشکردنی بەشێک لە خاکی عوسمانی بە تورکەکان، ناسیۆنالیزمی تورکی ئەمجارە بە هەمان شێوەی ناسیۆنالیزمی فارس(لە بەشی داهاتوودا زیاتر دەچینە سەری) و بەڵام بە ڕێبازێکی جوداتر، واتای نەتەوەی گرێدا بەو وڵاتە دەستکردەوە کە ناوی لێنا تورکیا. جیاوازییەکەش لەوەدا بوو کە بە پێچەوانەی فارس کە لە هەنگاوی

یەکەمدا کۆی گەلانی چوارچێوەی وڵاتی دەستکردی ئێرانی بە نەتەوەی ئێران پێناسە کرد و دواتر و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەوڵیدا ئەم پێناسەیە بگۆڕێ بۆ نەتەوەی فارس، ناسیۆنالیزمی تورکی هەر لە سەرەتاوە بە نکۆڵیکردن لە هەبوونی گەلانی دیکە لە جۆگرافیای سیاسی تورکیای نوێدا نەتەوەی تورکی بەمجۆرە پێناسە کرد: ئەوەی دانیشتووی وڵاتی تورکیا بێ تورکە و لە تورکیاش تەنیا یەک نەتەوە بوونی هەیە و ئەویش تورکە.

ڕەوتی ناسیۆنالیزمی نوێی تورکی بە ڕێبازێکدا تێپەڕیوە کە تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی نوێی عەرەبی و فارسی بووە. لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە بنەمایەکی ڕۆحی و فەرهەنگی پێشوەختەی هەبوو کە دواتر ناخ و ناوەرۆکی ئەم بنەما و جەوهەرە لە کرداریشدا خۆی دەرخست. ناسیۆنالیزمی نوێی فارسیش لە دەسپێکدا بە هەندێ بیرۆکەی مێژوویی و فەرهەنگی دەستی پێکرد و دواتر بە کردەوە هەوڵیدا ئەم بیرۆکانە بسەلمێنێ و بەسەر گەلانی دیکەدا بیانسەپێنێ. بەڵام ناسیۆنالیزمی نوێی تورکی زیاتر بە کردار دەستی پێکرد تا بە و دواتر ڕەهەندی ئەم کردارانەی گۆڕی بۆ لایەنی ڕۆحی و فەرهەنگی. ئەگەر دەقیقتر بڵێین، بۆ وێنە ناسیۆنالیزمی نوێی فارسی سەرەتا لەسەر بنەمای وەکوو ئەدەبیات، مێژووی دەستکرد و بیرۆکەی نەژادی باڵا خۆی بنیاد نا و دواتر هەوڵیدا ئەم تێگینانە بسەلمێنێ و بە زۆر بەسەر گەلانی دیکەدا

بیانچەسپێنێ، کەچی ناسیۆنالیزمی نوێی تورکی لە ڕەوتێکی پێچەوانەدا لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی وڵاتی دەستکردی تورکیا و لە میانەی ئەو توندوتیژییانەی کە لەم ڕێگایەدا بەکاری هێنان گەشە و تەشەنەی کرد.

تورکەکان لە ڕووی کردارییەوە بە قڕکردنی کەمینەکانی دەرەوەی ئایینی ئیسلام و بەتایبەت ئەرمەنەکان دەستیان پێکرد و هەر زوو توانییان ئەم کەمینانە تا ئاستی نەبوون لەو وڵاتە نوێیەدا لاواز بکەن و دواتر ئاراستەی پەیکانی هەموو قڕانەکانی خۆی بەرەو کورد وەرچەرخاند. کوشتنی بەکۆمەڵی دەیان هەزار کورد لە دۆڵی زیلان دوای شۆڕشی ئاگری، کوشتنی بەکۆمەڵی کوردانی عەلەوی دێرسیم لە دوای شۆڕشی شێخ ڕەزا نموونەی بەرچاو و دیاری ئەم کۆمەڵکوژییانەن. کوشتن، بەندکردن و ڕاوەدوونانی ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ڕێبازێکی بەردەوام لەلایەن تورکەکانەوە پەیڕەو کراوە. لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا چەندین هەزار گوند لە باکووری کوردستان خاپوور کراون و بە کۆچاندنی خەڵکی کورد بەرەو شارە تورکنشینەکان هەوڵ دراوە دیمۆگرافیای کوردستان بگۆڕدرێ و هاوکات کوردانی باکووری کوردستان ئاسیمیلە بکرێن. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە بەردەوام نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد دەکرا. لە ڕووی فەرهەنگییەوە ناسیۆنالیزمی تورکی هەمیشە نکۆڵی لە هەبوونی زمانێک بە ناوی زمانی

کوردی کەردووە، کەچی لە هەمان کاتدا ئەم زمانەشی قەدەخە کردووە. وێڕای قەدەخەکردنی ناوی کوردی، گۆڕینی ناوە ڕەسەنەکانی شار و دیهات و بەگشتی جۆگرافیای کوردستان هەمیشە یەکێک بووە لە ڕێبازەکانی دەوڵەت نەتەوەی تورک. لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا لەڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە بەردەوام هەوڵ دراوە جڤاکی کوردی لە ناوەرۆکی خۆی دوور بخرێتەوە و لە هەموو هێما و ڕەگەزێکی فەرهەنگی کوردی چۆڵ بکرێ و لە بەرانبەردا پرۆسەی بە تورک کردنی منداڵانی کورد بە شێوازێکی سیستەماتیک لە ئارادا بووە.

ڕاستە کە زۆرینەی ڕەهای ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەت نەتەوەی تورکەوە ئەنجام دراون، بەڵام لە مەودای هەشتا ساڵی ڕابردوودا ڕێک وەکوو فارس و عەرەب گەلی تورکیش پشتیوانییەکی بەهێزی هەموو کردەوەیەکی ئەم دەوڵەت نەتەوەیەیان کردووە و لە هەموو کردارێکی خوەدی دەرکەوتوون.

ئەم پشتگیرییەی شەقامی تورکی لە دەوڵەت هێندە زەق و بەرچاو و ئاشکرایە کە پێویستی بە هیچ جۆرە بەڵگەیەک نییە بۆ سەلماندنی. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە هەموو ڕوانگە و کردارەکانی دەوڵەت نەتەوەی تورک نە بەرهەمی کەسانێک، گرووپێک، ڕەوتێک، پارتێک، یان دەوڵەتێکە بە تەنیا، بەڵکوو کۆبەرهەمی نەتەوەیەکە بەگشتی کە

تەنانەت ڕۆشنبیران و نوخبەکانی ئەو نەتەوەیەش پشتگیری لێدەکەن. یەکێ لە نمادیترین وێنەکانی ئەم پشتگیرییە بریتییە لەو هێرشەی کە لەلایەن هونەرمەندانی تورکەوە کرایە سەر هونەرمەندی کورد ئەحمەد کایا. لەڕاستیدا ڕۆشنبیرانی تورک نەتەنیا پاڵپشتی دەوڵەت نەتەوەی تورک بوونە، بەڵکوو تەنانەت لە هاندەرێک زیاتر هەمیشە خۆیان وەک باڵێکی بەهێزی ئەم دەوڵەتە ناساندووە. ئەڵبەتە لەم نێوەندەدا کەسانێکی دەگمەنی وەکوو ئیسمائیل بێشکچیش دەرکەوتوون کە لە دۆزی کورد پشتیوانییان کردووە کە خودی دەگمەنبوونی کەسایەتی وەها لەنێو تورکدا نیشانەیەکی بەهێزە کە دەمانگەیێنێتە ئەو ڕاستییەی کە شەقامی ڕۆشنبیری تورکیش بەشێکە لە ناسیۆنالیزی نوێی تورکی بە هەموو ڕەهەند و ئاراستەکانییەوە...

### ٣- ناسیۆنالیزمی فارس

ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە چوارچێوەی وەکوو ئومەتی ئیسلامی و لە بەرگی وەکوو ئایینی ئیسلامدا خۆی تا سەردەمی نوێی دەوڵەت نەتەوەکان هێنابێ تا دواتر لەسەر ئەم تێگین و چەمکانە دەربازی قۆناخی ناسیۆنالیزمی مودێرن بە واتا ئەمڕۆژییەکەی بێ، ئەوە ناسیۆنالیزمی فارسی بەر لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی مودێرن جگە لە ئاستە غەریزییەکەی، تەنیا لە بواری ئەدەبیدا توانیویە بژی و تا ڕۆژی ئەمڕۆ بێ تا سەرئەنجام ئەم ناسیۆنالیزمە بە هاتنە ئارای پاشایەتی پەهلەوی پێی نایە قۆناخی نوێی ناسیۆنالیزمەوە. لەڕاستیدا سەرەتا و دەسپێکی ناسیۆنالیزمی نوێی فارسی لەنێو دێڕە کۆنەکانی ئەدەبی فارسی و لەسەر وێرانەکانی مێژوویەکی دەستکرد سەریهەڵدا و تەشەنەی کرد، بەڵام لە درێژەی ئەم تەشەنەکردنەدا هێدی هێدی ئاراستە و ڕەهەندی دیکەشی وەرگرت و پاشخوانی دیکەی بۆ خۆی دۆزییەوە. هەر لە دەسپێکدا بە شێوەیەکی زیرەکانە خۆی لەژێر پۆششی وشە و چەمکی "ئێران"دا حەشاردا و بە ڕووکەشی ئێرانیبوونەوە تا ڕادەیەکی زۆر توانی هەنگاو و بەرنامەکانی خۆی لە چاو گەلانی دیکەی ئەم جۆگرافیا سیاسییە نوێیە بدزێتەوە. بە واتایەکی دی، ڕێک بە هەمان شێوە کە عەرەب ناسیۆنالیزمی خۆی لەژێر چەمکی "ئومەتی ئیسلامی"دا شاردەوە و لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری هێنا، ناسیۆنالیزمی فارسیش چەمکی "ئێران و ئێرانی" بە

هەمان ڕێکوپێکی لەپێناو گەشە و تەشەنەی خۆیدا بەکار بەست. ئەڵبەتە دواتر ئەم ڕەوتە هێدی هێدی پێچەوانە کرایەوە و ئێران بە فەرهەنگی فارسی ڕەنگڕێژ کرا و تا ڕادەیەکی زۆر فارس و ئێرانی هەمواتا کران. بە واتایەکی دی، کیانی جۆگرافی سیاسی ئێران کرایە داڵدە و مەکۆی ناسیۆنالیزمی فارسی و لە بەرانبەردا ئەم کیانەش بە تەواوی ڕەنگ و بۆنی فارسی بە بەردا کرا و ڕێگای ئەمەش بریتی بوو لە دروستکردنی مێژوویەکی دەستکردی ساختە.

ساتەوەختی دروستبوونی پاشایەتی پەهلەوی دەسپێک و سەرەتا و بنگەهی ئەم دیرۆکە دەستکردەیە کە لە چەندین ڕەوت و بواری جیاوازدا بە شێوەی هاوتەریب دەستیان پێکرد. گرنگترینی ئەم بوارانە هەتاکوو ئێستاش بریتین لە نەژاد و فەرهەنگی ئاریایی، دەوڵەتی هەخامەنشی و هەر وەها ئیسلامی شیعی. لە ئێرانی سەردەمی پەهلەویدا چەمکی "ئاریایی" بە هەمان ئەو واتایەی کە پێشتر ئاڵمانییەکان دایانهێنابوو و بانگەشەیان بۆ کردبوو ڕاستەوخۆ دەربازی ئێران کرا. ئەو مانایەش بریتی بوو لە نەژادی بەرتر، ڕەسەن، خانەدان، باڵا و نەجیب کە هەتاکوو ئێستاش لە وشەنامە گەورەکانی زمانی فارسیدا وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەمجۆرە پێناسەکردنەی خود وەک نەژاد ڕەسەن و باڵا یەکەمین هەنگاو و هەوێنی ناسیۆنالیزمی نوێی فارسییە. ئەم ناسیۆنالیزمە نوێیە بە هەنگاوی وەک گۆڕینی نازناوی بنەماڵەی پاشایەتی بۆ پەهلەوی(پەهلە،

پاڵە، پەهلەوی، پاڵەوی و... هتد لە بنەڕەتدا کوردین و وەک زۆر شتی دیکەی کوردی دزراون)، هەڵدانەوەی گۆڕێکی گوماناوی و تاپۆکردنی بەناوی کۆرش، بەرجەستەکردن و دەستنیشانکردنی ئیمپەراتۆرییەتی هەخامەنشی وەک دەسپێکی مێژووی ئێران و پاشان پەیوەستکردنی هەردوو پاشایەتی پەهلەوی و هەخامەنشی بە یەکترەوە، توانی مێژوویەکی دەستکرد لە فەرمانڕەوایی و شارستانییەتێکی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە لەنێو مێشکی جڤاکی فارسی و تا ڕادەیەکی زۆر نەتەوەکانی دیکەی نێو جۆگرافیای ئێرانیشدا بچەسپێنێ و بسەلمێنێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆ کە مەڵبەند و لانکەی ناسیۆنالیزمی نوێی فارسییە، لە پانتاییەکی ڕەهای ئەم دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەدا لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەکانی دەرەوەی فارس وەکوو کورد، عەرەب، تورک و... هتد بووە و زۆربەی فەرمانڕەوایانی ئەم وڵاتە وەکوو ئەسکەندەر، خەلیفەکانی ئەمەوی، خەلافەتی عەباسی، چەنگیزخان و بنەماڵەکەی، تەیمووری لەنگ، سەفەوییەکان و... هتد، سەر بە نەتەوەکانی دەرەوەی نەتەوەی فارس بوونە.

یەکێکی تر لە کۆڵەکەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی فارسی بریتییە لە شیعەگەری. ناسیۆنالیزمی فارسی هاوشانی لەبەرکردنی مێژوویەکی دەستکرد، هاوکات و هاوتەریب بەرگێکی ئایینیش بە باڵای خۆیدا دەکا و لە زۆر لاوە مەزهەبی شیعە وەک قەڵخانێک بۆ خۆی بەکار دێنێ. ئەم

ناسیۆنالیزمە لە ڕێگەی شیعەوە پیرۆزییەکی ئایینی لەبەر دەکا و لەم بوارەدا خۆی تا ئاستی بزاڤی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرز دەکاتەوە و هاوکات بەم ئایینە دەیەوێ خۆی لەژێر هەیمەنەی دیرۆکی و سێبەری سەدان ساڵەی فەرهەنگی عەرەبی کە بە ئاشکرا ڕواڵەتێکی سونەی هەیە ڕزگار بکا و لەم ڕوویەوە وەک ڕکابەرێکی سەرەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەکە خۆی دەردەخا. فارس لە سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێدا لە ڕێگەی ناوگەلی وەکوو کۆرش، داریۆش، هەخامەنش، تەختی جەمشید و... هتد، چقاس توانیویەتی مێژوویەک لە شکۆی ساختە و فشە دروست بکا، بە هەمان ڕادەش لە ڕێگەی پێناسە و داناسینی خۆی وەکوو میراتگری ڕەوتی ئیمامەت و شیعەگەری ئیسلامی، توانیویە خۆی وەک نەتەوەیەکی ستەمدیدە، بەشخوراو و هاوکات مافدار بنوێنێ و ئەم تێڕوانینەی تا ئاستی ڕقەبەرییەکی هەزار ساڵە دژ بە گەلانی دیکە و بەتایبەت نەتەوەی عەرەب درێژ بکاتەوە.

بەگشتی لە قۆناخی نوێی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەم گەلەی تا ئاستی نەتەوەیەکی ئاسمانی بەرز و بەرتر و پیرۆزتر لەوانی دیکە زانیبێ، ئەوە بێگومان پێناسەی ناسیۆنالیزمی فارسی لە نەتەوەی فارس بریتی بووە لە داناسینێکی خۆشەیدا و نارسیستی. لەم داناسینەدا فارس بریتییە لە نەتەوەیەکی نەجیب بە شکۆیەکی هەزاران ساڵەوە، سەرکێش و جڵەوداری شارستانی

و له هه‌مان کاتدا سته‌مدیده و به‌شخوراو که ده‌یه‌وێ دوباره دیسانه‌وه هه‌ستێته سه‌رپێ و بگه‌ڕێته‌وه شکۆ و ڕێزه‌که‌ی هه‌زاران ساڵ له‌مه‌و پێشی خۆی. ئه‌م ناسیۆنالیزمه له‌باری ده‌روونییه‌وه به‌رهه‌ڤ و ئاماده کراوه به ڕۆحێکی خۆپه‌رست و فشه‌که‌ر، به‌دگومان، ڕق ئه‌ستوور و دژمن تراش له‌مه‌ڕ نه‌ته‌وه‌کانی دیکه و به‌تایبه‌تی گه‌لانی هاوسێی. له هه‌مان کاتدا ئه‌م ڕۆحه به‌رده‌وام به پۆششێک له ته‌قیه و چه‌واشه‌کاری و به قۆرخکردنی بزاوتی وه‌ک ڕووداوی که‌ربه‌لا و له‌ڕێگه‌ی شوبهاندنی خۆی به حوسێنی کوڕی عه‌لی و... پاشخوانی له‌م شێوه‌یه، هه‌میشه خۆی به مافدار ده‌نوێنێ. ناسیۆنالیزمی فارس به‌گشتی ئه‌و توانای ئه‌وه‌ی تێدایه که ته‌نانه‌ت له کاتی هێرشکردندا وه‌ک ئاشتیخواز، له کاتی تووڕه‌ییدا هێمن، له کاتی سته‌مکردندا وه‌ک سته‌مدیده، هێمن و ئاشتیخواز ده‌نوێنێ... .

ئه‌گه‌ر بێینه سه‌ر لایه‌نه کردارییه‌کانی ناسیۆنالیزمی فارسی، به هه‌مان ئاسانی که کرده‌وه‌کانی ناسیۆنالیزمی عه‌ره‌بی به‌رده‌ست و به‌رچاون، کرداری ئه‌م ناسیۆنالیزمه‌ش له به‌رده‌ستدان. له‌ڕاستیدا ده‌توانین بڵێین که مێژووی سه‌رهه‌ڵدانی ناسیۆنالیزمی فارسی مێژووی سه‌رکوتکردن و په‌راوێزخستن و شاردنه‌وه‌ی شووناسه نه‌ته‌وییه‌کانی دیکه‌یه له‌م ناوچه‌یه‌دا. لێره‌دا ته‌نیا چه‌ند نموونه‌یه‌ک له هه‌ڵسوکه‌وتی ناسیۆنالیزمی فارس سه‌باره‌ت به کورد دێنینه‌وه. وه‌ک ده‌زانرێ ده‌وڵه‌ت نه‌ته‌وه‌ی فارس

بۆ لەناوبردنی ڕێبەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی، لە زیندان و ڕاوەدوونانەوە بگرە تاکوو سێدارەدان، هەتاکوو کوشتنی بەفێڵ و تەنانەت تیرۆری ڕاستەوخۆش هەموو ڕێبازێکی تاقی کردووەتەوە. لە سەرکوتی جەماوەری ئەم ناسیۆنالیزمەشدا، لە ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و کوشتنی بەکۆمەڵەوە بگرە، تاکوو بڵاوکردنەوەی سیستەماتیکی بەرفراوانی مادەی هۆشبەر و هەتا فەرمانی قڕکردنی وەکوو جیهاد، هیچ ڕێگایەک نەماوە فارس نەیگرتبێتە بەر و کردەیەک نەماوە تاقی نەکردبێتەوە. لە هەر شوێنێکیش بۆی لوابێ دەستی داوەتە گۆڕینی دیمۆگرافیا و شێواندنی جۆگرافیای خوەزایی و فەرهەنگی کوردستان. لە نموونە بەرچاوەکانی دەسکاری دیمۆگرافی دەتوانین ئاماژە بکەین بە هاوردەکردنی ئارام و بێدەنگ و بەردەوامی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ کرماشان و هەر وەها شێواندنی تەواوەتی هاوسەنگی دیمۆگرافی لە ئورمییە لە بەرنامەیەکی بەردەوامی زیاتر لە پەنجا ساڵەدا. ناسیۆنالیزمی فارسی بە مەبەستی دابەشکردنی جۆگرافیای کوردستان و شێواندنی لەڕێگەی گۆڕینی ناوەکانەوە جگە لەوەی کە هەمان ڕێبازی تورک و عەرەبی پەیڕەو کردووە، لەم ڕێگایەدا داهێنانی چەواشەکارانەی دیکەشی نواندووە. بۆ وێنە وەک تورک و عەرەب ناوی کوردستانی قەدەخە نەکردووە، لە بەرانبەردا ئەم ناوەی لە بەشێکی گەورەی جۆگرافیای کوردستانی ژێردەستی خۆی سڕیوەتەوە و بەسەر ڕووبەرێکی بچووکدا تاپۆی کردووە و لەم ڕێگەیەوە

توانیویە دابڕانێکی جۆگرافی گەورە لە ڕۆژهەڵات دروست بکا و پەیڕەوی ئەمەش دابڕانێکی ڕۆحی لەنێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا بێنێتە ئاراوە. ئەم سیاسەتە هێندە وێرانکەر و کاریگەر بووە کە تەنانەت هەتاکوو ئێستاش زۆر کەس هەن کە تەنیا بە شاری سنە دەڵێن کوردستان!.

دەتوانین بە متمانەیەکی زۆرەوە دان بەم ڕاستییەدا بنێین کە ناسیۆنالیزمی فارس بەراورد بە هاوتا عەرەبییەکەی خۆی و بەتایبەت بەراورد بە شێوازە عێراقییەکەی، زیاتر گرنگی بە ڕێبازگەلێک داوە بەڕواڵەت نەرمتر و بە کردار وێرانگەرتر و کاریگەرتر کە ئەویش بریتییە لە بواری فەرهەنگی. دەوڵەت نەتەوەی فارس هەر لە سەرەتاوە لەسەر سیستەمی پەروەردە ڕاوەستەی کردووە و زۆر وەستایانە و ژێربەژێر لەڕێگەی ئەم سیستەمەوە قۆڵی لە نابوودکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت کورد هەڵکردووە. بە پێچەوانەی دەوڵەت نەتەوەی تورک کە هەمیشە سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی لەڕێگەی یاسای ڕووت و ئاشکرای دەوڵەتییەوە پەیڕەو کردووە، دەوڵەت نەتەوەی فارس وەک نوێنەری ناسیۆنالیزمی فارسی بەشێکی زۆری سڕینەوە و قڕانە فەرهەنگییەکانی خۆی لەمەڕ نەتەوەکانی دیکە لە بێدەنگییەکی تەقیەکراو و بەبێ یاسایەکی ئاشکرای دەوڵەتی بەڕێوە بردووە. بۆ وێنە لە ئێراندا تاکوو ئێستاش نەتەنیا یاسایەک بۆ قەدەخەکردنی زمانی نەتەوە نافارسەکان بوونی نییە، بەڵکوو تەنانەت بە

یاساش دان بە هەبوونی ئەوانەدا نراوە، بەڵام هیچیان جێبەجێ نەکراوە و بە پێچەوانەوە لە کردەوەدا بەرۆواژی ئەوانە پەیڕەو کراون و ئەنجامی ئەم سیاسەتە قڕانێکی فەرهەنگی تۆکمە و هەمەلایەنەی نەتەوەکانی دیکەی بەرهەم هێناوە. لە میناکێکی دیکەدا، لە وڵاتی دەستکردی ئێراندا ئالفابێی کوردی و ناوی کوردی بە یاسا قەدەخە نییە، کەچی لە ناولێنانی زارۆکدا بەهۆی نەبوونی هەندێ ئالفابێی کوردی لەنێو نووسینی فارسیدا زۆر ناوی کوردی بە شێوەیەکی خودکار قەدەخە دەبن و بزر دەکرێن... .

دیسانەوە پێمان وا نەبێ کە ئەم تێڕوانین و هەڵسوکەوتەی فارس سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت کورد کە بەشێکمان لە سەرەوە باس کرد، تەنیا تایبەتن بە دیکتاتۆرێ، تاقمێ، دەوڵەتێ، یان تەنانەت بەشێکی دیاریکراو و سنوورداری کۆمەڵگەی فارسی. بە پێچەوانەوە هەر وەک سەبارەت بە تورک و عەرەبیش ئاماژەمان پێدا، گەلێ ڕاسەڵەی سەلمێنەری بەهێز هەن کە دەیسەلمێنن ئەمانە تێڕوانینی گشتی نەتەوەی فارس و دەسکەوت و بەرهەمی ناسیۆنالیزمی نوێی فارسین بەگشتی. بە درێژایی زیاتر لە هەشتا ساڵی ڕابردوو دەوڵەتی ناوەندی چۆن و کەی لە هەمبەر نەتەوە نافارسەکان و بەتاییت کورد کامە توندوتیژی بەکار هێنابێ، تەنانەت یەکجاریش ڕووبەڕووی ڕەخنەی فەزای گشتی کۆمەڵگی فارس نەبووەتەوە و ڕێک بە پێچەوانەوە هەمیشە پشتیوانی ئەم جڤاکەی لە پشت بووە. تەنانەت لەمە خراپتریش

ڕوویداوە و خودی جڤاکی فارسی هاندەر و پاڵپشتی سەرەکی بەرنامەکانی دەوڵەتی ناوەندی بووە. بۆ وێنە لە کارەساتی فەرمانی جیهادی خومەینی و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا لە زۆر شاری گەورە و بچووکی فارسەوە هەزاران کەس کفنیان پۆشی و بە مەبەستی جیهاد ڕوویان کردە شارەکانی کرماشان و سنە. لە نموونەیەکی دیکەدا، بەراوردکردنی کاردانەوەی جڤاکی گشتی فارس لەمەڕ لەسێدارەدانی کەسانی کورد و فارس بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە دەمارگرژی و دژایەتی ئەم جڤاکە سەبارەت بە کورد و نەتەوەکانی دیکەش لە چی ئاستێکدایە. ناسیۆنالیزمی فارسی شیعی ئێرانی تەنانەت لە هەمبەر فارس زمانانی دەرەوەی جۆگرافیای سیاسی ئێرانیشدا هەڵگری فۆبیایەکی مەترسیدارە. بۆ وێنە ئەم ناسیۆنالیزمە لەحاڵێکدا بۆ گەورەکردنی خۆی کەسانی وەک مەولانای بە ڕەچەڵەک ئەفغانی وەک ئێرانی دێنێتە هەژمار، کەچی دەستەواژەی ئەفغانی وەک جۆرێک سووکایەتی بەکار دێنێ.

شەقامی ڕۆشنبیری فارسیش تەوفیرێکی ئەوتۆی لەگەڵ شەقامی گشتی ئەم کۆمەڵگایەدا نییە و خاوەنی هەمان تێڕوانین و هەڵسوکەوتە سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە. ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیابێ بە ئاسانی لە هەستیاری و لاگیری کوێرکوێرانەی ڕۆشنبیرانی فارس سەبارەت بە "زمانی فەرمی"، "تەواویەتی خاک" و چەمکگەلی هاوشێوە کە ڕاستەوخۆ بە نەتەوەی فارسەوە گرێدراوە بەئاگایە و دەزانێ کە چۆن

بەگژیدا دەچنەوە. بەگشتی وەک چۆن سەرهەڵدانی کەسانی وەک محەمەد جەواهیری و هادی عەلەوی لە جیهانی عەرەبیدا، یان هەڵکەوتنی کەسانی وەک ئیسمائیل بێشکچی لەنێو نەتەوەی تورکدا دەگمەن و دژوارە، لەنێو فەرهەنگی نەتەوەیی فارسیشدا ئەمجۆر ویژدانە تاک و تەرایانە لە کەسایەتی کەسانی دەگمەنی وەک ئەحمەدی شاملوودا زۆر ئەستەمتر و تەنانەت زۆر نامۆتریشە.

لە بەشی داهاتوودا لە نزیکترەوە تیشک دەخەینە سەر تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەب تا بزانین کە ڕۆحی ئەم ناسیۆنالیزمانە چەندە لەیەک دەچن و ئایا ناخی ئەمانە چقاس هاوشێوەیە و ناوەڕۆکیان چەندە هاوئاراستەیە؟....

## خاڵە هاوبەشەکانی ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەب

بەر لە دەربازبوونی ناسیۆنالیزمی نوێ بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد تاقە نەتەوەیەک بووە کە هاوکات هەم بەپێی ڕەگەزە سروشتییەکانی بەنەتەوەبوون خاوەن یەکەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو بوو و هەمیش لە مێژووی سیاسی و دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیەدا کوردستان وەک نیشتمانێکی دانپێدانراوی دیاریکراو سەلمێنرابوو. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناسیۆنالیزمی نوێ هەر لە سەرەتاوە هەتا دوا ڕادە بە چەواشەکراوی هاوردەی ئەم ناوچەیە کرا. لەڕاستیدا لەم ناوچەیەدا ناسیۆنالیزم هەم وەکوو چەمک و هەم وەک دیاردە لە جیاتی ئەوەی هەڵقوڵاوی ڕەگەزە سروشتییەکانی بەنەتەوەبوون بێ، زیاتر ئالوودەی بوونەوەری "دەوڵەت" و "وڵات" لەدایک بوو. لە دوای هاتنی ناسیۆنالیزمی نوێ بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە کوردیان بە سەردا دابەش کرا، نەتەوە و نەتەوەبوون لەلایەن گەلانی تورک و فارس و عەرەبەوە بە شێوازێکی تۆخ و ڕەها بەسترایەوە بەو سنوور و جۆگرافیا سیاسییە دەستکردانەی کە بەناوی وڵات وەک قەوارەیەکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت نەتەوەکانی ئەوان دامەزران. لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر هەندێکی کەم لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە نەتەوە سەردەستەکان لەم سنوورە دەستکردانەدا پێشیان خستووە و هەتا

ئێستاش بانگەشەی بۆ دەکەن و بەرگری لێدەکەن. بەشێکی ئەم خاڵە هاوبەشانە بریتین لە:

١- وەک لە سەرەوە هێمام پێکرد ئەم نەتەوانە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە خۆیان بە توندی بەو دەوڵەت و وڵاتەوە گرێ دەدەن کە دەستیان کەوتووە و خۆیان بە خاوەنی دەناسێنن. هەر بۆیە بەنەتەوەبوونی خۆیان بە شێوازێکی ڕەها لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا قەتیس کردووەتەوە و زۆرجار ئەندازەیەکی گەورە لە ڕەگەزە خوەزاییەکانی بەنەتەوەبوون و ناسیۆنالیزم لە خۆیان ڕادەماڵن. لە ئەنجامدا لە ڕووی نەتەوایەتییەوە هەمیشە ناسیۆنالیزمێکی سەقەت و ناتەواو دەژین کە تەنیا لە سنووری دەوڵەت نەتەوەکانیاندا پەنگ دەخواتەوە. لە نموونەکانی خوارەوە دەتوانین بگەین بە وێنایەکی ڕاستەقینە لە ناوەڕۆکی تێڕوانینەکانی ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە ناچڵ و ناتەواوە. قەزافی سەرۆکی پێشووی لیبیا لە قسەیەکی بەناوبانگی خۆیدا دەڵێ ئێمە پێش عەرەب بوون ئافریقاییین. ئەم گوتەیە چقاس نمادین بێ، بە هەمان ئەندازەش گوزارەیەکی بەهێزە لەوەی کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمێکی شەقکراوی بە سنوور دابەشکراوە کە چیدی کرۆک و ناخی خۆی بە تەواوەتی لە ڕەگەزە سروشتییەکانی وەکوو زمان و فەرهەنگی هاوبەشی عەرەبی وەرناگرێ و ئیتر ناسیۆنالیزمێکی تەواو ڕاستەقینە نییە. لە ڕووی کرداریشەوە ئەم ناتەواوییە بەرچاوە. جیهانی

عەرەبی دەیان ساڵە وەک شوانێک مەڕی خۆی بەدەم گورگەوە دیبێ بە کردەوە دەستی لە مافەکانی خەڵکی فەلەستینی هەڵگرتووە و لەڕاستیدا ئەو پارچەیە لە نەتەوەی عەرەبی کردووەتە قوربانی ئەو ناسیۆنالیزمە دەستکردە ناتەواوانەی چوارچێوەی دەوڵەتانی عەرەبی. نموونەیەکی تر چاوپۆشیکردن و خۆ گێلکردنی عەرەبە لە پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی عەرەبی ئەحواز لەلایەن دەوڵەت نەتەوەی فارسەوە. دەتوانین وەک میناکێکی دیکە ئاماژە بە سووریای بەناو عەرەبی بکەین کە لە شەڕی ئێران و عێراقدا بە پشتیوانی لە ناسیۆنالیزمی فارس دژ بە عەرەب پشتی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی کرد.

ئەم ڕەوتە لە ناسیۆنالیزمی تورکیشدا بە ئاشکرا دیارە. وەک دەزانرێ ناسیۆنالیزمی تورکی لەنێو سنوورەکانی تورکیادا تەنانەت بە تیپێک یان پەیڤێکی ساکاری زمانی کوردی هەڵدەچێ و بە مەترسی لەسەر زمان و فەرهەنگی تورکی دەیزانێ. بەڵام هەر ئەم ناسیۆنالیزمە وەک ئەوەی هیچی نەدیبێ لە توندترین پێشێلکارییەکان لەمەڕ فەرهەنگی تورکانی ئازەری لەلایەن فارسەوە بە شێوازێک خۆی گێل دەکا چما قەت یەکتر ناناسن و لە یەک نەتەوەش نین. ڕەفتاری دەوڵەت و گەلی تورک سەبارەت بە تورکمانەکانی عێراقیش تا کەوتنی سەدام بۆ دەیان ساڵ هەر بەم شێوازە بەردەوام بووە. لەڕاستیدا خۆ دزینەوە لە هاوسۆزی نەتەوایەتی و خۆ بواردنی ناسیۆنالیزمی تورکی لەو ستەمە نەتەوییەی کە لە چەند

ساڵی ڕابردوودا لەلایەن چینەوە سەبارەت بە تورکانی ئۆیغۆر کراوە ڕێک بە هەمان لاوازی هەڵوێستەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە بووە کە پێشتر سەبارەت بە بنپێکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی تورکانی سۆڤیەتی پێشوو نواندوویەتی. هەر ئەمە نیشان دەدا کە ئەم ناسیۆنالیزمە زۆر بە توخی بەندی سنوورەکای وڵاتی تورکیایە.

هەرچی ناسیۆنالیزمی فارسی ئێرانیشە بە تەواوی لە خزمە هەرە نزیکەکانی، واتە تاجیک و ئەفغانی خۆی جیا کردووەتەوە. ناسیۆنالیزمی فارسی ئێرانی تەنانەت زۆر بە سووکی لە هاونەتەوە ئەفغانەکانی خۆی دەڕوانێ و بە هەموو شێوازێک سووکایەتییان پێدەکا. ئەمە لەحاڵێکدایە کە زۆرجار لە باری فەرهەنگییەوە خۆی بە کەسانی وەکوو مەولەوی بەڵخی، سەنایی غەزنەوی و... دەیان شانازی ئەدەبی و زانستی دیکەی ئەفغانیدا هەڵدەواسێ و لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بە لووتبەرزی پۆزیان پێوە دەدا. ناسیۆنالیزمی فارسی ئێرانی هەمیشە لەژێر پۆششی ناوی ئێراندا هەموو شانازییە گەورەکانی ئەدەب و زانستی ئەفغانی بە ئێرانی لە قەڵەم دەدا و دەیکا بە هی خۆی. کەچی تاکوو ئێستا ئامادە نییە تەنانەت بە یەک کەسیش لەو چەندین ملیۆن ئەفغانییەی کە چەندین دەیەیە ئاوارەی ئێرانن تەنانەت ناسنامەیەکی وڵاتیبوون پێشکەش بکا. ئەم خۆ نامۆکردنە لەگەڵ ئەفعانەکان تەنیا تایبەت بە دەوڵەت نییە و هەڵوێستی ڕۆژانەی خەڵکی فارسیشە. لەڕاستیدا لەنێو

شەقامی ئاسایی خەڵکی فارسدا پەیڤی "ئەفغانی" جۆرێکە لە جنێو و سووکایەتی پێکردن... .

ئەڵبەتە لە بیرمان نەچێ کە ناسیۆنالیزمی قەتیسماوی نێو سنوور و گرێدراوی دەوڵەت نەتەوەی ئەم وڵاتانە(بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی و تورکیا) جاربەجاریش هەوڵدەدا سنووری جۆگرافیا سیاسییەکان دەرباز بکا و ئەگەر بە ڕواڵەتیش بووبێ وەها نیشان بدا کە هاونەتەویبوون لە سەرووی سنوورەکان و لە دەرەوەی دەوڵەتانەوەیە. بۆ وێنە بینراوە کە دەوڵەتی عێراقی لەسەر فەلەستین و دەوڵەتی تورکی لەسەر تورکانی قوبرس هاتوونەتە دەنگ، یان خەڵکی عەرەبی سووریا لەپێناو دۆزی فەلەستین و تورکانی ئێرانی لە پشتیوانی تورکانی وڵاتی ئازەربایجان ڕێپێوانیان کردووە. بەڵام ئەم هەڵوێستانە بەراورد بەو ناسیۆنالیزمە تۆخەی ناوەوەی سنوورەکان هێندە بەسنوور و بچووکن کە ناتوانین نەڵێین ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان تا سەر ئێسقان زادەی سنووری وڵاتە دەستکردەکان و تا بینەقاقا نوقمی هەمان ئەو سنوورانەن.

٢- بەشێکی زۆر لە ناسنامەی نەتەوەیی ئەم گەلانە کە دەوڵەت و وڵاتێکیان بە ناوی خۆیانەوە تاپۆ کردووە لەڕاستیدا لەڕێگەی چەواشەکردنی مێژوو، قۆرخکردن و تاپۆکردنی لەسەر خۆیان بەرهەم

هاتووە. بە واتایەکی دەقیقتر، ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەب لە یەک سەدەی ڕابردوودا بە زیرەکانەترین شێوازەکان دیرۆکیان بە کەیفی خۆیان نووسیوەتەوە و توانیویانە مێژووی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ناوی خۆیانەوە تاپۆ بکەن. وەک میناک، ناسیۆنالیزمی فارسی ئێرانی بە جۆرێک ئێران هەم وەک وڵات، هەم وەک دەسەڵات و دەوڵەت، هەمیش وەک شارستانی وێنا دەکا کە گوایە تاقە وڵات و دەوڵەت و شارستانییەک کە هەر لە بەرەبەیانی دیرۆکەوە هەبووبێ وڵات و شارستانی ئێران و زمانی فارسی بووە و باقی وڵاتان و شارستانییەکانی دیکە زۆر درەنگتر لەوان وەک ئەوەی بارانی بەهاری لێی دابن، هێدی هێدی قارچک ئاسا لەژێر زەوی سەریانهەڵداوە. ئەم ناسیۆنالیزمە بەم شێوازە خۆی دەکا بە خاوەنی ڕەسەنی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بگرە مێژووی مرۆڤایەتی و جیهانیش. ئەم ناسیۆنالیزمە لەمە زیاتریش دەڕوا و بانگەشەی ئەوە دەکا کە هەموو وڵاتانی ئەم ناوچەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێک بوونە لە خاکی ئێران و لەژێر فەرمانڕەوایی شارستانی ئێرانی فارسیدا بوونە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە زۆرینەی ڕەهای دیرۆکی ئەم وڵاتە لەژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی کەسانێکی نائێرانی و نافارسی وەکوو مەکدۆنی، ساسانی، ئەمەوی، عەباسی، مەغۆل و... هتددا بووە.

ناسیۆنالیزمی تورکیش خاوەن هەمان تێڕوانینی فارسە بۆ مێژوو و هەمان تێگەیشتنی بۆ دیرۆکی خۆی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە مێژووی

ئامادەبوونی تورکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەوپەڕی دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێکی سەدەی یازدەهەمی زایینی، دیسان وێڕای ئەوەی کە تورکانی دانیشتووی تورکیای ئەمڕۆ لە سەدەکانی دواتردا و لە ئەنجامی گەشتێکی درێژی داگیرکاری و بە سەرکوتکردن، کۆچبەرکردن و قڕانکردنی گەلانی وەک کورد، ئەرمەن و یۆنانی بوونەتە ئاکنجی ئەم سەرزەمینە، کەچی ناسیۆنالیزمی تورکی نەتەنیا تورکیا بە ناوەندی ئەو وڵاتانە دەزانێ کە لە دوای هەڵوەشانی عوسمانی دامەزراون، بەڵکوو وەها ڕەفتار دەکا کە گوایە ئەم شوێنە لە ئەزەلەوە سەرزەمینی تورکیا و دایکی وڵاتانی دیکەی دەوروبەری بووە و دواتر ئەم وڵاتانە لە دایکیان جیا کراونەتەوە. لەم ڕوویەوە ناسیۆنالیزمی نوێی تورکی خۆی بە دایک و خاوەنی مێژووی ئەم ناوچەیە دەزانێ.

دیسان ناسیۆنالیزمی عەرەبیش هەڵگری هەمان تێگەیشتنی فارس و تورک، بەڵام لە سۆنگەکی دیکەوەیە. بەگشتی عەرەب بە تاپۆکردنی ناڕەوای شارستانیەتی وەک فیرعەونەکان، سۆمەرییەکان و بەگشتی شارستانی مێزۆپۆتامیا بە ناوی خۆیەوە وا بانگەشە دەکا کە شارستانی عەرەبی لانکەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بووە. لە دوای هاتنی ئیسلامیش دیسان هەر وەها لە سێبەری ئەم ئایینەدا و بە بەرجەستەکردنی پێشکەوتنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی دوای هاتنی ئیسلام، شانازی ئەم پێشکەوتنانە بە ناوی خۆیەوە گرێ دەدا و بە شێوەیەکی نارسیستی ڕەها

خۆی بە بێشکەی شارستانی ئەم ناوچەیە دەزانێ و هەردەم خۆی بە سەرقافڵەی کاروانی مرۆڤایەتی دەزانێ... .

کورت و کورمانجی هەر سێ نەتەوەی فارس، تورک و عەرەب لەم ناوچەیەدا هەریەک بە شێوازێ خۆی بە خاوەنی مێژوو و سەرکێش و جڵەوداری شارستانییەت دەزانێ و هەر بۆیە ئەم مافەش بە خۆی دەدا هەمیشە وەک سەروەر و دەمڕاستی گەلان ڕەفتار بکا و لەم ڕێگەیەشدا نەتەنیا ماف، بەڵکوو ئەرکی خۆیەتی چارەنووسی گەلانی ئەم ناوچەیە لە دەستیدا بێ.

٣- ڕێژەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و شووناسی ناسیۆنالیزمی ئەم نەتەوانە بەرهەمی تاڵانی هەموو جۆرە سامانێکی نەتەوەکانی دیکەیە. لەڕاستیدا ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە ئەو کەسایەتییەی کە نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان لە خۆیانی دەنوێنن و مەراق بخاتە سەر ئەو شووناسەی کە خۆیانی پێ پێناسە دەکەن، بە ئاشکرا بەشێکی زۆر لە شۆپی فەرهەنگ و شووناسی شارستانی نەتەوەکانی دیکەی پێوە دیار دەبینرێ. هۆکاری سەرەکی ئەم بە ئاشکرا دیاربوونەش هەمان تاڵانکردن و بە ناوی خۆ تاپۆکردنەیە. ئەم تاڵانکردنە فەرهەنگییە لەلایەن هەرسێ نەتەوەی فارس، تورک و عەرەبەوە تاکوو ئێستا بە سێ شێوە و لە سێ ڕەهەندی جیاوازدا ئەنجام دراوە و ئەنجام دەدرێ.

لە یەکەم هەنگاودا هەموویان لە چوارچێوەی هەوڵەکانی قۆرخکردنی مێژوو بۆ دروستکردنی ئەو ناسنامە و فیگۆرە ساختەیەی کە لە بەشی سەرەوە ئاماژەم پێکرد، تا ئەو شوێنەی دەستیان ڕۆیشتبێ و بۆیان لوابێ هەموو بوونەوەرێکی مێژوویی و فەرهەنگی ئەم ناوچەیەیان بە ناوی خۆیانەوە کردووە و لەڕێگەی چەواشەکردنەوە بەشێکی زۆر فراوان لە سامانی فەرهەنگی و دیرۆکی ناوچەکەیان بە تەواوەتی کردووە بە موڵکی خۆیان. ئەم قۆرخکردنە چەواشەکارانەیە هەموو جۆرە بوونەوەرێکی مێژوویی و فەرهەنگی وەک کەسایەتییەکان، ڕووداوەکان، ئاسەوارەکان و... هتد دەگرێتەوە. پێویستە ئەم ئاماژەیەش بدەم کە ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی گشتگیرە و لەلایەن هەموو ئەندامێکی ئەم نەتەوانەوە پەیڕەو دەکرێ و ئەنجامی هەمان فەرهەنگی قۆرخکردن و پاوانخوازییە کە لەنێویاندا هاوبەشە. بۆ وێنە زێهنییەتی پاوانخوازی ئەو مامۆستایەی مێژوو کە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە تورک تەنیا هەزار ساڵە پێی ناوەتە ئەم ناوچەیە دەڵێ "ئیبراهیمی پەیامبەر خەڵکی ئورفایە و کە وابوو تورکە"، هەمان ئەو زێهنییەتە قۆرخکارەیە کە فەرهەنگێکی وشەی فارسی بەبێ ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشەی زمانەوانی واژەکە بکۆڵێتەوە، بە ڕستەی "تەختەنەرد یارییەکی کۆنی ئێرانییە" لە پۆششی واژەی ئێراندا دەیکا بە موڵکی فارس. کەسایەتی پشت ئەم زێهنییەتە قۆرخکار و پاوانخوازە لە شەو و ڕۆژێکدا ناوی سەرکێلی مەزاری ژنێک دەگۆڕێ بۆ

ناوی کۆرش و مێژوویەکی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەی فارسی پێ ساز دەکا. یان بە داناسینی بلیمەتی گەلانی دیکە وەک زانای موسلمان، لەژێر پۆششی ناوی ئیسلامدا لەچاو خەڵکانی دی دەیکا بە موڵکی فەرهەنگی عەرەبی. بۆ وێنە لە هەمان کاتدا کە فارس هەوڵدەدا بەناوی ئێرانیبوونەوە شێخ شەهابەدینی سوورەبەردی سەر بە فەرهەنگی فارسی نیشان بدرێ، عەرەبیش تێدەکۆشێ بەناوی ئیسلامییەتەوە وەک کەسایەتییەکی عەرەبی وێنا بکرێ و بناسێنرێ. میناکێکی دیکە کە پێشتریش ئاماژەم پێدا نموونەی مەولانای بەڵخییە کە ڕیشە و ڕەتەوە ئەفغانییەکەی بەناوەکەیەوە دیارە، کەچی تورک بەناوی تورکیا(تورک بوون) بە لایەکدا و فارسیش بەناوی ئێران(فارس بوون) بە لایەکی دیکەدا هەرکامە و بۆ خۆیان ڕایدەکێشن. نموونەیەکی زەقی دیکە کە تەنانەت خەڵکانی ئاساییش دەتوانن هەستی پێ بکەن و بە ئاسانی بیبینن بریتییە لەو تاڵانە گەورە و هەمەلایەنەی مۆسیقای کوردی لەلایەن تورک و فارسەوە. دەیان ساڵە دزینی میلۆدی کوردی و تاپۆکردنی لەسەر خۆ بووەتە یەکێ لە ڕێگا و ڕێبازە هەرە باوەکانی جیهانی هونەری فارسی و تورکی. ئەم میناکانە هەر لە کەسایەتییە دیرۆکییەکانەوە بکرە تا زانایانی بواری زانست، تاکوو بلیمەتانی فەرهەنگی، تا شوێنەوار و ئاسەوارەکان، هەتا ڕەچەڵەکی بنەماڵە پاشایەتییەکان و تەنانەت هەتاکوو ڕیشەی

واژەکان و زۆر شتی دیکە دەگرێتەوە کە لێرەدا کۆتایی پێ دێنین و زیاتر لەسەری ناڕۆین.

ئەڵبەتە ئەم ناسیۆنالیزمە چاوبرسی و چاوچنۆکانە سفرەیەک بەشی خۆیانی تێدا نەبێ کوێری دەکەنەوە و ئەگەر نەتوانن لە هەنگاوی یەکەمدا بە تەواوی ببنە خاوەنی شتێک و بۆیان قۆرخ نەکرێ، ئێنجا لە هەنگاوی دووەمدا بە شێوازێکی چاوسوورانە هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی دەدەن. ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیابێ دەتوانێ بە ئاسانی پرۆسەی پشتگوێ خستنی بەمەبەستی لەناوبردنی شوێنەوارە دیرۆکییەکان و بەتایبەت ئاسەوارەکانی سەردەمی ساسانی بە چاوی خۆی ببینێ. دەیان ساڵە بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو شوێنەوارەکان دەپشکنرێن و تێکدەدرێن و هەزاران هەزار پارچەی دیرۆکی لەم شوێنەوارانە بە مەبەستی شوێن بزرکردنی مێژوویان دەدزرێن. ژێرئاو خستنی حەسکیف وەکوو یەکێ لە یەکەمین شوێنەوارەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە بیانووی دروستکردنی بەنداو و دابینکردنی کارەبا نموونەیەکی بەرچاوی دیکەیە. ئەم خەسڵەتی سڕینەوەیە تەنیا شوێنەوارەکان ناگرێتەوە و لە هەموو بوارێکی دیکەشدا هەمیشە لەلایەن ناسیۆنالیزمی ئەم نەتەوانەوە پەیڕەو کراوە. بێگومان قەدەخەکردنی فەرمی و نافەرمی زمان و ئەدەبی نەتەوەکانی نافارس لە ئێران، ناتورک لە تورکیا و ناعەرەب

لە عێراق و سووریاش لە چوارچێوەی هەمان خەسڵەتدا ئەنجام دەدرێ. قەدەخەکردنی ناوی ناسنامە، لەناوبردن و گۆڕینی ناوی شوێنەوارەکانیش هەر لەم چوارچێوەدایە. ئەم هەستیاری و بەدبینییە سەبارەت بە ئەوانی دەرەوەی خود زۆر بە ڕووتی لە فەرهەنگ و لەسەر شەقامی ئاسایی ئەم نەتەوانەشدا دەبینرێ و تەنیا تایبەت نییە بە دەوڵەتەکانەوە. ئەم خەسڵەتی سڕینەوەیە ڕەهەندێکی دیکەشی هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین. ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەب هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی کە تەماحێکی گەورەی هەیە بۆ سڕینەوەی دەرەوەی خۆی، خولیایەکی گەورەتریشی هەیە بۆ خۆ فشکردن و خۆ گەورە نیشاندان. بۆ وێنە لەحاڵێکدا هەرسێکیان بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە دەدەنەوە، تورک پێی وایە تورکی یەکەم زمانە لە سەرزەمین مرۆڤ پێی ئاخاوتبێ، فارس زمانەکەی بە زمانێکی باستانی و کەوناره دەزانێ و عەرەبیش وا دەزانێ زمانەکەی زمانی خودا و هەر دوو جیهانیشه... .

دواجار ئەگەر ناسیۆنالیزمی فارس، تورک یان عەرەب نەیتوانی بە تەواوی ببێتە خاوەنی شتێک یان بۆی نەلوا بە تەواوی بیسڕێتەوە، لە هەنگاوی سێیەمدا لەو شتەدا لەگەڵ خاوەنە ڕەسەنەکانیدا خۆی دەکا بە شەریک و هاوبەش. بۆ وێنە لەحاڵێکدا کە ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرای فارس یەکێکە لە ئاستەنگە هەرە توندەکانی فەرهەنگ و هونەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان، بەڵام لە دوای هەموو سەرکەوتنێکی هونەری و فەرهەنگی لە بواری وەک هەڵپەڕکێی کوردی، جلوبەرگی کوردی یان مۆسیقای کوردی لە پێشبڕکێ جیهانییەکاندا، ئەم ناسیۆنالیزمە بەناوی ئێران و بە دروشمی وەک "جلوبەگی ئێرانی بوو بە یەکەم"، "هەڵپەڕکێی ئێرانی پلەی یەکەمی هێنا" و... هتد، خۆی دەکا بە برای بەش نەکردوو و دەبێتە خاوەن بەشێکی ئەم شانازییە. لە هەموو ئەم وڵاتانەدا زۆرجار دەبینرێ کەسانێک سەر بە نەتەوەکانی ژێردەست بەهۆی ستەمی ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەبەوە ئاوارەی وڵاتان دەبن و دواتر کە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنن، هەمان ئەم ناسیۆنالیزمانە لە هەواڵ و بۆنەی جۆراوجۆردا وەک شانازییەکی ئێرانی، تورکی، عێراقی یان سووری باسی دەکەن و خۆیانی پێ هەڵدەکێشن. دەتوانین میناکی دیکەی ئەمجۆرە هەڵسوکەوتە لە نموونەی گەورەتری "جەژنی نەورۆز"دا ببینین. لە هیچکەسێ شاراوە نییە کە نەورۆز وەک جەژنێکی کۆن هیچ پەیوەندی بە تورک و عەرەبەوە نییە و تەنانەت خۆیانیش هیچوەخت بە بەشێک لە فەرهەنگی خۆیان نەیانزانیوە و هەمیشە هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردن و قەدەخەکردنیان داوە. هەرچی نەتەوەی فارسیشە، ئەگەرچی نەورۆزی وەک نەریت و فەرهەنگێکی هاوبەش زانیوە، بەڵام هەمیشە هەوڵیداوە مانایەکی جیاواز لەوەی کورد بە نەورۆز ببەخشی و ناوەڕۆکێکی جوداتر لەوەی کوردی پێ بدا. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە فارسیش هەمیشە

هەوڵیداوە نەورۆزی کوردی بسڕێتەوە و پەراوێزی بخا. بەڵام لەم ئاخرانەدا دوای ئەوەی نەورۆز بەشێوازێک لەنێو کورد و بەتایبەت لە باکووردا بەرجەستە کرایەوە کە ئەم ناسیۆنالیزمانە مەترسی ئەوەیان لێ نیشت کە نەکا نەورۆز وەک جەژنێکی تەواو کوردی لە ئاستی جیهاندا بناسرێتەوە، لە پێشنیارێکی بەکۆمەڵدا داوای ئەوەیان کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان نەورۆز وەک نەریتێکی هاوبەشی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پەسەند بکا و بەم شێوەیە گەلانێک بوون بە خاوەنی نەورۆز کە هیچکاتێ هیچ پەیوەندییان لەگەڵیدا نەبووە... .

بەکورتی ئەمە ئەو هەڵسوکەوت و تێڕوانینەیە کە نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب لەپێناو پڕکردنی کەلێن و گۆشەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی خۆیاندا هەمیشە و تا ئێستا سەبارەت بە هەموو سامانێکی دیرۆکی، فەرهەنگی، زانستی، مرۆیی و... هتد نواندوویانە. و باشترین ڕستەیەک بتوانێ ئەم خەسڵەتە شرۆڤە بکا پەندێکی پێشینانی کەلهۆڕییە کە دەڵێ: "سەرسیخ لە خوەم، پاسیخ لە خوەم، بەشمیش بیە، وەلدیشا خوەم".

٤- یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب بریتییە لە کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی بەمەبەستی ئایینی ئیسلام بە هەموو چەمک و تێگین و زاراوەکانییەوە. ئەڵبەتە ئەم بەکارهێنان و کەڵک وەرگرتنە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ئەو کەرستە و

ئامراز و چەمک و زاراوانە دەگرێتەوە کە دەتوانن لە ڕواڵەت یان لە ناخی خۆیاندا هەڵگری پەیامێکی نەرێنی یان دروستکەری هێزێکی نەرێنی بن. بە واتایەکی دی ئەم نەتەوانە هەمیشە زیاتر لەوەی کە لایەنە ئەرێنییەکانی ئایینی ئیسلام وەرگرن، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم ئایینەیان بەکار هێناوە.

لێرەدا دەتوانین ئاماژەیەکی کورت بە هەندێ لەو لایەنانە بکەین. وەک دەزانرێ لە ئیسلامدا ئامرازێکی وەکوو "فتوا" هەیە کە دەتوانێ ببێتە هێزێک بەدەست دەسەڵاتەوە. چەمکی وەکوو "جیهاد" و "شەهادەت" توانایەکی گەورەیان تێدایە بۆ هاندان و شۆراندنی هەر گەلێک دژ بە گەلانی دیکە. هەندی دەقی قورئان بە ئاشکرا بانگەشەی دژایەتیکردنی کافر و جوولەکە دەکەن. چەمکگەلێکی وەک "تەکفیر(بە کافر زانین)" و "ئیرتیداد(درەچوون لە دین)" لەو چەمکانەن کە مرۆڤی موسڵمان هەمیشە دەتوانێ وەک چەکێکی بەهێز دژ بە نەیارانی خۆی بەکاری بێنێ. وێڕای ئەمانەش گەلێ لە ڕستە و فەرمان و گێڕانەوەکانی قورئان بە ئاسانی دەتوانن مایەی هەندێ تێڕوانین و هەڵسوکەوتی نائەخلاقی و بنەمای فەرهەنگێکی نارەوشت. بۆ وێنە لە قورئاندا ناوزڕاندن هەیە، قورئان ئاشکرا گاڵتە و سووکایەتی بە هەندێ کەس دەکا، بە هەمان شێوە هەڕەشەش لە گەلێ کەسان دەکا. ئەمانەشیان لە ناودا، بەگشتی قورئانیش وەک هەموو دەقێکی نووسراوەی دیکە ئەو ئامادەگییەی

تێدایە کە بە ئاسانی چەواشە بکرێ و هەرکەسێک دەتوانێ لەپێناو مەبەستی دیاریکراوی خۆیدا بەکاری بێنێ. بۆ وێنە مرۆڤ دەتوانێ پاشگوتن یان پێشگوتنێک بلکێنێ بە دەقێکی قورئانەوە و بەجۆرێ چەواشەی بکا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی خۆی. یان دەتوانێ ناوی کەسێک بزرێنێ و حوکمێکی قورئانی بەسەردا بسەپێنێ. یان دەکرێ بە ئایەتێک سووکایەتێ بە خەڵکانێک بکا. یان دەتوانێ بۆ کردەوەکانی خۆی ئایەتێک بە پاساو بێنێتەوە و... هتد. لەسەر ئەمانەش دەبێ شتێکی دیکە زیاد بکەین و ئەویش، ئەو هەموو گێڕانەوە و حەدیس و ڕەوایەتانەیە کە بە لێشاو لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا هەڵبەستراون کە ئەڵبەتە ئەم دیاردەیە لە مەزهەبی شیعەدا زۆر زیاتر و بەرچاوتر دەردەکەوێ.

بهێڵن هەر لەم دێڕەی ئاخرەوە دەست پێبکەین و چەند میناکێکی بەردەست لە بواری جیاوازدا بخەینە ڕوو. یەکێ لە نموونەکانی خۆ گەورەکردن و فشەکردنی ناسیۆنالیزمی فارس بریتییە لە حەدیسی "ئەگەر زانست لە کەشکەڵانی ئاسمانیش بێ فارس پێی دەگەن" کە گوایە لە زمانی پەیامبەری ئیسلامەوە گوتراوە. فارس هەمیش بە ئاشکرا خۆیان بەم حەدیسەدا هەڵواسیوە و بە شانازییەوە دەیدەن بە لووتی نەتەوەکانیدیکەی ئێرانی ئەمڕۆدا. نموونەیەکی دیکە لە خۆ هەڵواسینی فارس بە پیرۆزی ئیسلامەوە بریتییە لە کەسایەتییەک بەناوی سەلمانی فارسی. لەحاڵێکدا ئیسلام وەک هەر شۆڕشێکی دیکەی جڤاکی سەرنجی

هەندێ کەسانی دەوروبەری خۆی بزواندووە و لە نەتەوە و لە دەڤەرەکانی دیکە کەسانێکی وەک جابانی کوردی، سوهەیبی ڕۆمی، بیلالی حەبەشی، وەیسی قەرەنی و... هتد بەرەو خۆی ڕاکێشاوە، کەچی فارس بە بەرجەستەکردنی سەلمانی فارسی و داپۆشینی ناوەکانی دیکە دەیەوێ وا نیشان بدا کە لە گەشەی ئیسلامدا بەشداری یەکەم و مافداری سەرەکییە. پێشتر ئاماژەمان پێدا کە بەگشتی ناسیۆنالیزمی عەرەب پشت ئەستوور بە ئیسلام و قورئان زمان و نیشتمانەکەی بە پیرۆز دەزانێ. ئەم پیرۆزکردنەش لەڕاستیدا دەکەوێتە چوارچێوەیەی خۆ هەڵواسین و خۆ پیرۆزکردن لەڕێگەی ئیسلامەوە. لە بەرانبەردا گەلێ حەدیس و ڕەوایەتیش هەن کە لەلایەن ئەم نەتەوانەوە بەئەنقەست و بەمەبەستی سووکایەتیکردن، نازراندن و تەکفیرکردن و بەگشتی دژایەتیکردنی گەلانی دیکە داتاشراون. بۆ وێنە بانگەشەی وەکوو "کورد بەشێکن لە جن کە خودا پەردەی لەسەر لاداون" نموونەیەکە لەم داتاشینە بەمەبەستانە. تەنانەت لەمە زیاتریش ڕۆیشتوون و لە جەعفەری سادق دەگێڕنەوە کە "لەگەڵ کوردان دامەنیشن، چۆنکە کورد بەشێکن لە جن" و بەم شێوەیە مامەڵەکردن و دانووستان لەگەڵ کورددا بە کارێکی نەشیاو و ناڕەوا دەزانن. هەروەها بانگەشە دەکەن کە "پەیامبەری ئیسلام نەفرینی لە کورد کردووە" و... هتد. ئەمانە مشتێکن لە گشتێکی زۆر گەورەتر کە دەیان و

سەدان گێڕانەوەی نەشیاو و ناشیرینی دیکە سەبارەت بە کورد، جوولەکە، کافران و... هتد لە خۆ دەگرێ.

لایەنێکی دیکەی بەکارهێنانی ئیسلام کە یارمەتییەکی لە ڕادە بەدەری داوەتە ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەردەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، خۆ شاردنەوەیە لەژێر چەتر و سێبەری ئیسلام و ئومەتی ئیسلامیدا. ئەم خۆ شاردنەوەیە لە بچووکترین هەتا گەورەترین شتەکان لە ئارادایە. لە وێنای گەورەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردنی بزاوتی مافخوازی نەتەوەیی کورد بە "دابەشکردنی ئومەتی ئیسلامی" وەک یەکێ لە بەرتەکە هەرە باوەکانی هەم دەوڵەت و هەمیش نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان. دەتوانین وێنای بچووکتری ئەم ڕێبازە لەو تۆمەتانەدا ببینین کە لەلایەن دەوڵەت نەتەوەی فارسەوە لەژێر ناوی وەک "دژایەتیکردنی خودا"، "ئاژاوەگێڕی (فەساد) لەسەر زەمین"، "سووکایەتی بە پیرۆزییەکان" و... هتد ئاراستەی تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی کوردی دەکرێ.

لە نموونەی دیکەدا، خومەینی دوای ئەوەی کوردانی خراپتر لە کافران ناودێر کرد، حوکمی جیهادی بە سەردا سەپاندن و بوو بە هۆی قڕانێکی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات. وەک پێشتریش ئاماژەی پێدراوە لەم فتوای جیهادەدا گەلێ لە خەڵکی فارس کفنیان لەبەر کرد و بە تەماحی "جیهاد"

و "غەزو" و "غەنیمەت"، یان بە تەماحی "شەهادەت" ڕوویان کردە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەمێک دواتر هەمان کردار لەلایەن عێراقی عەرەبییەوە لەژێر سێبەری سوورەتێکی دیکەی قورئاندا و بە نییەتی "ئەنفال"ی کوردان لە باشوور دوبارە کرایەوە. دواترین نموونەی ئەم ڕەوتە هاوبەشەی ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب بریتی بوو لە هێرشی داگیرکاری سوپای تورک بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان کە بەناوی سوپای موحەمەد و لەژێر ئاڵای سوورەتی فەتح و بە دڵگەرمی نزا و پاڕانەوەی خەڵکی تورک لەنێو مزگەوتەکان بەڕێوە چوو.

٥- خەسڵەتێکی زۆر گرنگی دیکەی هاوبەش لەنێو ناسیۆنالیزمی گەلانی فارس و تورک و عەرەب کە لەڕاستیدا زەمینەی زۆرێک لە هەڵسوکەوتە یەکجۆر و کردارە لێکچووەکانی ئەم گەلانەیە بریتییە لەو لێکچوونەی ئەخلاقییەی کە لەنێوانیاندا هەیە. سووکایەتی پێکردن بە یەکتری و گەلانی دیکەش شتێکی شاراوە نییە و هەر سەرنجێکی بچووک بە ئاسانی دەتوانێ هەستی پێ بکا. ڕستەگەلی وەک "تورکی کەر"، "عەرەبی پێپەتی" قسەی ڕۆژانەی شەقامی فارسین. فەرهەنگی سووکایەتی پێکردن هێندە لەنێو ئەم گەلانەدا باوە کە تەنانەو جۆگرافیا و شوێنی ژیان، داب و نەریت و ئایینیش دەتوانێ ببێتە مایەی گاڵتە پێکردن. بۆ وێنە "عەرەبی بیابانی" بە ئاشکرا لەلایەن فارسەوە بەمەبەستی گاڵتە کردن بە عەرەب بەکار دێ، لەحاڵێکدا کە فارس بۆ خۆی بەشی زۆری

وڵاتەکەی کەویر و بیابانە. یان ناودێرکردنی کوردان بە کێوی لەلایەن تورکەوە بە هەمان شێوە جۆرێک لە سووکایەتی لە پشتەوەیە. تورکەکان وەک گاڵتەجاڕییەک بانگەشە دەکەن کە ئەم خەڵکە کێوییە بەردەوام لە کوێستانە بەفراوییەکاندا لە هاتوچۆدان و ناوی کورد لە دەنگی "کرت کرت"ـی ئەو بەفرەوە دێ کە بەردەوام لەژێر پێیاندا دەجوولێتەوە. ناتۆرەی "مەجووسی"، واتە ئاگرپەرست تەنیا یەکێکە لەو سووکایەتییانەی کە عەرەب لە تێگەیشتنێکی ئایینییەوە بە فارسی دەکا.

ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردن خەسڵەتێکی هاوبەشی دیکەیە لەنێو ئەم گەلانەدا. یەکێ لەو چەکە بەهێزانەی کە ئەم گەلانە و دەوڵەتەکانیان لە هەمبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بریتییە لە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئەمە لەحاڵێکدایە کە خۆیان بە ئاشکرا یان ژێربەژێر هەمیشە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا لە پەیوەندی و دانووستان و تەنانەت هاوکاری نزیکدان. لە نموونەی دیکەدا شەقامی فارسی هەتا ئیستاش ناتۆرەی "کوردی سەربڕ" لە مێشک و گوێچکەیدا دەزرنگێتەوە و لە زاریدا کاوێژی دەکا. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەم دێڕانەم دواین نموونەی ئەم ناتۆرە بەستن و ناوزڕاندنانە لە ئارادایە و ئەویش دەرخستنی تۆمارێکی دەنگییە کە تورکەکان بڵاویان کردووەتەوە و بانگەشە دەکەن کە کورد لە دژی ئازەربایجان و لە بەرەی ئەرمەنستاندا بەشداری لە شەڕی قەرەباخ دەکات.

ئەم کەسایەتییە ناوزڕێن و تۆمەتبارکەرە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە بریتییە لە شەڕانگێزی و مەزڵووم نمایی هاوکات. بڕوا ناکەم هیچ گەلێک هەبێ بتوانێ وەکوو ئەم نەتەوانە تەنانەت لە باڵادەستیشدا خۆ بە ستەمدیدە و ستەم لێکراو بزانێ. ئەڵبەتە لەپاڵ نەبوونی وێژدانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز، ڕەنگە بەشێک لەم خەسڵەتە دەرئەنجامی ئەو خۆ بە مافدار و باڵاتر زانیینە بێ کە ئەم گەلانە لە سێبەری ئایینی ئیسلامدا بە خۆیانی ڕەوا دەبینن. لە نموونەی هەرە بەرچاو لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە فەرهەنگی کەربەلا و ڕووداوی کوشتنی حوسێن بدەین کە یەکێکە لە هاندەرە هەرە سەرەکییەکانی تووڕەبوون، شەڕانخێوی و لە هەمان کاتدا مەزڵووم نمایی بەردەوامی شیعە و بەتایبەتی فارس. دەتوانین وێنای فەرمی ئەم ستەمکاری و خۆ بە قوربانی زانینە هاوکاتەش لە هەڵوێست و بانگەشەی بەردەوامی دەوڵەت نەتەوەکاندا بە ئاشکرا ببینین کە سەرەڕای هەموو ئەو ستەمکارییەی کە لە هەمبەر گەلانی دیکە دەیکەن، هەمیشە لە پێگەی دەوڵەت، وڵات و نەتەوەی دایکەوە خۆیان بە قوربانی هەموو بزاڤێکی دژبەر دەزانن.

ئەم خۆ بە قوربانی زانینە بەردەوامە خەسڵەتێکی دیکەشی لەنێو ئەم گەلانەدا بەرهەم هێناوە کە بریتییە لە ڕق و کینە و گومانی هەمیشەیی بەرانبەر بە ئەوانی دەرەوەی خود. ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێرانی دیبێ دەزانێ فارس و تورک چۆن دەڕاننە یەکتری و چەندە لەگەڵ یەکتردا

ڕقەبەری دەکەن. هەر وەها دژایەتی فارس و عەرەب هەم لە گفتار و هەم لە ڕەفتاردا هێندە بە زەقی و ڕووتی بۆی دەردەکەوێ کە بە هیچ شێوەیەک ناشاردرێتەوە. وەک دەزانرێ یەکێ لە چەمکە هەرە کاوێژکراو و هەرە دوبارەکراوەکانی دەوڵەتانی ئەم نەتەوانە بریتییە لە زاراوەی "دژمن". ئەڵبەتە پەیقی دژمن کاوێژی سەرزاری تەنیا دەوڵەتان نییە، بەڵکوو ڕووبەرێکی فراوانی فەزای گشتی کۆمەڵگە و جگە لەوەش تەنانەت پانتاییەکی بەرینی لە ئەدەبی ئەم گەلانەی داگرتووە... .

## سەرئەنجام(ئەمانە کێن؟)

لە سێ بەشی پێشوودا لەڕێگەی ئاوڕدانەوە لە مێژوو و فەرهەنگی گەلانی فارس و تورک و عەرەب، هەوڵماندا بە وێنایەک لە ناخ و ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمی ئەم نەتەوانە بگەین. هاوکات بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە لایەنی کرداری ئەم ناسیۆنالیزمانە، هەندێکی کەم و بە ژمارە سنوردار لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەم نەتەوانەشمان(بە گەل و دەوڵەتیشەوە) بە میناک هێنایەوە. دیسان ئەم میناکە بەسنوورانە بە ڕوونی دەریدەخەن کە زیاتر لە هەر نەتەوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کورد مژاری سەرنج و مەبەستی تێڕوانینی ئەم گەلانە بووە و زیاتر لە هەمووانیش بەر کردەوەکانی ئەوان کەوتووە. بە هەرحاڵ ئەگەر دیسانەوە چاوێکی تر بخشێنینەوە بە ناوەڕۆکی سێ بەشی پێشوودا و لەو میناکانە ڕابمێنین کە تێڕوانین، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەم نەتەوانەیان وێنا کردووە، بە ئاشکرا دەتوانین لە جۆر و شێوازی ناسیۆنالیزمی ئەم گەلانە تێبگەین. جارێ با تۆزێ لە دوورترەوە ڕاوەستین و سەیرێکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم گەلانە بکەین. بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی وڵاتانی ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا، سەرەڕای ئەو هەموو دەرفەتە ئابۆری، سیاسی، پەروەردەیی و فەرهەنگییە ڕەهایە کە لە بەردەستیاندا بووە هیچ بزاوتێکی دیاری گشتگیری کۆمەڵایەتی لەنێو نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەبدا بەدی نەهاتووە کە بۆ وێنە بە

ئاراستەی ئاوەدانکردنی وڵات و تەنانەت جۆگرافیای نەتەوەکەی خۆشیان هەنگاوی گرنگی هەڵهێنابێ. یان هیچ ڕۆشنبیرێک لەم نەتەوانەدا هەڵنەکەوتووە کە بتوانێ ببێتە سەرکێشی تەڤگەرێکی جڤاکی ژینگەپارێزی. یان بزاڤێکی هونەری، زانستی و ڕۆشنبیری لەنێویاندا بە ئاشکرا لە هەمبەر نادادی، ستەم و تەنانەت سیاسەتە هەڵەکانی دەوڵەت ڕانەوەستاون و سەریان هەڵنەداوە. بەکورتی ئەم گەلانە دڵسۆزی و ئەمەگی خۆیان سەبارەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان تەنیا لەوەدا کورت کردووەتەوە کە بەسەر گەلانی دیکەدا سەردەست و فەرمانڕەوا بمێنن و هیچی تر.

هەرچی دەوڵەت نەتەوەکانی ئەم وڵاتانەشە، لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا جگە لە "یەکپارچەیی ئەو وڵاتە دەستکردەی کە بە ناوی خۆ و نەتەوەی دایکەوە تاپۆیان کردووە" هیچ ئەمەگێکیان بۆ هیچ شتێکی دیکەی نەتەوە و نیشتمانی دایک نەبووە. ئەگەر لەچاوی نەتەوەی دایکەوە سەیری ئەم دەوڵەتانە بکەین، ئاڵایە سەداسەدی هەموو جۆرەکانی ئەم دەوڵەت نەتەوانە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆری بوونە بەسەر گەلەکەی خۆشیانەوە کە لەنێو نەتەوەی خۆشیاندا مافەکانی مرۆڤیان لە بەرزترین ئاستدا بنپێ کردووە. تەنانەت لە وێرانکردن و تێکدانی سروشت و ژینگەی نیشتمانەکەی خۆشیاندا هیچ دەستیان

نەپاراستووە. بەردەوام خەریکی تاڵانکردن و بەفیرۆدانی سامانی گشتی سامانی نەتەوەکەی خۆشیان بوونە... .

بەکورتی ژیانی هەتا ئەمڕۆی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب(بە گەڵ و دەوڵەتیشەوە) و هەروەها چۆنێتی پەیوەندی و هەڵسوکەوتیان لە نێوخۆی کۆمەڵگە و لەگەڵ نیشتمانەکەی خۆیاندا بە ئاشکرا نیشانی دەدا کە ئەم نەتەوانە هێشتا ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی و غەریزی دەژین. بەهێزترین میناک و بەڵگە بۆ سەلماندنی سەرەتاییبوونی ئەم ناسیۆنالیزمی ئەم نەتەوانە بریتییە لەو ژیانە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابۆرییە هەژار و نزمەی کە سەرەڕای هەبوونی هەموو جۆرە دەرفەتێک و سەرەڕای تاڵانی هەموو جۆرە سامانێکی گەلانی ژێردەست تێیدا دەژین. لەڕاستیدا کاتێ سەیری پێگەی ئەم نەتەوانە لە ئاستی جیهانیدا و هەروەها سەیری چۆنێتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە نێوخۆی خۆیانیشدا دەکەین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ئاست و پێگە نزمە ناتوانێ بەرهەمی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینە و تەندروستی مشوورخۆری ئەم گەلانە بێ. بە واتایەکی دی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن و ئەوان بەڕێوە دەبات، نەتەنیا تەندروست نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی.

بەڵام کورد دەڵێ "کابرا ئازاری بۆ هاوسێ نەبوو، با هەر شێتی ماڵی خۆی بێ!". کاتێ سەیری گەلانی فارس و تورک و عەرەب دەکەین، هەر ئەوە نییە کە تەنیا لە ماڵی خۆیاندا ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی بژین و ئەرک و ئازاریان لەسەر شانی خۆیان بێ، بەڵکوو ئەم ناسیۆنالیزمە دیوێکی وێرانگەر و مەترسیداری دیکەشی هەیە کە بریتییە لە ناسیۆنالیزمی شۆڤینی. لە بەشەکانی پێشوودا تا ئەندازەیەک باسمان کرد کە ئەم نەتەوانە چۆن لە خەیاڵی خۆیاندا سەرتۆپ و سەرگوڵی ئەم گەردوونەن. بۆ وێنە باسمان کرد کە عەرەب چۆن پێچەوانەی گەلانی دیکە زمانەکەی بە زمانی خودا و بەهەشت و قیامەت دەزانێ، فارس چۆن پێی وایە لە سەرووی هەموو گەلانی دیکەوە هونەر تەنیا لای ئەوە و لە کەشکەڵانی ئاسمانیش بێ دەستی بە زانست ڕادەگا، و چۆن تورک زمانەکەی بە چاوگ و سەرچاوەی هەموو زمانەکانی گەردوون دەزانێ و... هتد. ئەمانە میناکی هەرە بچووکن لەو وێنایەی کە ئەم گەلانە بەبێ دوودڵی لە خۆیانی دەکێشن و بێ لەڕوودامان خۆیان بە پێشەنگ و جڵەوداری شارستانییەت و سەرکێشی مرۆڤایەتی دەزانن. بێ سڵ و بێ ترس و بێ شرم وڵات و سنوورە دەستکردەکانیان بە پیرۆزتر و لە سەروو هەر بەهایەکی مرۆڤایەتی دەبینن. بە پێداچوونەوەی بەشەکانی پێشوو و وەبیرهێنانەوەی ئەو نموونانەی کە لەوێندەرێ باس کراون هیچ گومانێک

لەمەدا ناهێڵێتەوە کە ئەم گەلانە خاوەن تێگەیشتن و تێڕوانینێکی شۆڤینین و لانیکەم بە هزر ناسیۆنالیزمێکی شۆڤینی دەژین.

ئەڵبەتە لەوانەیە خوێنەر لەلای خۆی گومانی لا دروست بێ و پێی وابێ کە ئەم گریمانەیە تەنیا گریمانە و بەرداشتێکە کە نووسەری ئەم دێڕانە لە گەلانی فارس و تورک و عەرەب هەیەتی. بەڵام دەتوانین یەکێ لە کلیلەکانی ڕەوینەوەی ئەم گومانە لە هەڵوێست و کردار و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەم گەلانەدا بدۆزینەوە کە هەتاکوو ئێستا سەبارەت بە نەتەوەی کورد نواندوویانە. قڕکردن و کۆمەڵکوژی، تیرۆر و ڕفاندن و بزرکردنی بە هەزاران کەسی، بەندکردن و لەسێدارەدانی بە هەزاران کەسی، ڕاگواستنەوەی بەکۆمەڵی سەدان هەزار کەسی، زیندەبەچاڵ کردنی هەزاران کەسی، وێرانکردنی سروشت، تاڵانکردنی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی، قەدەخەکردن و سەرکوتکردنی زمان و فەرهەنگ و... هتد کە لە بەشەکانی پێشوودا بە هەندێ میناک هێمایان پێکرا، بەشێکن لەو کردەوانەی کە ئەم گەلانە لە ماوەیەکی مێژووی بەرینی لانیکەم سەد ساڵەدا سەبارەت بە کورد نواندوویانە. ئەم کردەوانە هێندە زۆر و بەرفراونن و هێندە بەئاگایانە و بە پلان بەڕێوە براون کە جگە لە "ناسیۆنالیزمی شۆڤینی یان بەکورتی شۆڤینیزم"، بە هیچ چەمکێکی دیکە شرۆڤە ناکرێن و پاساو نادرێن. کورت و کورمانجی، ئەو ناسیۆنالیزمەی کە فارس و تورک و عەرەب دەژین بێگومان

ناسیۆنالیزمێکی تا سەر ئێسقان شۆڤینی و دەمارگرژە و لەڕاستیدا کوردستان وڵاتێکە بە ناسیۆنالیزمی شۆڤینی هەتیتە دراوە.

# ناسیۆنالیزمی کورد

## کورد وەک نەتەوە

یەکەمین ئاماژەکانی بە نەتەوە بوونی کورد دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی کشتوکاڵی لە ناوچەکانی زاگرۆس و مێزۆپۆتامیا. پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە زمان یەکێکە لە بناخە هەرە سەرەتایی و دەسپێکەکانی دەرکەوتنی نەتەوە وەک کیانێکی جڤاکی یەکپارچە. گەشتێکی کۆتا و خێرا بەنێو وشەکانی زمانی کوردیدا بەڕوونی دەریدەخا کە ئەم زمانە وەک بەردی بناخەی بە نەتەوە بوونی کورد لە بەستەری شۆڕشی کشتوکاڵیدا لەدایک بووە و وەکوو ڕەگەزێکی بنەڕەتی دروستکردنی نەتەوە هەر لەم بەستێنەدا گەشەی کردووە. ئەم بە نەتەوە بوونە بۆ یەکەمجار لە کەسایەتی "ئیمپەراتۆریەتی ماد"دا خۆی دەنوێنێ و کۆتاجاریش لە هێمای "ئیمپەراتۆریەتی ساسانی" و لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگی و ئایینی بەهێزدا جارێکی تر خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. لەم ڕوویەوە زۆر بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین کورد لە یەکەمین نەتەوەکانە کە بە مانا سیاسییەکەی، ناسیۆنالیزمێکی دەسەڵاتدار ژیاوە و دەسەڵاتی وەک پاڵنەرێک تێکەڵ بە ناسیۆنالیزم کردووە. بەڵام لە دوای ساسانی کورد دیسانەوە گەڕاوەتەوە سەر دۆخە سروشتییەکەی ناسیۆنالیزم کە بریتییە لە ژیانەوە لەسەر بنەما و ڕەگەزە خوەزاییەکان و ئەڵبەتە بە دیاریکراوی جۆگرافیا، دیمۆگرافی و زمان و فەرهەنگی کوردی. بە واتایەکی دی، کورد لە ساسانی بەرەو ئەملا ناسیۆنالیزمێکی خوەزایی و زیاتر لە هەموو

شتێک لەسەر بنەمای جۆگرافیا و فەرهەنگ ژیاوە. کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ بە توندی گرێدروای خاکەکەی بووە و سەرەڕای ئەوەی کە لە پاشەکشەییێکی بەردەوامدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەشێکی ئەم جۆگرافیایە لەدەست داوە، بەڵام ئەم گرێدرواییە هێندە تۆخ و پڕڕەنگ بووە کە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بەراورد بە ڕەگەزەکانی دیکە ڕۆڵی جۆگرافیا لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگتر و بنگەهیتر و بەرچاوترە. لایەنی دووەمی ئەم ناسیۆنالیزمە کە لایەنی فەرهەنگییە، زیاتر لە کەسایەتی زمان و ئەڵبەتە لە چوارچێوەی فەرهەنگێکی زارەکی دەوڵەمەند و زۆر بەهێزدا بەرجەستە بووەتەوە و خۆی نواندووە. لە ئەحمەدی خانی بەرەو ئەملا ئەدەبی نووسراوەیی ڕەهەندێکی دیکە بە ڕووی بە نەتەوە بوون و ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەکاتەوە و هەتا ئەمڕۆ باندۆرێکی بەهێزی لە خۆی نیشان داوە. وێڕای ئەمەش، ئەدەب و فەرهەنگ و نەریتی زارەکی هێشتا هەر سەنگی خۆی لەدەست نەداوە و بەشێکە لە میکانیزمی بەردەوامبوونی ڕۆحی ناسیۆنالیزمی کوردی...

لە سەردەمی نوێی ناسیۆنالیزمدا پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب کە بە ڕۆحێکی چالاکی هێرشبەرانە و بە دیاریکراوی بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاتنە ئاراوە، لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر بە هەناسێکی ناچالاک و مەند و ناکارا پێی نایە نێو مەیدانی ناسیۆنالیزمی نوێوە و زیاتر لە

سۆنگەی بەدەستهێنان و لانیکەم پاراستنی هەمان ڕەگەزە خوەزایی و سروشتییەکانی خۆی دەستی کرد بە پێناسەکردن و داناسینی خۆی. بە مانیەکی دی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کورد لە سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێدا لەسەر بنەمای ئەو هوشیارییە نەبووە کە بۆ وێنە ئێمە نەتەوەین و دەبێ دەوڵەت و دەزگای خۆمان هەبێ و خۆمان خۆمان بەڕێوە ببەین، بەڵکو زیاتر بەهۆی ئەو چەوساندنەوە و ستەم و داگیرکارییە بووە کە لەلایەن نەتەوەکانی هاوسێیەوە ئاراستەی کراوە. ئەم ناسیۆنالیزمە هەتا ئەم ساتەوەختەش هەرمای لە پێستی پاراستن و لە دۆخی بەرخۆدانی خۆیدا دەژی. ئەڵبەتە سەرەڕای ئەمە و سەرەڕای بەرکەوتنی زەبر و زۆری کوشندە لەلایەن ناسیۆنالیزمەکانی فارس و تورک و عەرەبەوە، ئەم ناسیۆنالیزمە بە شێوەیەکی گشتی بەرەو پێشتر چووە و گەشەی کردووە. ئەگەر دەقیقتر بڵێین، لە سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێدا کورد لە هەموو بوارەکانی جۆگرافیا، دیمۆگرافی، فەرهەنگ، زمان و... هتد بەردەوام لە دۆخی لەدەستدانی بەشێک لە هەرکام لەم ڕەگەزانەدا ژیاوە و سەرەڕای ئەمانەش لە بەرەوپێش چوون و گەشەکردن نەوەستاوە. ئەڵبەتە پرۆسەی لەدەستدان و پاشەکشێ لە هەندێ بواری وەکوو زمان هێشتا بە تەواوەتی نەوەستاوە و تەنانەت خەریکە بەردەوامیش دەکا. وێڕای ئەم ڕاستییە ڕاستییەکی دیکەش هەیە کتێبی "مانیفێستی شارستانی دیمۆکراتی"ـش بە دروستی دەستی لەسەر

دادەنێ و ئەویش: ئەو ناسیۆنالیزمە خوەزاییيەی کە کیانی کوردی لەسەری دامەزراوە، هەبوون و مانەوەی خۆی لە فەرهەنگێکی دیرۆکی بەهێز دەگرێ کە لە بەستێن و هەناوی ئەو فەرهەنگەدا دامەزراوە و گەشەی کردووە. هیچ گومانێکیش لەمەدا نییە کە ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی هێشتا بە تۆخی لەژێر باندۆری ناسیۆنالیزمی سروشتیدایە و بەشێکی گەورە لە هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرێ. بەڵام مخابن کە جیا لەم ناخە سروشتییە کە تا ڕادەیەک بە ڕێکوپێکی کاری خۆی دەکا، وەک لە درێژەی ئەم باسەدا نیشانی دەدەین، دەبینین کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمێ نوێی کوردی ئەمەیە کە وێڕای دەرکەوتنی جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی تەندروست لەنێوان بەشێکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردیدا، هێشتا ئەم ناسیۆنالیزمە لە فەزایەکی سەرەتاییدا دەژی و بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە کورد بەگشتی لە دۆخی ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدایە. لە درێژەی ئەم باسەدا و لە دووتوێی مەراقی "ئێمە کێین"دا ئاماژەکانی ئەم سەرەتاییبوونە بە وردی لێک دەدەینەوە و لەدەروونی خودی جڤاکی کوردییەوە دەیخەینە بەرچاو.

## ئێمە کێین؟

بێگومان بەشێکی زۆری باسەکانی پێشوو سەبارەت نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان زیاتر لەوەی شیکردنەوە و شرۆڤەی دوورەدەستی کۆمەڵگەکانی ئەوان بێ، ئەنجام و بەرھەمی ڕاستەوخۆی ئەو ژیانەیە کە ئێمەی کورد لەژێر ستەمی ئەواندا ژیاوین. بە مانایەکی دی ئەو وێنایە کە پێشتر لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب کرا، وێنایەکە زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە و گومان خستنە سەری لانیکەم بۆ خوێنەری کورد کارێکی ئاسان نییە. بەڵام دیسانەوە ئەگەر لەو باسانەی پێشوودا تۆزێ لە دوورەوە ڕاوەستابین و ڕوانیبێتمان، لەم بەشەدا ئێمە بۆ خۆمان لە ناوەڕاستی شاری کوردیداین و دەتوانین بە وردی و بە کووری ناخی ناسیۆنالیزمی نێو جەستەی ئەم گەلە شرۆڤە و شی بکەینەوە و لەڕێگەی ڕاسەڵەی بەردەستتر و نزیکترەوە بزانین ئێمە خۆمان کێین و ناسیۆنالیزمی ئێمە چۆنە ناسیۆنالیزمێکە؟. بۆ ئەم مەبەستە لەم بەشەدا لە ھەندێ چین و بواری جڤاکی کوردیدا ڕادەمێنین تا لە جۆری ئەو ناسیۆنالیزمەی کە کورد تێیدا دەژی بکۆڵینەوە. کە واتە درێژەی ئەم باسە بە ئاراستەی ڕامان لەسەر چۆنێتی ناسیۆنالیزمی بەشەکانی جڤاکی کوردی و لەوانە سیاسەت، ڕۆشنبیری و فەرھەنگ، مامۆستایانی ئایینی، میدیا و شەقامی کوردی بەردەوام دەکا.

### ١- بواری سیاسەت:

یەکێ لە هێما بەرچاو و نوێنەرە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی هەر گەلێک بریتییە لە توێژی سیاسەتڤانانی ئەو نەتەوەیە. چینی سیاسی کورد لەبەر ئەوەی بە زۆری لە بەرەی تێکۆشانی دژەداگیربووندا خەباتی کردووە، زیاتر بووەتە هێماکەری ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی و ناسیۆنالیزم زیاتر بە ڕوخسارییەوە دیار بووە. بەڵام کە بە سەرپێهاتی و تێکۆشان و هەڵوێست و ڕێبازەکانی ئەم چینەدا دەچینەوە، ئاڵایە هەر هەموویان بە ڕوونی و بە ئاشکرا نەتەنیا ناسیۆنالیزمێکی تەندروست و ڕاستەقینە نەژیاون، بەڵکوو زۆربەی هەڵسوکەوت و هەنگاوەکانیان دەچێتە قاڵبی ناسیۆنالیزمێکی ناچڵ و سەرەتایی. باشتر وایە لەجێی شرۆڤەکردن و خوێندنەوە، بە میناکی بەردەست ئاوڕ بدەینە سەر چۆنێتی ناسیۆنالیزمی بزاڤی سیاسی کوردی و چینی سیاسەتمەدارانی کورد تا لە ناوەڕۆکی ئەم ناسیۆنالیزمە تێبگەین.

جارێ ناتەواوی و ناچڵی لە ناسیۆنالیزم بە سیمای زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە سیاسییەکانی سەد ساڵی ڕابردووی کوردەوە بە ئاشکرا و بە ڕوونی دیارە و هیچکامیان(ئەڵبەتە بە بڕوای من ئۆجالان تەنیا حاڵەتی ئاوارتەی ئەم دیاردە گشتییەیە) تەنانەت لە ڕووی هەستیشەوە نەیانتوانیوە ناسیۆنالیزمێکی تەواو بژین. جگە لەو قسە زارەکییانەی کە هەندێ جار سەبارەت بە کوردستانی گەورە دەکرێن و لەڕاستیدا لە یەکەم

هەنگاوەکانی ناسیۆنالیزمێکی سروشتی و غەریزی بەولاوەتر ناچن، زۆرێک لە سەرکردەکان نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی مانادار گرێدراوی و پابەندبوونی خۆیان بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی نەتەوەی دایکەوە بسەلمێنن و بە واتایەکی دیکە زۆرێکیان تەنانەت بە مانا سروشتییەکەشی ناسیۆنالیست نین. ئەگەر بمانەوێ لە تابلۆی ناسیۆنالیزمی سیاسییەکانی کورد بڕوانین، لە یەکەم وێنادا بە ڕوونی دەردەکەوێت هیچ سەرکردەیەکی سیاسی کورد قەت بەو هەناسەیەی کە باسی پارچەکەی خۆی کردووە باسی بەشەکانی دیکەی نەکردووە و هەموویان هەمیشە لە مەودایەکی دوورەوە لە هاوکێشەکانی پارچەکانی دیکە ڕوانیویانە. بە واتایەکی دی، پەیوەندی هەستی و دەروونی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ نیشتمان و نەتەوەی دایکدا پەیوەندییەکی ڕۆحی زۆر تەنک و بەرتەسکە. ئەگەر لە نزیکترەوە بڕوانین ئەم بەرتەسکی و ناتەواوییە زیاتر و زۆرتر دیار دەبێ. بۆ وێنە هەتا ئەمڕۆش ناوچەگەرایی، حیزبگەرایی و پارچەگەرایی سیاسییەکانی کورد لە هیچکەسێ شاراوە نییە. وێنایەکی دیکەی ئەم ناسیۆنالیزمە ناچڵە بریتییە لەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی سەرکردە و هێزە سیاسییەکانی کورد لەگەڵ دژمنانی ئەم نەتەوەیەدا کە تەنانەت زۆرجار لە دژی ڕەگەزە هاوبەشەکانی بەنەتەوەبوون و بەگشتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کورد بووە. ئەڵبەتە ڕەنگە زۆر کەس پاساوی وەکوو گەمەی سیاسی،

بەرچاوگرتنی بارودۆخی دژواری کورد، ڕەچاوکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی و... هتد وەکوو پاساوی ئەم چەوتییانە بێننەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەم پاساوە نادروستانەش بە هەند وەربگرین، زۆر ڕاسەڵەی دیکە هەن کە تەسکبوونی نەتەوەگەرایی ئەم چینە دەسەلمێنن. بۆ نموونە زۆرینەی ڕەهای سەرکردە سیاسییەکانی کورد لەحاڵێکدا چەندین زمانی بیانی دەزانن، بەدەگمەن لێیان پەیدا دەبێ کە جگە لە زاراوەکەی خۆیان لە شێوەزارێکی دیکەی زمانی کوردی بەباشی تێبگەن. ئەم تەسکبوونە تەنیا لە بواری ناسیۆنالیزمی زمانیدا نییە، بەڵکوو ڕەهەندەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمیش دەگرێتەوە. بۆ وێنە یەکێ لەو ڕەهەندانە کە ناسیۆنالیزمی سیاسییەکانی کورد بە تۆخی تێیدا بەرتەسک و کورتە بریتییە لەو تێگەیشتنەی کە لە مانای نیشتمان هەیانە. وەک میناک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا بیست ساڵ لەمەو پێش ناوچەی کەلهۆرنشین بەگشتی لەلایەن بزاڤە کوردییەکانەوە نە بە گوتار و نە بە کرداریش قەت وەک بەشێک لە کوردستان سەیر نەکراوە. نموونەیەکی زیندووی دیکەی ئەم نەریتە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانە کە بەو پارچەیەی خۆیان دەڵێن کوردستان و ئەو بەشەکانی دیکە وەک ئێران و تورکیا و سووریا دەناسێنن و ناوی دەبەن... .

لێرەدا دیسانەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەفتار و کردارە ناتەواوەکانی سەرکردەکان، حیزبەکان و بەگشتی بزاڤی سیاسی کوردی بە دۆخی

نالەباری داگیربوونی کوردستان پاساو دەنەوە و وەک ناسیۆنالیزمی تەسک پێناسەی ناکەن، دەبێ خاڵێکی زۆر گرنگ دوبارە بکرێتەوە و ئەویش ئەمەیە کە ئەو ڕێژە زۆرە لە هاوکاریکردنی داگیرکەران، ئەو ڕادە زۆرە لە خوێن ڕشتن و براکوژی و ئەو ژمارە زۆرە لە خیانەتی گەورە دژ بە یەکتری و... هتد، کە هەمووشیان بەناوی کوردایەتی، کوردبوون، کوردستان و بەگشتی بەناوی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە کراون، بەهێزترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی هەبوونی ناسیۆنالیزمێکی بەرتەسک و ناتەواو و سەرەتایی لەنێو بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئاستی سەرکردەکاندا.

پارتی کوردیش کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی سەرۆکەکەیەتی لەم بازنەیە دەرناچێ. مێژووی حیزبایەتی لە کوردستان مێژوویەکی بەرینە لە دووبەرەکی، خیانەت لە نیشتمان، هاوکاری دژمنان، براکوژی و تۆڵەکردنەوەی ناوخۆیی، ناوچەگەرایی، جاشایەتی بۆ داگیرکەر و... هتد. ئەم دیرۆکە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بەردەوام یەکێک بووە لە هۆکارە هەرە بەباندۆر و کاریگەرەکانی لێکترازان، دابەشبوون، دابڕان و جیابوونەوەی نەتەوەی کورد و لە هێمای سیاسەتدا بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم لێکترازان و دابەشبوونە تەنیا لە بواری سیاسیدا ڕووینەداوە و بە تۆخی ڕووبەری گشتی کۆمەڵگەی کوردیشی تووش کردووە. هەتاکوو ئەمڕۆ حیزبی کوردی کە هەموویان بەناوی نیشتمان و نەتەوەی کوردەوە خەبات دەکەن و لەژێر ئاڵای کوردایەتیدا

خۆیان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزمی کوردی پێناسە دەکەن، نەیانتوانیوە تەنانەت یەکێ لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی نەتەوە لەنێو جەستەی کورددا بەرجەستە بکەنەوە. بە پێچەوانەوە بەردەوام ئەم ڕەگەزانەیان بەرەو لێکترازان بردووە. نەورۆز وەک گرنگترین بۆنەی نەتەوەیی کورد یەکێکە لەم میناکانە. هەر حیزبێکی سیاسی بە تێگەیشتنی خۆی واتا بە نەورۆز دەدا و لە سۆنگەی تێڕوانین و بە شێوازی خۆی پیرۆزی دەکا. دیسان بۆنە ئایینییەکانی ڕەمەزان و قوربانیش کە بە هەر حاڵ دوای زیاتر لە هەزار ساڵ ئیدی بەشێکن لە فەرهەنگی گشتی ئێمە، ئەوانیش هەر وان. بەشێک نکۆڵییان لێدەکەن و بەشێکی دیکە بەپیریانەوە دەچن. ئەم دابەشکردنە زۆربەی هەرە زۆری ئەو هێمایانەش دەگرێتەوە کە لەنێو هەموو گەلاندا وەک هێمای بەنەتەوەبوون بەکار دێن. بۆ وێنە  زۆربەی پارتە کوردییەکان ڕۆژگەلی بەناو ڕۆژی شەهید، ڕۆژی پێشمەرگە و... هتد تایبەت بە خۆیان هەیە، ڕۆژبوون و ساڵیادی کەسایەتییەکانی نزیک لە خۆیان پیرۆز و بەرجەستە دەکەنەوە. ئەو هەڵبەستەی عەبدوڵا پەشێو لە دیوانی براکوژیدا کە دەڵێ "لەم نیشتمانە چارەڕەشەدا چیتان هێشتووە دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟"، ئەگەرچی ڕووی دەمی لە دوو پارتی سەرەکی باشووری کوردستانە، بەڵام لەڕاستیدا دەتوانێ وێناکەری دۆخی گشتی گۆڕەپانی سیاسەت بێ لە هەموو کوردستاندا. نموونەیەکی دیکەی ئەم دابەشبوونەی

ناسیۆنالیزمی پارتەکان دەتوانین لە کەسایەتی ئاڵادا ببینین. هێشتا ئەو ناسیۆنالیزمەی کە سیاسەتی کوردی نوێنەریەتی و دەیبا بەڕێوە نەیتوانیوە تەنانەت لەسەر ئاڵایەکی گشتگیر ڕێک بکەوێ. نموونەیەکی دیکە زمانە. لەحاڵێکدا زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بەنەتەوەبوون کە نەتەوە لەڕێگەی ئەوەوە ڕۆحی خۆی ڕێکدەخات و لە هێمای ئەودا خۆی وەک یەکەیەکی فەرهەنگی پێناسە دەکا، کەچی هەموو پارتە کوردییەکان بە پێچەوانەوە لەڕێگەی داهێنانی زاراوە و چەمکی زمانی تایبەت بە خۆیان بە جۆرێ لە جۆرەکان زمانی کوردییان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە و زیاتر و زیاتر بوونەتە مایە و هۆکاری دابەشبوون و دابڕانی ئەم زمانە.

بەکورتی کوردستان لەلای پارتی کوردی هەمیشە بریتی بووە لەو پانتاییيە بچووکەی کە لەژێر دەسەڵات و ڕکێفی خۆیدا بووە یان ئەو پارچەیەی کە ئەو تێیدا تێکۆشانی بەڕێوە بردووە و ئەوباقی نیشتمان بەگوێرەی ئەو پارچەیەی کە حیزبی کوردی خۆی تێدا دیوەتەوە هەمیشە بەشێک بووە لە ئێران، عێراق، سووریا یان تورکیا. نەتەوە و نیشتمان لەلای پارتی کوردی زیاتر لەوەی کە بریتی بێ لە کوردبوون و کوردستانیبوون، بریتییە لە یەکەیەکی حیزبی، یان ئەوپەڕی بریتییە لە لەتێک لەو چوار پارچەیە و تەنانەت هەندێ جاریش دەبێتە دەڤەرێک لەو پارچانە. هەر لە هەڵوێستەکەی پێشەواوە بگرە کە لە دادگای دەوڵەتی

فارس نکۆڵی لەوە کرد کە وەکوو بەشێ لە کۆمار چاوی تەماحی بڕیبێتە کرماشان، تاکوو بانگەشەکەی قاسملوو کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پاکانەکردنی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی لە کارەساتی هەڵەبجەی تێدا بوو، هەتا لێدوانە ڕۆژانەکانی سیساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارانی باشوور کە بەردەوام لە دیدارەکاندا وڵاتانی ئێران و تورکیا وەک دۆستی گەلی کورد دەناسێنن، مێژووی سەدساڵی پێشووی هەڵسوکەوتی سیاسەتی کوردی پڕاوپڕە لەقەتیسکردنی کوردستان لە دەڤەرێک یان پارچەیەکدا و لێوانلێوە لە پێناسەکردنی نەتەوەی کورد لە چەند شارێکدا. بە واتایەکی دیکە چەند حیزبی سیاسی لە کوردستان هەیە، ئەوەندە نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستانمان هەیە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە بواری سیاسەتی کوردی وەکوو یەکێ لە بوار و هێماکانی ناسیۆنالیزمی نوێ نەتەنیا بە ئاراستەی ڕێکخستنی ناسیۆنالیزمێکی پتەو و تۆکمە کاری نەکردووە، بەڵکوو زۆرجار بە ئاراستەی بیربردنەوە و تێکدانی بنەماکانی ئەو ناسیۆنالیزمە سروشتییە هەنگاوی هەڵگرتووە کە لە ئەنجامی پێشهاتەکانی دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەردا هێشتا نەیتوانیوە بەباشی بماسێ و خۆی بگرێتەوە. لە ئەنجامدا سیاسەتی کورد بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە پێکهاتەیەکی ناسیۆنالیستییە کە ناسیۆنالیزمێکی بە تەواوی مانا سەرەتایی، ناتەواو و ناچڵ دەژی.

### ٢- بواری فەرهەنگی:

وەک چۆن لە بەشی پێشوودا مەبەستمان لە سیاسەتی کوردی ئەو توێژە سیاسییەی سەرەوەی جڤاکی کوردی بوو کە وەک بکەرێکی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی و گرێدراو بە پرسە سیاسییەکانی کوردستان وەک هێزێکی دیار و بەرچاو بوونیان هەبووە، لێرەشدا مەبەست لە بواری فەرهەنگی بریتییە لە هەموو ئەو نوخبە و ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند و بلیمەتە کوردانەی کە لە بوارێ لە بوارەکانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری تێکۆشانیان هەبووە.

ڕەنگە هاوتەریبی سیاسەت، بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری یەکێک بێ لە بوارە هەرە گرنگەکانی پێناسەکردن، ژیاندن و ئاراستەکردنی ناسیۆنالیزم. ئەگەر سیاسەت یەکێک بێ لەو هێزە کردارییانەی کە دەتوانێ ناسیۆنالیزم ئاراستە بکا، بێگومان فەرهەنگ و ڕۆشنبیری یەکێکە لەو هێزانەی کە داڕێژەر و واتاکەری ناسیۆنالیزمە. بەتایبەتی پەیوەست بە ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەوەی ڕاستی بێ لە سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆشنبیری هاوشانی سیاسەت هەمیشە وەک باڵی دووەم هەبوونی خۆی لە گۆڕەپانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا سەلماندووە و بێگومان هەمان ئەو دەردی سەرەتاییبونەش کە لەم ماوەیەدا بەردەوام لە بواری ناسیۆنالیزمدا سیاسەتی کوردی گیرۆدە کردووە، هەمیشە بە سیمای چینی نوخبەی فەرهەنگیشەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دیار بووە. ئەڵبەتە بۆ باسکردن

لەسەر ئەم ناتەواوییە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەدەب و گۆرانی کوردی جیا بکەینەوە. هۆکاری ئەم جیاکردنەوەش ئەوەیە کە ئەدەب و لە سەری سەرەوە شێعر بە دیاریکراوی لە هەموو سەردەمێکدا لەڕێگەی زمانەوە ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەبووە لە گەشەدانی ناسیۆنالیزمی خوەزاییدا. لەمە زیاتر تەنانەت پێشتر لەوەی کە ناسیۆنالیزمی نوێ لەدایک بێ ئەدەبی کوردی لە کەسایەتی "مەم و زین"دا ویستوویەتی ڕەهەندی سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی لە ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزمی سروشتی زیاد بکا، یان لانیکەم بانگەوازی زیادکردنی ئەم ڕەهەندە بکا. لە بەناوبانگترین وێناکانی ئەم بانگەوازە دەتوانین ئاماژە بکەین بە بانگەوازی "ئەحمەدی خانی" لە مەم و زیندا کە بە دێڕەشێعری وەک "گەر دێ هەبوویا مە پادشاهەک ـ لائێق بدییا خوەدێ کولاهەک..." زۆر پێشتر لە ناسیۆنالیزمی نوێ

هەم وەک خەون و هەم وەک ڕێباز دەیخاتە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی. دیسان شێعر لە سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێشدا ڕۆڵێکی ئەرێنیِ گەورە و بەرچاوی لە زیندووکردنەوە، بەئاگاهێنان و ئاراستەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی هەبووە. زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی سەدەی بیست شێعرییان وەک کەرستەیەک بۆ دروستکردنی نەتەوە و بەنەتەوەبوونی کورد بەکار هێناوە. ئەم دۆخە هەندێ جار تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە شاعیرانی کورد فانتازیای ئەدەبی خۆیان فیدای ئەم ڕێبازە

کردووە. لە یەکەمین نموونە دیارەکان شێعری "خاکی جزیر و بۆتان"ـی "حاجی قادری کۆیی"یە کە بانگەوازێکی ئاشکرایە بۆ ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی. ئەڵبەتە سەرەڕای هەموو ئەمانە دیسانەوە ئەدەبیش بە هۆکارگەلێکی دیکەی وەک نەبوونی شێوەزارێکی هاوبەشی ئەدەبی، سنوورە دەستکردەکان، نەخوێندەواری بە زمانی دایک، پەرتەوازەیی و... هتد، بۆ ماوەیەکی زۆر لە قۆناخی سەرەتاییبووندا ماوەتەوە و تەنیا لەم دواییە نزیکانەدا تا ڕادەیەک توانیویەتی سنوورەکانی سەرەتاییبوون دەرباز بکا.

گۆرانی کوردیش هاوشان و هاوتەریبی ئەدەب بە بەراوردێکی ڕێژەیی، لە زۆر بواردا تا ڕادەیەکی زۆر باش توانیویەتی هەم ناسیۆنالیزمێکی گشتگیر بژی و هەمیش لە ئاراستەکردنی ناسیۆنالیزم بەرەو هێنانەئارا و دروستکردنی ڕۆحێکی نەتەوەیی بەتایبەت لە نزیککردنەوەی شێوەزارەکان سەرکەوتوو بووە. لە بیریشمان نەچێ کە ئەگەرچی ئەم پێگە و باندۆرەی هونەری گۆرانی بە زۆری دەکەوێتە خانەی ناسیۆنالیزمی سروشتییەوە تا ناسیۆنالیزمی نوێ، بەڵام لە دروستکردنی ئاگابوونێکی بەکۆمەڵ لە ڕاستای بوژانەوەی ناسیۆنالیزمی نوێدا کاریگەری هەبووە. بە واتایەکی دیکە گۆرانی وەک تاقە بواری ئاوارتەی جیهانی فەرهەنگی کوردی هەم بە مانای گشتگیربوون و هەمیش بە مانای هاوبەشبوون، لە وێناکردن و دروستکردنی ڕۆحێکی یەکپارچەی کوردی، تا ئەندازەیەکی

دیار و بەرچاو بەنەتەوەبوونی پێوە دیارە. ئەڵبەتە ئاماژە بەم خاڵەش گرنگە کە لەوانەیە ئەم بەنەتەوەبوونە دیسانەوە تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوی ئەو فەرهەنگە زارەکییە بێ کە تا ئەندازەیەک بەشێکە لەو ڕەگەزە خوەزایی و سرۆشتییەی ناسیۆنالیزمی کوردی. بە مانایەکی دیکە تەنانەت ئەم بەنەتەوەبوونە سروشتییەش بە جۆرێ لە جۆرەکان دەسپێک و سەرەتای یەکەمین هەنگاوەکانی بەنەتەوەبوون و ناسیۆنالیزمی نوێی جڤاکی کوردییە.

ئەگەر لەم بوارە گەڕێین، ڕووبەری ڕۆشنبیری کوردی بە گشت ڕەهەندەکانییەوە نەتەنیا نەیتوانیوە ناسیۆنالیزمێکی تەندروستی گشتگیر بێنێتە ئاراوە، بەڵکوو تەنانەت نەیتوانیوە بۆ خۆشی ئەو ناسیۆنالیزمە تەندروستە بژی. بۆ وێنە هەروەک سیاسییەکان هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد زیاتر لە زمانێکی بێگانە دەزانێ، کەچی زۆربەی هەرە زۆریان لەگەڵ زاراوەکانی دیکەی زمانەکەی خۆیاندا نامۆن. ئێستاش زۆرن ئەو هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کە وێڕای شانازیکردنی زارەکی بە کوردبوونی خۆیان، هێشتا بە زمانێکی سەردەست بەرهەم دەئافرێنن. زۆرێک لەم نووسەر و هونەرمەندانە نەتەنیا خزمەتی فەرهەنگی سەردەست دەکەن، بەڵکوو هەموو سامانێکی فەرهەنگی کوردیش دەبەن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگە سەردەستەکانی کوردستان. لەنێو ئەو بلیمەتانەش کە بە کوردی دەئافرێنن، بە شێوەیەکی

ڕەها زۆربەی هەرە زۆریان لە بازنەی شێوەزار و لە سنووری پارچەکەی خۆیاندا قەتیس ماونەتەوە و نەیانتوانیوە ئەو سنوورانە دەرباز بکەن. ڕەنگە هەندێ کەس بیر لەو پاساوە بکەنەوە کە سەرکەوتن بەسەر سنوورە دەستکردەکانی وەکوو سنووری دەوڵەتانی داگیرکەر، دابڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی جڤاکی کوردی و بەگشتی دۆخی داگیربوونی کوردستان ئەم کارەی ئەستەم و ئاستەنگ کردبێ. بەڵێ ئەمە تا ئێرە ڕێژەیەک لە ڕاستی تێدایە، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئەم پاساوە بە ئاراستەی نانەتەوییبوونی ڕۆشنبیرانی کورد کز و لاواز دەکاتەوە بریتییە لەو کەمتەرخەمی و خەمساردییەی کە ڕۆشنبیرانی کورد لەپێناو ڕەواندنەوەی بەربەستە دەروونییەکانی ناسیۆنالیزمی سروشتی دەینوێنن. بۆ وێنە یەکێ لەم بەربەستە دەروونییانە بەربەستی شێوەزارەکانە. گەلۆ سەدا چەندی ڕۆشنبیرانی کورد ئاشنای زاراوەکانن؟!. دەتوانین ئەم نائاشنایی و نامۆبوونە لە هێمای هۆنراوە بەناوبانگەکەی شێرکۆ بێکەس بۆ شەهید شیرین و هاوڕێیانیدا ببینین کە تێیدا "تاق وەسان" بە "تاق بوستان" ناو دەبا. ئەمجۆر چرکەساتانە وەک لە شوێنی دیکەش ئاماژەی پێدەکەم لەو ساتەوەختانەن کە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و ناسیۆنالیزمی تەندروست هەرکامیان ئەویتر بەرەو خۆێ ڕادەکێشێ و بەردەوام لە ناخی مرۆڤی داگیرکراوی کورددا لە شەڕدان. ئەڵبەتە شایانی ئاماژە پێکردنە کە هۆنراوەی لەم چەشنە و کەسانی گەورەی لە وێنەی خودی شێرکۆ بێکەس

نموونەگەلێکی جوان و بەهێزن کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک بەملاوە توانیویانە هەم لە ڕووی فەرهەنگی و هەم لە ڕووی سیاسییەوە ببنە بزوێنەر و دینامۆی گەورەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و بەنەتەوەبوون بە ئاراستەی دژەداگیرکاری لەم سەردەمەدا. میناک و ئاماژەیەکی بەهێزی دیکە ڕۆمانی تازەی بەختیار عەلییە بە ناوی "داگیرکردنی تاریکی". بەڵام ئەم هەوڵانە هێشتا نەبوونەتە ڕەوت و بزاوت و هێشتا تێری ئەوە ناکەن کە بڵێین ڕووبەری فەرهەنگی و فەزای ڕۆشنبیری کوردی فەزایەکی تەواو نەتەوەییە و دەتوانێ درز و چاڵەکانی نێو ئەم فەرهەنگە بە ئاراستەی دروستکردنی نەتەوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی بە تەواوەتی پڕ بکاتەوە.

ئاماژەکانی ئەم ناتەواوییە زۆرن و بەرچاویشن. مەگەر بەدەگمەن نووسەر، شاعیر و ڕۆشنبیرێکی کورد بدۆزرێتەوە کە پرسێک یان چەمکێک لە ئاستی گشتی کۆمەڵگای کوردیدا بووڕووژێنێ و باسی بکا. بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد هەم بە ڕۆح و هەم بە تێگەیشتن، نەتەنیا لەنێو پارچەکانی خۆیاندا قەتیس ماونەتەوە، بەڵکوو بە تۆخی ژیانێکی ڕۆحی عێراقیبوون، تورکیبوون، سووریبوون و ئێرانیبوون دەژین. بە واتایەکی دیکە ڕووبەری ڕۆشنبیری کوردی هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئەو دۆخی بەکۆمەڵبوونەی کە پێویستییەکی بنەڕەتی بەنەتەوەبوونە. باشترین بەڵگە ئەو نەزانینە تۆخەیە کە لە ئاست شێوەزارەکانی زمانی

کوردی بە زار و سیمای ڕۆشنبیرانەوە دەبینرێ، لەحاڵێکدا هەر هەموویان تا دوا ڕادە سینگی خۆیان بۆ زمانی داگیرکەران واڵا کردووە. لەم ڕۆژانە کە خەریکی نووسینی ئەم دێڕانە بووم، ڕێبین هەردی کە یەکێکە لە سیما دیارەکانی فەزای ڕووناکبیری کوردی(لانیکەم لە باشوور) و لە پاشخوانێکی فەرهەنگی گەورەوە هاتووە، لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا بە بایبوونێکی سەیرەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن ڕۆژانە بە قسەکردن و بە گۆرانی گوتن زمانی فارسی دەدا بە گوێ و بە ڕۆحی منداڵەکانیدا. ئەمە لەحاڵێکدایە کە بە ئەگەری زۆر پێناچێ نە منداڵەکانی و نە خۆشی سەدا یەکی ئەو حەز و خولیایەیان بۆ کورمانجی هەبێ!. ئەمە دۆخی ڕۆشنبیرانی کوردە کە لە ئەنجامدا نە بەو مانایەی کە خەمخۆری هێما گشتییە هاوبەشەکانی نەتەوە بن و نە بەو ماناشە کە ببنە ناوێکی ناودار و هێمایەک لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوەی کورد، زۆربەی هەرە زۆریان نەیانتوانیوە وەک کەسێکی نەتەوەیی خۆیان وێنا بکەن. ئەگەر بمانەوێ نموونە بێنینەوە، تەنانەت لەنێو ڕۆشنبیرانە گەورەکانیشدا بە ئاسانی دەتوانین نموونە بدۆزینەوە. سەرووی ٩٠%ـی بەرهەمەکانی "بەختیار عەلی" لە فەزای باشووردا تێدەپەڕن و لە ڕۆحی ئەو بەرهەمانەدا کورد و کوردستان بریتییە لە باشوور بە تەنیا. لە "جەمشیدخانی مامم"دا بەختیار عەلی بە ئاشکرا مەبەستی لە کوردستان تەنیا باشوورە و ڕۆژهەڵات وەک ئێران پێناسە دەکا. نموونەیەکی دیکە "مەریوان وریا

قانع"ـە. دیسان لە ڕووبەرێکی ئاڵایە ڕەهای هزر و لێکدانەوەکانی مەریوان سەبارەت بە کورد، کوردستان بریتییە لە باشوور. ئەڵبەتە ئەم دوو ناوە تەنیا وەک میناک هێنرانەوە و ڕووبەری گشتی فەزای ڕۆشنبیری کوردی ڕووبەرێکی بە تەواوەتی دابەشکراوە کە ناسیۆنالیزمێکی سنووردار دەژی و لە باشترین دۆخیدا لە ناسیۆنالیزمێکی پارچەییدا بەسەر دەبا و ژیان دەکا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ لە بەراوردکردنی ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی و سیاسی لەگەڵ یەکتریدا بدرێ. لەوانەیە هەندێ جار ناسیۆنالیستی سیاسی بەئەنقەست سەرەتایی بنوێنێ و بۆ وێنە لە گەمە سیاسییەکاندا تەنانەت دژی هەندی لە ڕەگەزەکانی نەتەوەکەی خۆی قسە بکا و بە ڕواڵەت دژیان بوەستێتەوە، بەڵام کەسی ڕۆشنبیر بەهۆی دووربوون لە گەمە سیاسییەکان و پەرێزبوون لە سەوداکانی سیاسەت و خۆگونجاندن لەگەڵ ڕاسەڵە و باڵانسی هێز لە جیهانی سیاسەتدا، پەیوەندییەکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕاسکانی لەگەڵ نەتەوەدا هەیە و ناسیۆنالیزمێکی یەکڕوو و ئاشکرا دەژی. هەر بۆیە ناسیۆنالیزمی کەسی ڕۆشنبیر ڕێک ئەو شتەیە کە دەینوێنێ و ئەو جۆرەیە کە بیردەکاتەوە و تێیدا دەژی. کە وابوو، سەرەتاییبونی ناسیۆنالیزمی ڕۆشنبیر سەرەتاییبونێکی قووڵ و کوشندەیە. قووڵ بە مانای ئەوەی کە بە تەواوەتی باوەڕی پێی هەیە و پێشی وایە ڕێگەی ڕاست ئەوەیە کە ئەو

دەیگرێتە پێش و کوشندە بە مانایە کە ڕۆشنبیر وەک هێزێکی بەرهەمهێنەری هزری جڤاکی و هەستی بەکۆمەڵبوون بە ئاسانی دەتوانێ ئەم سەرەتاییبوونە لە ڕووبەری گشتێ کۆمەڵگەدا پەخش و بڵاو بکاتەوە و بیکا بە سەرەتاییبوونێکی گشتی و گشتگیر. لەوانەیە ئاپۆ بەشێک لەم ڕاستییەی بینیبێ کە گوتوویەتی ڕۆشنبیری کورد لە دۆخی داگیربوونی کوردستاندا لەلایەک خۆی دەستەمۆی دەسەڵات بووە و لەلایەکی دیکەوە جڤاکی کوردی دەستەمۆ کردووە.

ئەگەر دیسانەوە بێینەوە سەر تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی چینی ڕۆشنبیری کورد، یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی سەرەتاییبونی فەزای ڕۆشنبیری کوردی بریتییە لە جۆری پەیوەندی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕەهەند و بەشەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تاکوو ئێستا پێکهاتە و هەیکەلی گشتی فەزای ڕۆشنبیری کوردی نە پاڵپشت و یاریدەرێکی باشی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، نە وەک ئاراستەکەر و ڕێگەخۆشکەر و ڕێپیشاندەری ئەم ناسیۆنالیزمە ڕۆڵی گێڕاوە و نە تەنانەت توانیویەتی تەواوکەری کێماسی و ناتەواوییەکانیشی بێ و کەلێنەکانی پڕ بکاتەوە. ئەم ناکارامەیییە بەتایبەت پەیوەست بە بواری سیاسەت زۆر ڕوونتر و ئاشکراترە. مرۆڤی ڕۆشنبیری کورد لەم بوارەدا لە نێوان سێ دۆخی دیاریکراودا قەتیس ماوە. یەکەم، یان بووەتە لایەنگر و ئەندامی پارتێکی کوردی و بەمجۆرە

ڕاستەوخۆ کەوتووەتە ژێر باندۆری ناسیۆنالیزمی ناچڵ و سەرەتایی لایەنێکی سیاسەتەوە و لەم ڕوویەوە بووەتە بڵندگۆی ناڕاستییەکان و ناتەواوییەکانی ناسیۆنالیزمی بواری سیاسەت. دووەم، یان بە پاساوی بێلایەنی و پاراستنی سەربەخۆیی خۆی نەیوێراوە کارە خراپەکانی بواری سیاسەتی کوردی لەقاو بدا و نەیتوانیوە هەناسە باشەکان و هەڵوێست و ڕێبازە ڕاستەکانیشی بە خەڵک بناسێنێ و بانگەشەیان بۆ بکا. سێیەم، بە درێژایی دۆخی داگیربوونی کوردستان لە سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێدا، ئەگەر وەک تاقە میناکی ئاوارتە ئاپۆی لێ دەرکەین، ڕۆشنبیری کورد هیچکات نەیتوانیوە یان نەیویستووە هیچ ڕێکارێکی گشتگیر و ئاراستەکەر بۆ دەربازبوون لە داگیربوونی کوردستان وەک گرنگترین گۆڕەپانی ناسیۆنالیزمی کوردی پێشکەش بکا و بە دروستی دژی داگیرکاری کە گەورەترین مەترسی سەر ناسیۆنالیزمی کوردییە ببێتەوە. بە بڕوای من ئەم دۆخە کە ڕۆشنبیری کوردی زیاتر لە سەد ساڵە تێیدا قەتیسە و هەتا ئێستاکەش نەیتوانیوە ببێتە بکەرێکی دیاری پێناسەکردن، ئاراستەکردن، یان لانیکەم ڕێنوێنیکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی، گرنگترین بەڵگەی سەرەتاییبوونی ئەم چینەیە لە بواری ناسیۆنالیزمدا.

لایەنێکی دیکە لە سەرەتاییبوونی ڕۆشنبیری کورد لە ناسیۆنالیزمدا بریتییە لەو ڕۆحی شەیدابوون و گیرۆدەبوونە بە فەرهەنگی

داگیرکەرانەوە کە لە خۆی دەینوێنێ و بە سیمای هەڵسوکەوتی چینی ڕۆشنبیرانی کوردەوە بە ئاشکرا دیارە. ئەم شەیدابوونە کە زیاتر لە بوویەرێک و دووان و دەیانە، بووەتە دیاردەیەکی گشتی لەنێو شەقامی ڕۆشنبیری کوردیدا، هێندە سەیر و سۆسرەتە کە وەک گیرۆدەبوونێکی بەکۆمەڵی جڤاکی دەنوێنێ تا مامەڵەکردنێکی ئاسایی هەندێ کەس لەگەڵ دەورەبەردا. هەموو کەسێک دەزانێ کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی ئەگەر مرۆڤ لەلایەن کەسێکەوە، یان بەناو و لەپێناو شتێکدا ئازار بدرێ و ستەمی لێ بکرێ، کەسی ستەم لێکراو لە ڕووی دەروونییەوە نەتەنیا لە خودی ستەمکارەکە ڕقی هەڵدەستێ، بەڵکوو لە هەموو شتێکی پەیوەندیدار پێشیەوە نەفرەت دەکا و تەنانەت لەمە زیاتر، لە ئەو شتانەش کە بەناو و لەپێناویاندا ستەمی لێکراوە بێز دەکا. بەڵام لە حاڵەتێکی نائاسایی و سەیر و سەمەرەدا ڕۆشنبیری کورد سەرەڕای پێزانین و بەئاگابوون لەو هەموو هێرشەی کە فارس و تورک و عەرەب بەناو و لەپێناو وڵات، نەتەوە، فەرهەنگ و زمانی خۆیاندا لێی دەکەن و ڕاستەوخۆ ڕەگەزەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی ئەم دەکەنە ئامانج، کەچی دیسانەوە بە باوەشێکی ئاوەڵا بەرەو پێیان دەچێ، حەزیان لێدەکا، چێژیان لێ وەردەگرێ و لە هەموو ئەمانە خراپتر زۆرجار خۆویستانە خزمەتیشیان دەکا. ئەڵبەتە دیارە لێرەدا من باس لەو کەسانە ناکەم کە لەلایەک بە ڕواڵەت خۆیان بە کورد دەزانن و بە زارەکی لە دانیشتن و

دیمانەکاندا شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن و لەملاشەوە بە تەواوەتی لە زمان و فەرهەنگی دایک دابڕاون و کەوتوونەتە خزمەت فەرهەنگی سەردەستی داگیرکەرانەوە. ئەم چینە کە کەمیش نین، تەنانەت لە ناسیۆنالیزمە سروشتییەکەش داماڵاون بە هیچ شێوازێ ناکەونە بازنەی نزمترین ئاستەکانی ناسیۆنالیزمیشەوە. ئەگەر ئەم توێژە وەلا بنێین، شەیدابوون بە فەرهەنگی سەردەست لەلایەن ئەو ڕۆشنبیر و فەرهەنگییانەی کوردەوە کە بە جۆرێ لە جۆرەکان خۆیان بە سەرکێش و جڵەوکێشی بزاڤی فەرهەنگی دەزانن، گەورەترین ئاماژەیە بۆ سەرەتاییبوونی فەزای ڕۆشنبیری کوردی لە مامەڵەکردن لەگەڵ فەرهەنگی دایک و بێباکبوون و کەمتەرخەمییە لەمەڕ ئەم ڕەگەزە بنگەهینەی بەنەتەوەبوون. وەک پێشتر گوتمان ئەم نارێکییە چیدی بوویەر و حاڵەت نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی گشتگیرە لەنێو فەزای ڕۆشنبیری کوردییە. ئەم پەتایە وای لە ڕۆشنبیری کورد کردووە کە لەوە دەرچووە تەنانەت بە مانا سروشتییەکەی، زمان و فەرهەنگی کوردی وەک یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزم بزانێ. ئەم بوونەوەرە جڤاکییە کە دەبێ لە دۆخی ئاساییدا لەڕێگەی زمان، فەرهەنگ و ئەدەبەوە دینامۆیەکی بەهێزی بەناسیۆناڵکردن و بەجڤاککردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بێ، کەچی تەنانەت بە چاوی کیانێکی زمانی و فەرهەنگی یەکپارچە و یەکەیەکی کولتووری و ڕۆشنبیری یەکدەست سەیری

نەتەوەی دایک ناکا. هەر بۆیە ئەگەر بە کوردی قسە دەکا، ئەگەر بە کوردی دەنووسێ، یان ئەگەر بەرهەمێکی هونەری و ڕۆشنبیری بەرهەم دێنێ، ئەوە ئەنجامی ناسیۆنالیزمێکی بەئاگا ڕێکوپێک و تەندروست نییە، بەڵکوو ئەنجامی پێملبوونێکی خوەزایی و ناچارییەکی سرۆشتییە کە وەک ئەندامی نەتەوە پێی ڕاهاتووە. بە مانایەکی دی ئەنجامی هەمان غەریزەی ناسیۆنالیزمی خوەزاییە کە هێشتا لە دەسپێک سەرەتاکانی خۆیدا ماوەتەوە. ئەم ناسیۆنالیزمە ئەگەر سەرەتایی نەبایە، تا ئێستا دەیتوانی لە پڕڕەنگ کردنەوە و زیاتر بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ئاراستەی لانیکەم ناسیۆنالیزمێکی تەندروست ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێ. مخابن هەتاکوو ئێستاش هێندە لە قۆناخی سەرەتایی خۆیدا پەنگ دەخواتەوە کە چاوەڕوانی و ئومێدی ئەوەی لێ ناکرێ کە ناسیۆنالیزمی گشتی نێو شەقامی جڤاکی کوردی کە لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەین کە تا چی ڕادەیەکی ترسناک بە تۆخی لە سەرەتاییبوونی خۆیدا دەژی، بخاتە سەر ڕێبازی ڕاستی خۆی.

## ٣- مامۆستایانی ئایینی

لەوانەیە ئەندازەی باندۆری توێژی سیاسی کورد لە چارەنووسی گشتی و هەروەها ڕادەی کاریگەری چینی ڕۆشنبیر لەسەر ئاراستەی فەرهەنگی گەلی کورد بە ڕوونی دیار نەبێ، بەڵام بێگومان کاریگەری بەهێزی مامۆستایانی ئایینی لەسەر کولتووری ڕۆژانەی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بە ئاشکرا دیار و بەرچاوە. هەر لە کوێرەدێیەکەوە بگرە هەتا گەورەشاری ملیۆنی لەنێو خەڵمدا بوونیان هەیە. هەر لە نەخوێندەواری زگماکەوە بگرە هەتا خوێندەواری پلەباڵا گوێگریان هەیە. هەر لە هەژارانەوە بگرە هەتا دەوڵەمەندان هەموو کەسێ دەکەنە بەردەنگی خۆیان. بە مانایەکی دی هەر لە شایی تاکوو پرسە، لە ڕۆژبوون تاکوو مردن، لە خوازمەنی تاکوو تەڵاقدان و بەکورتی لە هەموو کات و سات و هەموو قوژبنێکی ژیانمان ئامادەن و قسەیان هەیە و ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو لە ئاراستەکردنی تێڕوانین، هەڵوێست و بەگشتی ژیانی ئێمەدا دەگێڕن. بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە کە ئەم چینە لە کوێی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیدا دانیشتوون و باندۆریان بەرەو کامە ئاراستەیە؟!.

جارێ بەر لە هەموو شتێک بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی مامۆستایانی ئایینی لە کۆمەڵگەی زۆرینە موسڵمانی کورددا بە درێژایی مێژوو لەژێر کاریگەری چەمکی "ئومەت"دا کوردیشیان وەک بەشێک لە ئومەتی ئیسلامی زانیوە. تەنانەت نموونەشمان هەن کە دژی بزاڤی دژەداگیربوون

و دەوڵەتی کوردی وەستاونەتەوە. دووەم تایبەتمەندی دەزگای مامۆستایانی ئایینی ئەمەیە کە جگە لەم سی ساڵی دواییە باشوور و ئەم دە ساڵەی دوایی لە ڕۆژاوای کوردستان دەزگای مامۆستایانی ئایینی لە هەر چوار بەشی کوردستان هەمیشە لەژێر چاودێری و فەرمانی دەوڵەتانی داگیرکەردا بووە و ڕاستەوخۆ گوتارەکانی ئەم دەوڵەتانەی گواستووەتەوە بۆ خەڵک. دیارە ئەم گوتارانەش سەداسەد دژی کورد وەک نەتەوە و بە شێوازێکی ئاشکراتر دژی بزاڤی دژەداگیربوون وەک هێمای سەرەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە. لەم سۆنگەیەوە دەزگای مامۆستایانی ئایینی بە جۆرێ لە جۆرەکان ڕێکخراوەیەکی دەستەمۆکردن و ڕاهێنانی کورد بووە بۆ قەبووڵکردنی هەیمەنەی داگیرکاری لە قاڵبێکی ئایینیدا.

لە هیچکەس شاراوە نییە کە زۆرینەیەکی بەرچاوی مامۆستایانی ئایینی بە ئاشکرا بەراورد بە هەموو شتێکی دیکە و بەتایبەت بەراورد بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم تا دوا ڕادە ئیسلام بە پیرۆزتر دەزانن. هەر بۆیە لە ئەگەری بەریەککەوتنی پرسە نەتەوەییەکان و بەرژەوەندی ئیسلام بە ئاشکرا لایەنی ئیسلام دەگرن. ئەم خاڵە وای کردووە کە داگیرکەران هەمیشە خۆیان وەک نوێنەری ئیسلام پێناسە بکەن و زۆرێک لە مامۆستایانی کورد ئەم نوێنەرایەتییەیان پێ قەبووڵ کراوە و ئامادە نین بە هیچ شێوازێ بەرانبەری بوەستنەوە. بۆ وێنە زۆرجار لە زۆرێک لە مزگەوتەکانی

کوردستان پارتە سیاسییەکانی کوردی بە تیرۆریست ناو دەبرێن. هەر ئێستا ئاخوندە کوردە شیعەکانی ڕۆژهەڵات سەداسەد دژی هەموو بزاڤێکی کوردین و لە کەسایەتی کۆماری ئیسلامیدا سەداسەد پشتیوانی لە داگیرکاری دەوڵەت نەتەوەی فارس دەکەن. هەر ئێستا کەم نین ئەو مامۆستا و مەلا سونە ئیخوانی سەلەفییانەی کە تەنانەت لە باشووری ئازاددا دەژین و ئامادە نین کردەوە داگیرکارییەکانی ئەردۆگان و دەوڵەتی تورک ئیدانە بکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی وەک ئیخوانییەک ئەردۆگان لە خۆیان و بە بڵای خۆیان دەزانن. لەمە خراپتر زۆر کەسیان تێدایە کە بە ئاشکرا کوژراوانی داعش بە شەهید دەزانن.

ئەوەی ڕاستی بێ چینی مامۆستایانی ئایینی وەک دەزگایەکی زەبەلاحی خاوەن گوتار و خوەدی باندۆر لەسەر جڤاکی کوردی هەمیشە خوێندنەوەیەکی سەرەتاییان لە ئیسلام نیشانی خەڵک داوە کە دژی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەتایبەتی دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بووە. لەبیرمان نەچێ کە ئایینی ئیسلام زۆر چەکی بەهێزیشی تێدایە کە بتوانرێ لەپێناو نەتەوەدا کەڵکی لێ وەربگیرێ، بەڵام دەزگای مامۆستایانی کورد هیچکات نەیویستووە ئەو چەمکانەی ئیسلام کە بە ئاشکرا هانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری و ستەمکاری دەدەن بدا بە گوێی بەردەنگی کوردی داگیرکراو و ستەم لێکراوی خۆیدا. هیچکات لەو ئامرازانەی کە ئیسلام وەکوو چەکێک دەتوانێ بیخاتە بەردەست کوردی

موسڵمانی داگیرکراو کەڵکی وەرنەگرتووە. بۆ وێنە لەحاڵێکدا هەموو داگیرکەرانی کوردستان بە چەواشەکردنی چەمکی جیهاد وەکوو چەکێکی کاریگەر دژی نەتەوەی کورد بەکار هێناوە، کەچی تا ئێستاکە هیچ موفتی و مامۆستایەکی کورد دژی داگیرکەرانی کوردستان فەتوایەکی نەداوە. بە مانایەکی دی ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئیسلام ڕاستەوخۆ دژی ناسیۆنالیزمی کوردییە بۆچوونێکی هەڵەیە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە بۆ ئەم تێگەیشتنەی کە ئەوەی ئیسلام و بەگشتی ئایینی بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی کوردی بە کۆسپ داناوە بریتییە لە یەکەم، بەکارهێنانی ئایین وەکوو چەکێکی بەهێز دژ بە کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە و دووەم، خوێندنەوەی سەرەتایی و ساویلکانەی مەلایانی کوردە لە ئایین بە ئاراستەی نەخستنی چەمکەکانی لەپێناو ناسیۆنالیزمی کوردی و کەڵک وەرنەگرتن لێیان لەپێناو دۆزی کورددا.

مامەڵەکردنی سەرەتایی و ناتەندروستی مەلایانی ئیسلامی لەگەڵ نەتەوەی دایک و ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕاستیدا ئەنجامی تێگەیشتنی ناتەندروست لە چەمکەکانی ئیسلام و خوێندنەوەی ناڕاستی ئەوانە لە پەیوەندی نێوان ئیسلام و نەتەوەپەروەریدا. ئەمجۆرە سەرەتایی مامەڵەکردنە زۆرجار لە زیان گەیاندنێکی هەڵە بە نەتەوەی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی تێپەڕ دەکا و ڕاستەوخۆ ڕەگەزەکانی بەنەتەوەبوون و بنەماکانی ئەم ناسیۆنالیزمە دەکاتە ئامانج و ڕاستەڕاست دەبێتە

هەڕەشە و مەترسی لە سەریان. یەکێ لە نموودە هەرە دیارەکانی ئەم هەڕەشەیە هەڵوێست و جۆری ڕەفتاری مامۆستایانی ئیسلامییە لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکەی کوردستاندا. بۆ وێنە بە ئاشکرا شوێنکەوتووانی یارسان بە کافر دەزانن و تەنانەت زۆرجار نانی دەست ئەوانیش بە حەرام دەزانن. ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو دەڤەرانەی کرماشان ژیابێ کە پێکهاتە ئایینییەکان تێیاندا پێکەوە دەژین، بە ئاشکرا دەزانێ کە خەڵکی سونەمەزهەب لەژێر باندۆری مەلایانی سونەدا گۆشتی دەستی یارسانەکان ناخۆن و مەگەر بەدەگمەن هاوسەرگیری لەگەڵیان ناکەن. بەکورتی مەلایانی سونە دژایەتییەکی شاراوە لەگەڵ ئەم ئایینانەدا دەژین و ئەگەر دەرفەتێکیانیش بۆ بڕەخسێ شەرم و باکێکیان لە ئاشکراکردنی نییە. ئەم دژایەتیکردنە تەنیا لەگەڵ ئایینەکانی کوردستان وەک بەشێک لە بەکۆمەڵبوون و بەجڤاکیبوونی ئەم گەلە نییە، بەڵکوو مامۆستای کوردی موسڵمان تەنانەت توانیویەتی خۆی بگەیێنێتە بەرزترین لووتکەکانی دەسەڵاتی ئایینی جیهانی ئیسلام و لەوێشەوە دژایەتی نەتەوەکەی خۆی بکات و دژی ناسیۆنالیزمی کوردی بوەستێتەوە. نموونەی بەردەست لەم سەردەمەدا "عەلی قەرەداخی"یی ئەمینداری گشتی زانایانی ئیسلامە کە بە ئاشکرا هاوڕێ و دۆستی ئەردۆگان و دەوڵەتی فاشیستی تورکە. ئەم پیاوە هیچکات ئامادە نەبووە دژی دەستدرێژییەکانی داگیرکەران بۆ سەر کوردستان بوەستێتەوە و

تەنانەت لە کەسایەتی دەوڵەتە ئیخوانییەکەی تورکیادا پشتیوانیشی لێ کردوون.

ئەم سەرەتاییبوونە لە ناسیۆنالیزمی پیاوانی ئایینی ئەگەرچی پشکی شێری وەبەر مامۆستایانی ئیسلامی دەکەوێ، بەڵام بەشێکی گەورەی دیکەشی لە ئەستۆی پیاوانی ئایینی سەر بە ئایینەکانی دیکەی کوردستانە. لەحاڵێکدا کە بەشێکی گەورەی مەلایانی کوردی سونە ڕاستەوخۆ پەیامەکانیان بە زمانی کوردی دەگەیێننە خەڵک و ڕەنگە بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەم ڕەفتارە خاڵێکی ئەرێنی ئەوان بێ سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی، کەچی لە لایەکی دیکەوە بۆ نموونە گەورەکانی ئایینی یارسان یان شێخەکانی ئێزیدییەکان بۆ خۆیان ڕێگرن لە بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکانی ئەم ئایینانە کە بە زمانی کوردیش نووسراون و دەتوانن هێزێکی فەرهەنگی و مەعنەوی زۆر گەورە بدەن بە زمانی کوردی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی زۆر لە گەلی یارسان بە ساڵانە لە نەبوونی تێکستە ئایینییەکانی خۆیان و لە کەمتەرخەمی ڕێبەرانی ئەم ئایینە و لەژێر گوشار و تەوژمی فەرهەنگی زمانی فارسیدا خۆویستانە دەست لە زمانی کوردی بەردەدەن و منداڵەکانیان لە زمانی دایکی و لە نەتەوەی دایک دادەبڕن. ئەم دۆخە لەحاڵێکدا ڕوو دەدات کە ئەگەر پیاوانی ئایینی یارسان و ئێزیدی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست ژیابان، جیلوە و مەسحەفی ئێزیدییەکان و کەڵامەکانی یارسان

دەیانتوانی ببنە بنگەهێکی دیرۆکی، فەرهەنگی و مەعنەوی پتەو و بەهێز نە بۆ خۆیان، بەڵکوو بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی بەگشتی.

کورت و کورمانجی، مەلایان و مامۆستایان و پیاوانی ئایینی کورد، یان دەقیقتر بڵێین ئەوانەی کە بە هەر جۆرێ لە جۆرەکان بە ناوی ئایین و وەک نوێنەری ئایینێک دەدوێن، بەشێکیان لە ئایینەکەیاندا بە شێوازێک تواونەتەوە کە ڕاستەوخۆ دژی هەبوون یان لایەنیکەم دژی بنیادەکانی نەتەوەی خۆیان دەوەستنەوە و بە هەموو پێوەرێک خائین بە ناسیۆنالیزمی کوردین. ئەگەر لەمانە گەڕێین زۆرینەی ڕەهای ئەوانی دیکە بە ئاشکرا پەیوەندی ڕۆحییان لەگەڵ ئاییندا زیاترە لەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە لەگەڵ نەتەوەی دایکدا هەیانە و هێندەی ئایین نەتەوەکەیان بۆ گرنگ نییە و بە پلەی چەندەم لە دوای ئایینەکەیان دایدەنێن و ئاشکرا ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەجێ ناهێنن و لە باشترین حاڵەتدا ئەندامێکی کەمتەرخەمن کە ئەندامەتییەکی غەریزی و سەرەتایی دەژین. ئەمانە کە بە تێگەیشتنێکی سەرەتایی لە ئایین و نەتەوە بارگاوی کراون، چۆنکە زۆرترین بەردەنگیان هەیە ڕاستەوخۆ ئەم سەرەتاییبوونەش دەرخواردی خەڵکی ئاسایی و شەقامی کوردی دەدەن و تەنانەت زۆرجار لەپێش توێژی سیاسی و چینی ڕۆشنبیرانی کوردەوە گەورەترین دەزگای بەرهەمهێنی ناسیۆنالیزمی سەرەتایین.

### ٤- شەقامی کوردی و خەڵکی ئاسایی:

کورد دەڵێ "یەکێ لە شارەوە دێ و یەکێ هەواڵی شار دەپرسێ". ئێمەمانان کە گشت تەمەنمان لە کوردستان ژیاوین و کورد گوتەنی لەنێو خودی شارەکەدا چاومان هەڵهێناوە و باڵامان کردووە، ئەگەر تۆزقاڵێ سەرنجی دەوروبەرمان بدەین بە ئاسانی دەتوانین لە ناخ و کرۆکی ناسیۆنالیزمی شەقامی کوردی تێبگەین. و ئەڵبەتە هیچ گومانێکیش لەمەدا نییە کە ڕاسکانیترین و بەرفراوانترین جۆری ناسیۆنالیزم هەر ئەوەیە کە لەسەر شەقام و لەنێو خەڵکی ئاساییدا دێتە ژیانکردن. با بە بەراوردی چەند میناکێک کە لەم ڕۆژانەدا و لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا هاتوونەتە ئاراوە بچمە ناو باسەکەوە. لەم ڕۆژانەدا سوپای داگیرکەری تورک هێرشێکی بەرفراوانی کردووەتە سەر باشوور. هاوکات لە دوو بوویەری ئاسایی جیاوازدا، لە سلێمانی کچ و کوڕێکی گەنج لە مانگی ڕەمەزاندا سەمایەکیان لەسەر شەقام ئەنجام دا. هەر وەها کچێک لەسەر شەقامێکی هەولێر چەند لاپەڕەی دڕاوی قورئانی دۆزییەوە. بە دڵنیاییەکی ڕەهاوە دەڵێم کە لەنێو خەڵکدا ئەو هەڵوێست و مەراقانەی کە بە ئاراستەی هێرشەکەی تورکیا ڕۆیشتن تەنانەت سەدا یەکی ئەو کاردانەوانە نەبوو کە دژ بە بوویەرەکانی سلێمانی و هەولێر هاتنە ئاراوە. هەر ئەمە خۆی بە تەنهایی دەتوانێ ڕادە و ڕێژەی گرێدراوی و وابەستەگی مرۆڤی کورد لانیکەم کوردی باشووری بە نەتەوە و نیشتمانەوە نیشان بدا.

ئەڵبەتە دۆخی پارچەکانی دیکەش لە باشوور زۆر باشتر نییە، بەڵام ئەم میناکە و سەدانی هاوشێوەی دیکە کە لەم سی ساڵی دواییەدا لە باشوور ڕوویانداوە لەم ڕوویەوە بۆ نموونە هێنانەوە گرنگن کە ئازادی گەورەترین گۆڕەپانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمە و لە هەبوونی ئازادیدایە کە ناسیۆنالیزم بە جوانی دەتوانێ ناخی خۆی دەرخا و بینوێنێ کە لە چی ئاستێکدایە. بە هەرحاڵ لە باشوور گوایە ئازادییەک و دەسەڵاتێک و پەروەردەیەکی خۆماڵی هەیە و ئەگەر گرێدراوی و مامەڵەکردنی تەندروستی خەڵک لەگەڵ ڕەگەزەکانی نەتەوەدا هەبایە بێگومان تا ئێستا خۆی نیشان دابوو. بە مانایەکی دی لە ئەگەری هەبوونی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست لەم بەشەی کوردستان، لەم ماوەیەدا دەکرا و دەبا بە ئاسانی خۆی بنواندایە. بەر لەوەی بە میناکی بەردەست بیسەلمێنین کە نە لە باشوور، بەڵکوو لە تەواوی بەشەکانی کوردستان ئەوەی سەردەستە ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی و سەقەت و ناتەواوە، با هەر لێرەدا دان بەمەشدا بنێین کە پێشینە واتەنی "سەرسوار کە بشەلێ، بێگومان سوار دائەکەوێ". بێگومان بەشێکی گەورە لە تاوانی سەرەتاییبوونی ناسیۆنالیزمی شەقامی کوردی دەکەوێتە ئەستۆی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد کە لە بەشەکانی پێشدا باسمان کردن. هێمن لە دێڕەشێعری "وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهاندیدە، خەتای سواران نەبوو پێش سواران قورس و ناوەستان"، بە دروستی ئاماژە بەم تاوانە دەکات. ئەڵبەتە ئەوەی

لەم بەشەدا زیاتر دەچینە سەری بریتییە لە سەرەتاییبوون و تەنانەت نانەتەوەیبوونی مرۆڤی کورد کە دیسانەوە هێمن بە "من لەدەست خزمی خوێڕی و ئاشنای ئەحمەق هەڵاتم" سکاڵای لێ دەکا.

ئێمە بە شێوەیەکی گشتی خەڵکانێکین کە ڕەنگە بە جنێوێکی سادەی فارس، تورک یان عەرەبێک بە کورد تووڕە ببین، بەڵام بە داگیربوونی پانتاییەکی گەورە لە خاکەکەمان ناهەژێین و تەنانەت هەندێ جار ناهەسێین. سەرۆک و ڕێکخراو و پارت و ئایدۆلۆژیا ساز دەکەین لەپێناو بەدەست هێنانی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێ ناچێ کە ئامادەین نەتەنیا ڕزگاری، بەڵکوو خودی نەتەوە و نیشتمانەکەش لەپێناو ئەوانەدا بکەینە قوربانی.

یەکێ لەو بوارانەی کە ڕەفتاری مرۆڤی کورد تێیدا دەتوانێ ئاستی ناسیۆنالیزمی ئەم مرۆڤە دەستنیشان بکا گرێدراوی و چۆنێتی ژیانیەتی لە ئایینەکەیدا. لەڕاستیدا پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ژیانی ئایینی مرۆڤی کورد تا ڕادەیەکی زۆر دژی ژیانی ئاسایی ئەندامەتی ئەم مرۆڤەیە لەنێو نەتەوەی دایکدایە. هیچ شاراوە نییە کە زۆرینەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئاسایی کورد بە ئاشکرا ئایینەکەیان بەرتر لە نیشتمان و نەتەوە دەزانن. بەتایبەتی کوردی موسڵمان جگە لەم بە گرنگتر زانینەی ئایین بەرانبەر بە نەتەوەکەی، بە شێوەیەکی ساویلکانە

وەک هێمای خەلیفە و ئیمام و پێشەوا لە سەرکردەکانی داگیرکەران دەڕوانن و هەر لەم گۆشەنیگایەوە هیچکات ئامادە نین کردەوەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر شەرمەزار بکەن. لە بەرانبەردا زۆر کەس هەن کە بە بیانووی وەک کۆمۆنیست یان سیکۆلاربوون بە ئاسانی لە هێمای پارتێکی کوردیدا دژی نوێنەری بەشێکی گەورە لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەوەستنەوە. کەم نەبوون ئەو کوردانەی بوونە ئەندامی داعش تەنیا لەبەر ئەوەی وەک نوێنەری ئیسلام دەیانزانی. کەم نین ئەو کوردە سونییە ئیخوانییانەی کە ئەردۆغان وەک خەلیفەی خۆیان دەزانن و کەم نین ئەو کوردە شیعانەی کە وەک پێشەوا لە خامەنەیی دەڕوانن و لەمە سەیرتر کەم نین ئەو کوردانەی کە بە تێگەیشتنێکی منالانە لە چەمک و تێگینی ئومەت دۆزی ڕەوای کورد بە ناڕەوا دەزانن... .

مرۆڤی کوردی لە شێوە سەرەتاییەکەی خۆیدا دەتوانێ لەسەرجنێوێک بە جلوبەرگی کوردی بە شەڕدا بێ، بەڵام لە هەمان جلوبەرگدا بە ئاسانی تا ئاستی خیانەتی گەورە گەورەش جاشایەتی بکا، بە هەمان پۆششەوە گۆرانی ڕەسەنی کوردی لۆمە بکا. زۆر جار ڕوویداوە کە ئەم بوونەوەرە لە پەڤچوون و دەمەقاڵە لەگەڵ کەسێکی بیانی بە کوردبوونی خۆی هەڕەشەی لە بەرانبەر کردووە و ترساندوویەتی، کەچی لە ماڵەوە بە خواست و ئیرادەی خۆی هەمان کوردبوونی لە منداڵەکەی قەدەخە کردووە زمانێکی سەردەستی فێر کردووە. ئەم بوونەوەرە بە سادەگی

دەتوانێ بۆ لۆمەکردنی سەرکردەیەکی خۆی داگیرکەرێکی وەکوو سەدامیش بە شەهید بزانێ. دەتوانی لایەنگری پارتێکی کوردی بێ و بەڵام کاتێ لەگەڵ هاوسێیەکی بە شەڕدا دێ، لە دادگای دەوڵەتی داگیرکەر بوختانی لایەنگریکردن لە هەمان پارت بداتە پاڵ هاوسێکەی... .

ئەم سەرەتاییبونە لە ناسیۆنالیزم کە لە کەسایەتی تاکی کوردیدا بە ڕۆژانە دوبارە دەبێتەوە زۆرجار و لە زۆر بواریشدا دەتوانێ بە ئاسانی ڕەهەندی جڤاکی بگرێتە پێش و لە قاڵبی بەکۆمەڵدا خۆی بنوێنێ. کەم نین ئەو عەشیرەتانەی کە لە ڕقی عەشیرەتی هاوسێ هەموویان بوونەتە جاش و داردەستی دەوڵەت. لەمە زیاتر، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی زۆری خەڵک لەڕێگەی ئایینەوە بوونەتە داردەستی دەوڵەتی داگیرکەر و بە ئاشکرا پارێزەری هەژمۆنی هەمە لایەنەی داگیرکەری فارسن. ئەڵبەتە لە بیرمان نەچێ سەرەتاییبون تەنیا پەیوەست بە ڕەفتاری مرۆڤی داگیرکراوی کورد سەبارەت بە داگیرکەر و دۆخی داگیربوون نایێتە ئاراوە. بۆ وێنە ڕەفتار و مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە یەکێکی دیکەیە لەو بوارانەی کە دەتوانێ پێوەر بێ بۆ ڕادەی تەندروستی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە خەڵکانی نیشتمانێک ژیانی دەکەن. هەموومان بەباشی لە ئاستی نزمی بێداری ژینگەیی مرۆڤی کورد بەئاگاین. دیسان باشوور نموونەیەکی دیارە کە سەرەڕای هەبوونی ئازادی نەتوانراوە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ژینگەدا بکرێ. ئەڵبەتە دۆخی بەشەکانی دیکەش زۆر جیاواز نییە، بەڵام

لەم ساڵانەی دواییدا لە باکوور و بەتایبەتتر لە ڕۆژهەڵات وەک کاردانەوە و دژایەتیکردنی سیاسەتی دژەژینگەیی داگیرکەران بزاڤێکی تا ڕادەیەک گشتگیر نەتەنیا بە ئاراستەی مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵ ژینگە، بەڵکوو تەنانەت بە ئاراستەی پاراستن و خۆدی دەرکەوتنی ئاگایانە لە نیشتمان لە ئارادایە. ئەم میناکە بەراوردییەی سەرەوە ئەم مانایە دەگەیێنێ کە سەرەتاییبون لە ناسیۆنالیزمدا هێندە بەهێز و پڕڕەنگە کە ئەگەر لە لایەکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی خۆی بدا، لەوانەیە هەمان کات لەو لاکەی دیکەوە بەرەو سەرەتاییبوونی زیاتر خەریکی پاشەکشە بێ. ئەم ڕەوتی گەشەکردن لە لایەک و پاشەکشە لە لایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی شەقامی کوردی لە بواری زمان و فەرهەنگیشدا بە ڕوونی دیارە. مامەڵەکردنی جڤاکی کوردی لەگەڵ زمانەکەیدا بە تاکی ئاسایی و نوخبەکانیشیەوە تا دوا ڕادە سەرەتایی و ناچڵ و ناتەواوە. عەتا محەمەد لە ڕۆمانی "پاسەوانانی خودا"دا ئەم دانووستاندنە سەرەتاییە لەگەڵ زماندا بە جوانی بەم شێوەیە وێنا دەکا: "مرۆڤی کورد پەیوەندییەکی سەیری بە زمانەوە هەیە و دەشێ تاکە میلەتێک بێت کە توانای خوێندنەوەی تێکستێکی هەیە کە هەڵەی نووسینی تێدا بێت، تێکستێک پڕ لە هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان." و لە درێژەدا بە پرسیاری وەک "ئەرێ ئێمە چۆن دەتوانین ئاوا بە هەڵە بنووسین؟، بڵێی ئێمە لە بنچینەدا

کێشەیەک لە تێڕوانینماندا نەبێت بۆ جیهان؟"، ئاستێ نائاساییبوونی ئەم کەمتەرخەمییە بێباکانەیە و ئەم ناڕێکییە خۆویستە دەستنیشان دەکات.

وەک لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد لە دەروونی مرۆڤی داگیرکراوی کورددا شەڕێکی بەردەوام لەنێوان تەندروستی و سەرەتاییبوونیدا لە ئارادایە و بەردەوام مرۆڤی کورد لەنێوان ئەم دوو جۆرە لە ناسیۆنالیزم لە هاتوچۆدایە. بەتایبەت ئەم گیرۆدەبوونە لە بواری زماندا بە تۆخی دەبینرێ. وەک میناک بەشێکی ئەم جڤاکە لەژێر سێبەری داگیربووندا لە هێمای گەڕانەوە بۆ زمان و فەرهەنگی دایک، بە تەعبیری پەشێوی مەزن خەریکی قیرە و لنگ کوتانی پێش لەدایکبوونە، کەچی هەمان کات لە باشووری ئازاددا بە جۆرێ کورد خۆی داوەتە دەست فەرمانڕەوایی فەرهەنگی تورکی و فارسی کە نەتەنیا ئەگەری لاوازبوونی ڕەگەزێ لە ڕەگەزەکانی بەنەتەوەبوون لە ئارادایە، بەڵکوو بنچینەی فەرهەنگی جڤاکی کوردی بە تەواوەتی لەژێر مەترسیدایە.

یەکێکی دیکە لەو نموودە هەرە دیارانەی کە بە سیمای ڕەفتارەکانی مرۆڤی کوردەوە دەردەکەوێ و بە ئاشکرا ناتەواوی و ناچلی پێوە دیارە و سەرەتاییبونی ناسیۆنالیزمی ئەم مرۆڤە هەم لە هەڵوێست، هەم لە تێگەیشتن و هەم لە تێڕوانینیدا دەردەخا بریتییە لەو کەمتەرخەمی و بێ هەڵوێستی و خەمساردییە کوشندەیەی کە لەکاتی دانووستان و

مامەڵەکردن لەگەڵ هێما دیارەکانی داگیرکاری سەر کوردستان دەینوێنێ. کەم نین ئەو کوردانەی کە تا دوا ڕادەی شەیدایی پەیوەست و گیرۆدەی هێما و سیمبۆلەکانی نەتەوە سەردەستەکانن. مخابن ئەم سیمبۆلانە تایبەت بە بوارێکی دیاریکراو نین و لە هەموو بوارەکاندا بوونیان هەیە. بۆ وێنە ئەوەی لە ڕۆژهەڵات و باشوور ژیابێ باش دەزانی کە چەندە کورد هەبن کە سەرسام و شەیدای هونەرمەندانی فارسی وەکوو شەجەریان و هایدە بن، بە هەمان ڕادەش هەن کەسانێکی دیکە کە تامەزرۆ و تینووی گەورەشارەکانی وەک ئەسفەهان و تاران و ناوچەکانی باکووری ئێرانن.

ئەڵبەتە ئەوەی من لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات تێبینیم کردبێ ڕکابەری ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و تەندروست لە دەروونی تاک و جڤاکی کوردی ئەم پارچەیەدا هەرچەند بە هێواشیش بێ خەریکە بەرەو لای تەندروستبوون دەشکێتەوە. تاکی کرماشانی سەرەڕای ئاسیمیلەبوون هێشتا حەسەن زیرەک یەکێ لە شانازییەکانیەتی و هێشتا ئەو ڕۆحە لە ناخیدایە کە هێمن گوتەنی "من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لەمێژینەم بەڵام، ڕێژنێکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕوان ببمەوە". لە کرماشان و کەلهۆڕ بەگشتی هەرچەند هێشتا بەرەو فارسی ڕۆیشتن بە تۆخی لە ئارادایە، بەڵام بە ئاشکرا زاراوەی کەلهۆڕی گەشە دەکا، سۆرانی لە برەودایە و لەمانە سەیرتر و دڵخۆشکەر ئەمەیە کە شێوەزاری کورمانجیش پێشوازی لێ دەکرێ. بەڵام لە بیرمان نەچێ سەرەتاییبون

هێشتا باڵادەستە و تاک و کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لە زۆربەی بوارەکاندا جگە لەوەی کە ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی دەژی، هەمیشە ئامادەگی ئەوەی تێدایە کە هەم وەکوو کەرستەی خاوی بەرهەمهێنانی ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییە لە بەردەستی ڕۆشنبیران، مامۆستایان، سیاسییەکان و زیاتر لەوان لە بەردستی سیستەمە داگیرکەرەکاندا ئامادە بێ و هەمیش وەک بەستەر و زەمینەی دروستبوونی ئەم ناسیۆنالیزمە ڕۆڵ بگێڕێ. ئەڵبەتە لە هەمان کاتدا ئەم گەلە بەهۆی هەڵگرتنی ڕەگەزە بنیادی و بنەڕەتییەکانی بەنەتەوەبوونێکی سروشتی و خوەزایی چەندین هەزار ساڵە بە هەمان ڕادە ئامادەیی ئەوەشی تێدایە کە سینگی بۆ ناسیۆنالیزمێکی تەندروست بکاتەوە.

## ٥- میدیای کوردی

هونەرمەندی ئەفسانەوی حەسەن زیرەک لە گۆرانییەکدا دەڵێ: "بمێنە وێنە، وێنەی ئاوێنە، ڕۆژی ڕەشی من دواڕۆژ بنوێنە". پێم وابێ لەم سەردەمەدا هیچ ئاوێنەیەک نییە کە لە میدیا وێنەنماتر و لە ڕاگەیاندن باڵانماتر بێ بۆ پیشاندان و وێناکردنی ڕۆژی ڕەشی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەو وێنەیەی کە میدیا و ڕاگەیاندنی کوردی لەو ناسیۆنالیزمەی کە ئێمە تێیدا دژین وێنای دەکا و بە شێوازێکی ڕووت دەیخاتە بەرچاومان لەڕاستیدا یەکێکە لە وێنە هەرە ڕاسکانی و هەرە ڕاشکاوەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە. جارێ با باسی حاڵ و ڕۆژی خودی میدیا بۆ خۆی بکەین. وەک لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەی پێکرا زۆرینەی پارتی کوردی ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی دەژین. لەم لاشەوە بە ئاشکرا زۆرینەی میدیای کوردی ڕاستەوخۆ وابەستەی پارتی کوردین. لە ئەنجامدا ناسیۆنالیزمی سەرەتایی ڕاستەوخۆ دەربازی میدیای کوردیش دەبێ. بۆ وێنە پارتی کوردی کە بە ئاشکرا تووشی سیندرۆمی گیرۆدەبوون بە داگیرکەرە، ئەم گیرۆدەبوونە لە هێمای زنجیرەی تورکی و درامای فارسیدا دەگوازێتەوە بۆ ناو تەلەڤزیۆنەکەی خۆی و لەوێشەوە بۆ نێو بنەماڵەی کوردی. ماڵباتی کوردیش کە بۆ خۆی زەمینەیەکی بەرچاوی هەیە لە گیرۆدەبوون و شەیدابوون بە فەرهەنگی داگیرکەر، دیسانەوە هێندەی دیکە لەنێو ئەم گیرۆدەبووتەدا قووتکە دەخواتەوە و لێرەدایە کە خێزانی

کوردی کە لە نووچەکانی بوردۆمان و ڕەشبگیری و سیدارە و بەندیخانەی داگیرکەر بێ تاقەت و ماندوو دەبێ، یەکسەر تەلەڤزیۆنەکەی دەگۆڕێ و پەنا دەباتە زنجیرە و درمایەک کە هەمان داگیرکەر وەک داوێک بۆی پان کراوەتە. بەکورتی بەشێک لە سەروتاییبونی ناسیۆنالیزمی میدیای کوردی ڕاستەوخۆ بەرهەم و ئەنجامی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی پارتەکەیەتی.

جگە لەمە وێڕای تەمەنێکی باش لە ئەزموون میدیای کوردی بەگشتی هێشتا ساویلکەیە و ناپسپۆڕ دەردەکەوێ و هێڵە سوورەکانی نەتەوە نازانێ، بەرژەوەندییە گشتییەکانی لەلای ناڕوونە، بەگوێرەی تێگەیشتنی پارتەکەی لە واتای نەتەوە و نیشتمان و ڕزگاری و داگیربوون دەڕوانێ و... هتد. بەم مانایە ئەم میدیایە دەزگایەکی سەرەتاییە کە ئاقارەکەشی بەرەو دروستکردنی ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی دەڕوا. ئەمەیە کە دەبینین بۆ وێنە بێژەرێکی تەلەڤزیۆنی لە خوێندنەوەی هەواڵی بۆردومانی خاکی کوردستان هێندەی پەرۆشی ئەوەیە کە بە دەنگێکی ڕەسا و بە حەماسەت هەواڵەکە بخوێنێتەوە، ئەوەندە لە خەمی ئەوەدا نییە کە تۆزێ لە نەفرەت و نەڕازیبوونی خۆی لانیکەم لە گفتار و ڕوخساری خۆیدا تێکەڵ بە هەواڵەکە بکا و بیسەری کورد لە داگیربوونی خۆی بەئاگا بێنێتەوە. یان ڕۆژنامەنووسێکی حیزبی لەباتی ئەوەی دڕندایەتی و ناڕەوایی هێرشی داگیرکەر لە گوزارشەکەی خۆیدا

بەرجەستە بکاتەوە، دێت و هەبوونی هێزێکی کوردی وەک پاساوی ئەو هێرشە بەرجەستە دەکاتەوە و لە هۆڤانەبوونی داگیرکەرەکەش کەم دەکاتەوە... .

بەمجۆرەیە کە میدیای کوردی کە لە کەشێکی جڤاکی ئاساییدا لەدایک نەبووە و بەرهەمی ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی سیاسەت و پارتی کوردییە و بۆ خۆشی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم خاوەن تێگەیشتنێکی سەرەتاییە. ئەڵبەتە پەیوندی میدیای کوردی و ناسیۆنالیزمی سەرەتایی لێرەدا کۆتایی پێ نایێت و میدیا چەندە وەک وێناکەر و نیشاندەرێکی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی ڕۆڵ دەگێڕێ، بە هەمان ئەندازەش لە پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ناسیۆنالیزمی شەقام بە ئاراستەی سەرەتاییبون باندۆری هەیە. لە ناسیۆنالیزمێکی تەندروستدا هەموو کەسێ لە هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە داگیرکەرەکەی بێز و نەفرەت دەکا، کەچی میدیای سەرەتایی کوردی بەردەوام نەتەنیا لە جوانییەکانی ئەو داگیرکەرە دەدوێ، بەڵکوو تەنانەت لە دووتوێی زنجیرە و گوزارش و گێڕانەوەی بریقەداردا بەردەوام جوانییەکی ساختە لەو فەرهەنگانە نیشانی خوێنەر و بیسەر و بینەری کورد دەدا. بەتایبەت ئەم ڕەوتە لەوپەری بێئاری و بێخەیاڵیدا لە بواری هونەردا بە شێوازێکی زۆر قێزەون لە ئارادایە. بۆ وێنە زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی فارس بە ئاشکرا دژی دۆزی ڕەوای کورد دەوەستنەوە، کەچی بە ڕۆژانە لە میدیای کوردیدا

نەتەنیا دەدرێن بە گوێی مرۆڤی داگیرکراوی کورددا، بەڵکوو وەک کەسایەتییەکی ڕێزدار و نموونەیەکی سۆپەرمانیش بۆی وێنا دەکەن. ئەم سەرەتاییبوونە لێرەدا ناوەستێ و زۆر لەمە ناتەندروستتر و خراپتریش لە لایەن میدیای کوردییەوە پەیڕەو دەکرێ. بۆ وێنە میدیای کوردی لە دەرخستنی دەنگ و ڕەنگی کەسێکی وەک تاتلیسەز کە نموونەیەکی گەورەیە لە خیانەت دژ بە هەموو ڕەگەزەکانی نەتەوە نەتەنیا بێشەرمانە سڵ ناکاتەوە، بەڵکوو وەک جۆرێک لە کراوەیی خۆی پێوە دەدا و لەوانەشە ڕەخنەگرەکەشی بە دەمارگرژ بزانێ.

ئەمانەی سەرەوە هەمووی جگە لەو ڕۆڵە زۆر گەورە و نەرێنییەیە کە میدیای کوردی بە دەیان ساڵ وەک چەکێکی بەهێزی ململانێی ناوخۆیی لە لایەن ناسیۆنالیزمی سەرەتایی سیاسەتی کوردییەوە بەکار هاتووە و بەڕاستی پاری هەرە گەورەی دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردی ڕاستەڕاست لە ئەستۆی میدیای کوردیدایە. لەڕاستیدا بەشێکی هەرە گەورەی میدیای ئەمڕۆی کوردی درێژکراوەی هەمان ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا تەنانەت خیانەتی گەورە و شەڕی براکوژیشی تێدا ئەنجام دراوە. ئەو دۆخە دۆخێک بوو کە میدیای کوردی تێیدا تەنانەت نزمترین و سەرەتاییترین ئاستەکان، بگرە لە خوارەی غەریزەش ناسیۆنالیزمی سەرەتایی دەرباز کردبوو کە لێرەدا هێندە کای کۆن بە بادا نادەین ناچینە سەری، تەنیا ئەوە

نەبێ کە وەبیری بێنینەوە ڕەگ و ڕیشەکانی ئەو سەردەمە هێشتا ماون و بە تەواوەتی پاک نەکراونەتەوە.

لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا کە یەکێ لە کارکردەکانی میدیای کوردی بریتییە لە نیشاندانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی شەقام. جگە لەمە میدیا زۆرجار بێباکانە یان بێئاگایانە سەرەتاییبوونی خۆشی دەگوازێتەوە. دەتوانی نموونەیەکی زەقی سەرەتاییبوونی میدیا لە بواری زماندا ببینین. لەبیرمان نەچێ کە یەکێ لە نیشانە سەرەکییەکانی سەرەتاییبون لە ناسیۆنالیزمدا بریتی بوو خەمساردی سەبارەت بە ڕەگەزە بنگەهییە پێکهێنەرەکانی نەتەوە و لەوانەش زمان. ئەم خەمساردی و کەمتەرخەمییە شتێکی شاراوە نییە و بە ئاشکرا بە سیمای میدیای کوردییەوە دیارە. لەڕاستیدا ئەوەی زۆرێک لە میدیای کوردی و بەتایبەت ئەوانەی باشوور ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەیکەن لە گاڵتەیەکی منداڵانە دەچێ تا خزمەتکردن بە زمانی کوردی دەکەن. هەرکەسە و بە ڕێنووسی خۆی دەنووسێ و کاری بە زمان و ڕێنووس و ڕێزمانەوە نییە. زاراوەچێتی و ناوچەگەرایی زۆر بە ڕوونی بە ڕوخساری شاشەکانەوە دیارن. کاناڵی ئاسمانی دادەمەزرێ، ناو و پاشناو و پێشناوی کورد یان کوردستانیش لەسەر خۆی دادەنێ، بەڵام بە ئاشکرا تەنیا بۆ شارێک و تەنیا بە بنزاری ئەو شارەش بەرنامە بڵاو دەکاتەوە. ئەمڕۆ جگە لە سۆرانی و کورمانجی باقی شێوەزارەکانی وەک هەورامی و زازاکی و کەلهۆڕی لە لایەن

زۆرینەیەکی بەرچاوی میدیای کوردییەوە بەئەنقەست یان بێئاگا پشتگوێ دەخرێن و دەخرێنە دەرەوەی زمان و فەرهەنگی کوردییەوە. کە باسی میدیا دەکەین تەنیا مەبەستمان تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ نییە، بەڵکوو لە ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی بگرە تا هەموو جۆرەکانی چاپەمەنی وەکوو ڕۆژنامە و کۆڤار و کتێبیش مەبەستە. مەحاڵە لەنێو چاپەمەنی کوردیدا کتێبێک بدۆزیتەوە(لانیکەم لە سۆرانیدا بە دڵنیایی ڕەهاوە دەیڵێم) کە دەیان هەڵەی لە بواری وشە و زمانەوانی و ڕێزمان تێدا نەبێ. ئەم خەمساردییە بە ئاشکرا ئاستی گرنگی زمانی کوردی لەلای میدیای کوردی و ڕادەی پەرۆشی ئەم دەزگایە لەمەڕ زمانی کوردی دەردەخا. ئەمڕۆ میدیا و بەتایبەت تەلەڤزیۆن توانیویەتی تەنانەت گۆرانی کوردیش لە ڕێچکە نەتەوایەتییەکەی چەواشە بکا و بە لاڕێیدا ببا. لەم دەزگایەدا دەنگی وا بەرهەم هێنراون کە لەوپەڕی سەرەتاییبووندا دەژین و سووکایەتی بە زمان و هونەر و فەرهەنگی کوردی دەکەن... .

بەکورتی ئەگەر بمانەوێ دۆخ و ڕۆڵی میدیا لە بواری ناسیۆنالیزمی کوردیدا وێنا بکەین، میدیای کوردی بەگشتی بریتییە لە دەزگایەک کە زادە و دەستکردی ناسیۆنالیزمی سەرەتاییە، بە جۆرێ وێناکەری ئەم ناسیۆنالیزمەیە کە زۆرجار بە چەواشە بانگەشەی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست دەکا و لە کۆتاییشدا وەکوو کارگەیەکی ڕاهێنان جڤاکی کوردی بە ئاراستەی هەمان سەرەتاییبون پەروەردە دەکا.

## سەرئەنجام:

بێگومان کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ و ئەوەی لە ژوورەوە لەسەر ناوەرۆک و چۆنێتی ناسیۆنالیزمی کوردی باس کرا دەکرێ زۆر بەرفراوانتر و وردتر بخرێتە بەر لێکۆڵین و تێڕامان. ئەڵبەتە ناخی ئەم ناسیۆنالیزمە هێندە بە ڕواڵەتیشیەوە دیارە کە پێویست ناکا زۆر لێی ورد بیتەوە و تەنانەت بە سەرنجدانێکی ئاساییش مرۆڤ دەتوانێ لە ڕاسەڵە و کرۆکی تێبگا. بۆ وێنە شتێکی شاراوە نییە کە پەیوەست بە پرسی ناسیۆنالیزم تێڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ ئایین چۆنە و چەندە ساویلکانەیە کە نەتەوە سەردەستەکان بە ئاسانی دەتوانن مرۆڤی کورد و ئایین لەڕێگەی یەکترییەوە وەکوو چەک دژ بە ناسیۆنالیزمی تەندروست بەکار بێنن و هەردوکیان بکەنە ئامرازی لەناوبردنی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست یان لانیکەم بیانکەنە کەرستەی دروستکردنی ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی. سەبارەت بە مژارەکانی پەیوەست بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە زۆر بواری دیکەشدا مەراق و پرسیار و گومان لەسەر مرۆڤی کورد و جۆری ڕەفتار و شێوازی تێڕوانینی ئەم مرۆڤە هەیە. بەڕاستی مرۆڤی داگیرکراوی کوردی چۆن دەڕوانێتە هونەر؟!. گەلۆ چەندە لەو پەیامانەی ناسیۆنالیزمی کوردی کە لەڕێگەی هونەرەوە ئاراستە دەکرێن تێدەگات؟، خوێندنەوەی بۆ بوونەوەری دەوڵەت چۆنە؟، کوردبوون لە چیدا مانا دەکا و پێناسەی بۆ چەمکی کوردایەتی چییە؟، چۆن دەڕوانێتە دیاردەی

جاشایەتی و چۆن لەگەڵی هەڵدەکا؟، ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە ژیانی مرۆڤی سەرهەڵدێری کورددا چۆن چۆنییە؟، چۆن دەڕوانێتە دژمنان و داگیرکەرانی خۆی؟... و هتد. بێگومان تێڕامان و وردبوونەوە لەمانە و لە هەزاران مەراقی دیکەی هاوشێوە دەتوانێ دەقیقتر و ڕوونتر بمانگەیێنێتە ناخ و کرۆک و ڕەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کوردی. بەڵام لەسەر بنەمای ئەو وێنەیەی کە تا ئێستا لە ناسیۆنالیزمی کوردی وێنامان کرد، من پێم وایە مرۆڤی کورد ئەگەرچی وەک ئەندامێکی نەتەوە دەنوێنێ، بەڵام لەڕاستیدا هێشتا بە تەواوەتی نەگەیشتووەتە ئاستی بەنەتەوەبوونی خۆی و ئەگەریش ناسیۆنالیزمێکی لە ناخدا هەبێ ئەم ناسیۆنالیزمە ناسیۆنالیزمێکی ناعەقڵانییە کە لەژێر فشار و گوشار و پاڵەپەستۆی هەمەلایەنەی دۆخی داگیربووندا سەری لێ شێواوە. لە ئەنجامی ئێش و زۆری ئەم داگیربوونە و لە ئەنجامی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی مرۆڤی کورد بە ئاراستەی قەبوولکردنی داگیربوون، بەشێکی زۆری ئەم جڤاکە لە زۆر بواردا سڕ بووە و سەبارەت بە ناسیۆنالیتەی خۆی هیچ شتێکی بەلاوە گرنگ نەماوە و لە باشترین دۆخی خۆیدا نەتەوەگەراییەکی غەریزی دەژی و بە تەواوی مانای لە سەرەتاییترین سەرەتاکانی بەنەتەوەبوونی خۆیدایە. بەشێکی دیکەی کە هەست بە داگیربوونی خۆی دەکا و داگیرکەری خۆی دەناسێ لە ئەنجامی کاڵفامی و تێنەگەیشتوویی لە دۆخەکە هەموو کاردانەوەکانی هەڕەمەکی، عاتیفی و ناچڵ و ناتەواوە.

زۆربەی هەرە زۆری بزاوتە دژەداگیرکارییەکانی کورد هەتا ئێستاش بە ئەم دەردەوە گرفتارن و نەتەنیا لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردیدا کۆسپ و ئاستەنگن، بەڵکوو وەک مێژووی هەتا ئێستایان نیشانی داوە تا ئەم ساتەوەختە کوردیان بەرەو سەرەتاییبونێکی ترسناک ئاراستە کردووە و ئێستاش خەریکن دەیکەن. کورت و کورمانجی، ئەو ناسیۆنالیزمەی کە جڤاکی کوردی داپۆشیوە و ئەم جڤاکە لە بەستەریدا دەژی ناسیۆنالیزمێکی "سەرەتایی"یە کە لە هەناویدا ناسیۆنالیزمێکی "تەندروست" هێدی هێدی خەریکی قیرە و لنگکوتانی پێش لەدایکبوونە.

# دۆخ و چارەی کورد

## دۆخی کورد چۆنە؟

یەکێ لە گوزارە هەرە باوەکان لەبارەی کوردستان بریتییە لەمەی کە "کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە". بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوی ئاسایی نییە. جارێ بەر لە هەموو شتێک کوردستان تەنیا داگیرکراو نییە، بەڵکوو سەرباری داگیربوون دابەشکراویشە. بە واتایەکی دی کوردستان کۆلۆنییەکی هاوبەشی چەندین دژمنە. لە دوای ئەمە، لەحاڵێکدا کە هەموو داگیرکارییەک لە جیهاندا بە درێژایی سدەی بیستەم بریتی بووە لە داگیرکردنی تەواو یان بەشێک لە وڵاتێک لەلایەن دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە، کەچی داگیربوونی کوردستان تەنانەت داگیربوون بەدەست دەوڵەت یان دەوڵەتانێکەوە نییە، بەڵکوو داگیربوونە لە لایەن چەندین نەتەوەی جیاوازە. وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا ئەم نەتەوانەش نەتەوەی ئاسایی نین و بە هەموو تێڕوانین و ڕەفتار و کرداریانەوە هەرکامە و فەرهەنگێکی جیاواز لە شۆڤینیەت و دەمارگرژی دەژین. ئەم گەلانە هەموویان میراتگری مێژوویەکی دوور و درێژی داگیرکاری و تاڵانکاری و قڕانی گەلانی دیکەن. هێشتا شەڕەکانی باپیرانی خۆیان بە غەزو و فەتح ناودێر دەکەن تا پیرۆزی شەڕکردن لە خەیاڵیاندا نەمرێتەوە و شکۆی دەستدرێژی لە ناخیاندا دانەمرکێ. سەرەڕای ئەوەی بە توندی دەستیان گرتووە بە سنوورەکانی خۆیانە، کەچی هەموویان لە وەهمێکی مێژووییدا

وڵاتەکەیان لەمەی هەیی بەرفراوانتر دەبینن تا هەمیشە ئامادەگی هێرشکردن و مافی تالانکردن و کوشتار لە خۆیاندا بە زیندوویی بهێڵنەوە. ئەم نەتەوانە هێشتا حەسرەت و تامەزرۆی سەردەمی باڵادەستی باب و باپیرانی خۆیان دەژین و وەک کوڕەگەورە و میراتگری ئیمپەراتۆریەت و پاشایەتی و خەلافەت و ئیمامەت داوای گوێڕایەڵی لە خەڵکی دی دەکەن. هەتا ئەم چرکەساتەش عەرەبەکان بە لافی خەلافەتی ڕاشیدین و دەزگاکانی ئەمەوی و عەباسی نیشانی دەدەن کە هێشتا مەیلی باڵادەستی و فەرمانڕەوایی ڕەها لە ناخیاندا نەکوژاوەتەوە. فارسەکان چەندە لە کەسایەتی هەخامەنشدا حەسرەتی سەروەری ڕابردووی خۆیان دەخۆن، بە هەمان ڕادەش لە کەسایەتی ئیمامی زەمانی داهاتوودا لە چاوەڕوانی تۆڵەیەکی مەزندا دەژین. تورکەکان لەپشت خولیای گەڕانەوە بۆ خەلافەتی عوسمانیدا خەیاڵێکی گەورەتر دەژین کە بریتییە لە تالان و قڕانی سەردەمی چەنگیزخانی مەغۆڵ... . بەکورتی ئەم گەلانە کە کوردستانیان داگیر و دابەش کردووە و بە هاوئاهەنگی بەڕێوەی دەبەن تا دوا ڕادە بە دەمارگرژی و شۆڤینیزم بارگاوی کراون. ئەڵبەتە لەوانەیە زۆرێک لە خەڵکی بێئاگا پێیان وابێ کە ئەم شۆڤینیزمەی کە بەسەر کوردستانی داگیرکراودا فەرمان دەڕانێ، نە دەمارگرژی گەلەکان، بەڵکوو هی دەوڵەتەکانیانە. ڕەنگە زۆرێک لە سیاسییەکان بە نەریتی دووڕوویی جیهانی سیاسەت بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو ستەمەی لە کورد دەکرێ

ستەمی دەوڵەتان و دیکتاتۆرەکانە نەک ستەمی نەتەوەکان. وێدەچێ زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کورد تەنیا لەپشت وشەکانەوە جیهان ببینن و دوور لە ڕووداوە ڕاستەقینەکان بژین و دیسانەوە لە دەرەوەی جیهانی ڕاسکانی دەوڵەتانی داگیرکەر بە تاوانبارانی سەرەکی کۆلۆنیکردنی کوردستان بزانن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ سەرچاوەی سەرەکی داگیرکردن و دابەشکردن و کۆلۆنیکردنی کوردستان نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەبی ئەم ناوچەیەن. گەلێ نیشانە هەن کە بە ئاسانی دەیسەلمێنن کە ئەوەی کە لە کوردستان لە ئارادایە تەنیا دەستکردی دەوڵەتانی سەردەست نییە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەرهەمی ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەبە. بەشێک لەم سەلمانە بریتین لە:

سەلمی یەکەم: لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە هەرکامە لەم وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە، لە ئایینییەوە بگرە تاکوو سیکۆلار، لە دەوڵەتی مەدەنییەوە بگرە تا دەوڵەتی عەسکەری، لە پاڕلەمانییەوە بگرە هەتا دیکتاتۆری، لە دەوڵەتی کوالیسیۆنەوە بگرە تاکوو تاک حیزبی، لە پاشایەتییەوە بگرە تاکوو کۆماری، لە چەپەوە هەتاکوو ڕاست هەر هەموویان لە بەهێزترین یان بێهێزترین دۆخدا ژیابن و لەگەڵ یەکتریدا دۆست بووبن یان دژمن، گشتیان بە هاوئاهەنگی یەک تێڕوانین و یەک ڕێگا و یەک ڕێبازیان لەمەڕ کوردستانی داگیرکراو پەیڕەو کردووە. بە مانایەکی دیکە دەسەڵاتدارانی ئەم نەتەوانە لە هەر چین و توێژێکی

کۆمەڵگاوە هاتبن، بە هەر ئایین و ئایدۆلۆژیایەک بارگاوی بووبن، باوەڕیان بە هەر ڕێچکە و ڕێبازێکی فەرمانڕەوایی هەبووبێ، هەموویان یەک جۆر لە کوردستانی داگیرکراو ڕوانیویانە و ئەویش بریتی بووە لەوەی کوردستان کۆلۆنی ئەوانە و دەبێ بدۆشرێ و سەرکوت بکرێ.

سەلمی دووەم: ئەگەر سەد ساڵی ڕابردووی هەر سێ نەتەوەکە کە خاوەن چوار دەوڵەتی داگیرکەرن بەسەر یەکتردا کۆ بکەینەوە، ناتوانین تەنانەت سەد کەسی ڕۆشنبیریان تێدا بدۆزینەوە کە دژی داگیربوونی کوردستان و گەلانی دیکەی بندەست و دژی داگیرکاری دەوڵەتانی خۆیان وەستابێتنەوە، ئەمە لەحاڵێکدا کە بە هەزاران ڕۆشنبیری ئەم گەلانە، جگە لە پرسی داگیربوونی کوردستان، هەمیشە لە بواری جیاجیا و بە بیانووی جیاوازی دیکە دژی ئەم دەوڵەتانە وەستاونەتەوە.

سەلمی سێهەم: لەمە خراپتر، ناتوانین تەنانەت یەک میناک لە سەد ساڵی ڕابردووی ئەم گەلانەدا بەدی بکەین کە ڕێپێوانێکی هەزار کەسی دژی نامرۆڤانەترین کردارەکانی داگیرکاری دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان ئەنجام درابێ، کەچی جاری وا هەبووە لەسەر پرسی زۆر سەرەتاییتر و ناگرنگتر بە ملیۆنان کەس لەم گەلانە دژی دەوڵەتەکانی خۆیان سەریان هەڵداوە. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە نەتەوەکانی سەردەست چی وەک تاک، چی وەک گەل هیچکات یان خۆیان بە داگیرکەر نەزانیوە، یان ژیان و

چارەنووسی گەلی بندەستی کوردیان بە لاوە گرنگ نەبووە و لە بێدەنگیدا داگیرکردنی کوردستانیان ئەرێ کردووە.

سەلمی چوارەم: لەوانەیە هەندێ کەس وا بزانن کە تاک و جڤاکی ئەم گەلانە لە ترسی سەرکوتکردن لەلایەن دەوڵەتی خۆیانەوە نەیانویستووە یان نەیانوێراوە دژ بە داگیرکاری دەنگ هەڵبڕن. ئەم بۆچوونە بە هیچ شێوەیەک نزیک نییە لە ڕاستییەوە. چۆنکە جارێ ئەگەر نەتوانن دژی دەوڵەتەکەی خۆیان بوەستنەوە، خۆ دەتوانن دژی داگیرکەرێکی دیکە هەڵوێست بنوێنن. بۆ وێنە دەکرێ فارسەکان وەک چۆن بۆ فەلەستین دێنە سەر شەقام، جارێکیش بۆ کوردانی باکوور بڕێپێوان بکەن. لە دوای ئەمەش، ئەگەر بەگریمانە وا بگرین کە خەڵکی ناوخۆ لە ترسی دەوڵەت نەتوانن هەڵوێستیان هەبێ، خۆ ئەم گەلانە هەموویان خاوەن ڕەوەندێکی ملیۆنی تاراوگەنشینن کە بە هەڵکەوت زۆرینەی ڕەهایان دژی دەوڵەتەکانی خۆیانن و دۆزی کورد بیانوویەکی زۆر باشە بۆ دژایەتیکردنی ئەم دەوڵەتانە.

سەلمی پێنجەم: ڕێک بە پێچەوانەوە، کردەوە داگیرکارییەکانی دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەست نەتەنیا لە ناوخۆی وڵاتەوە لەلایەن نەتەوەکەیانەوە بە ئاشکرا پشتیوانی کراون، بەڵکوو لەسەر دۆزی داگیربوونی کوردستان تەنانەت تاراوگەنشینانی دژبەری دەوڵەتیش بە

بیانووی وەک پاراستنی یەکپارچەیی وڵات پشتی دەوڵەتیان چۆڵ نەکردووە. بۆ وێنە ئەمڕۆ زۆرینەی ڕەهای ڕەوەندی فارسی لە ئامەریکا کە لایەنگری پاشایەتی و دژبەری سەرسەختی کۆماری ئیسلامین، لە هەر بەرکەوتنێکی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لایەنی کۆماری ئیسلامی دەگرن. نموونەیەکی دیکەی ئەم ڕەوتە ڕەوەندی تورکەکانی ئەوروپا و بەتایبەت نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمانە کە لەوێ زۆر شۆڤینیتر لە ناوخۆ دژایەتی کوردانی ئەوروپا دەکەن... .

لەڕاستیدا خوێنەرێ کە هەستی بە داگیربوونی کوردستان کردبێ و لەگەڵ ڕاسەڵە و چۆنێتی داگیرکاری وڵاتەکەیدا ژیابی، هیچ پێویستی بەم سەلم و پاساوانە نییە تا بیگەیێننە ڕاستینەی ناسیۆنالیزمی گەلانی سەردەست. لە باسەکانی پێشووتریشدا بە ڕوونی ئاماژەمان پێکرد کە ناسیۆنالیزمی ئەم گەلانە ناسیۆنالیزمێکی ناتەندروستی شۆڤینی و دەمارگیرە. بە مانایەکی دیکە کوردستان نە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، بەڵکوو کۆلۆنییەکی هاوبەش و هەرەوەزی چەندین نەتەوەی بارگاوی و موتربەکراوە بە شۆڤینیزم و دەمارگرژی. بە مانایەکی دەقیقتر ئەگەر بمانەوێ دۆخی داگیربوونی کوردستان وێنا و پێناسە بکەین، نیوەی ئەم پێناسەیە بریتی دەبێ لە وڵاتێکی هەتیتەدراو بە ناسیۆنالیزمێکی دەمارگرژ و دەمارگیر.

ئەڵبەتە هیچ گومانێکیش لەمەدا نییە کە نەتەوەکانی سەردەست هەر بەم چەکی دەمارگرژی و شۆڤینیزمەوە توانیویانە ئێمە بە کۆلۆنی بکەن و زنجیری داگیربوون لە دەست و پێ و گەردنی ئێمە بئاڵێنن. هەر بۆیە وەک چۆن کەسێکی زنجیرکراو هەرچی زیاتر بجووڵێتەوە زیاتر هەست بە قورسایی زنجیرەکەی دەکا، مرۆڤی کوردیش هەرچی زیاتر لە دۆخی داگیربوونی خۆی بەئاگا بێ، زیاتر لە ئاستی ئەم شۆڤینیزم و دەمارگیرییە تێدەگا. بەڵام ئێمەی کوردی هەتیتەدراو بە ناسیۆنالیزمی دەمارگیر بۆ دۆزینەوەی نیوەی دووەمی وێنای دۆخی هەتیتەدراوی خۆمان پێویستە لە ناوەوە لە خۆمان بڕوانین و جارێکی دیکە ڕاستییەکانی دەروونی خۆمان ڕێز بکەینەوە. لە بەشەکانی پێشدا تا ڕادەیەک شیمان کردەوە کە مرۆڤی کورد چی بە تاک و چی بە کۆ چۆن لە ناخی خۆیدا هێشتا نەیتوانیوە بگاتە بەنەتەوەبوونێکی پتەو و بە جۆرێ لە جۆرەکان هێشتا ناسیۆنالیزمێکی ناتۆکمە و شەق و شڕی سەرەتایی دەژی.

ئەم مرۆڤە ئەگەر لە بەرگی سەرۆکدا بێ ئامادە نییە تەنانەت بە درێژایی تەمەنی ڕەنگی جامانەکەشی بگۆڕێ و کوردبوونی خۆی تەنیا لەو ڕەنگە تایبەتەدا پێناسە دەکا. لە جێگای کەسێکی حیزبیدا هەموو شتێکی دەرەوەی پارتەکەی خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەو پارتە. وەک ئەندام عەشیرەتێک لەسەر مەزرایەک یان سەرەئاوێک دەست دەبا بۆ چەک و بە ئاسانی دەتوانێ چەندین کەس بکوژێ. کە دەبێتە ئایدۆلۆژیست، چی

شۆپی نەتەوەیی هەیە دەتوانێ بیسڕێتەوە لەپێناو چەسپاندنی ئایدۆلۆژیاکەی خۆیدا. کە دەچێتە قاڵبی ئاییندارێکەوە، تەنانەت بۆی هەیە نەفرەت و نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەکەشی بکا لەپێناو ئایینە پیرۆزەکەیدا. کاتێ دەبێتە ڕۆشنبیر، ئەوەی بۆنی کوردی لێوە بێ و تامی کوردبوونێکی خوەزایی بدا بە دواکەوتووی دەزانێ و دەستی لێ دەشوا و... هتد. بە مانایەکی دی مرۆڤی کورد بوونەوەرێکە لەسەر سفرەیەک دانیشتووە کە خۆراکە خوەزاییەکانی وەکوو ئاخ، دیرۆک، فەرهەنگ، زمان، ئایین، ئەفسانە، خودی خۆی و هەمووو وردەواڵەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمێکی تێرکەری لەسەرە، بەڵام ئەم بوونەوەرە ناتوانێ بە شێوازێکی تەندروست و هاوسەنگ لێیان بخوا و نازانێ چۆن خۆی لێیان تێر بکا. لە ئەنجامدا ناچارە ناسیۆنالیزمێکی ناچڵی سەرەتایی بژی. ئەم ناسیۆنالیستە سەرەتاییە کاتێ هێرش دەکرێتە سەر ئەو سفرەیەی کە خۆشی بەشێکە لێی، لەجێی پاراستنی هەموو سفرەکە، یان بە تەواوەتی خۆی بەدەستەوە دەدا، یان تەنیا دەست بە ئەو بەشە بچووکەوە دەگرێ کە کوردبوونی خۆی لەسەر پێناسە و مانا کردووە. بەکۆمەڵبوونی مرۆڤی کورد و ئەندامەتی ئەو لە کیانێکی جڤاکیدا زۆر جار لە سنووری عەشیرەتەکەی، زاراوەکەی، ئایینەکەی و پارچەکەی ئەولاوەتر ناچێ.

ئەم بەکۆمەڵبوون و پێناسەکردنەی خود لەنێو کۆمەڵێکدا هێندە گشتگیرە کە ناکرێ بیخەینە پاڵ چینێ یا ناوچەیێ یان شارێک و پارچەیەکی

تایبەت. بە واتایەکی دیکە، چقاس خەڵکی ئاسایی و نەخوێندەوارمان تێدایە کە دەڵێ عەشیرەتەکەی من، بە هەمان ڕێژە ڕۆشنبیرمان تێدایە کە دەڵێ شێوەزارەکەی من، هونەرمەندمان تێدایە کە دەڵێ دەڤەرەکەی من، سیاسیمان تێدایە کە دەڵێ پارتەکەی من و سەرکردەمان تێدایە کە دەڵێ پارچەکەی من و.. هتد. ژمارە و ڕێژەی ئەو پیاو و ژنە ناودارانەی کە نازناو و پاشناوگەلێکی وەکوو هەورامی، زێباری، بارزانی، جاف، قەرەداخی، تاڵەبانی، گەرمیانی، دۆسکی و... هتد کە لە باشوور بەربڵاوە، نموونەیەکی باشە بۆ نیشاندانی ئاستی بەکۆمەڵبوونی مرۆڤی کورد و ئەو پانتاییە جڤاکییەی کە گرێدراوی پێیەوە ئەم مرۆڤە تێر دەکا.

ئەڵبەتە بە دڵنیاییەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەگەر سیستەمە سەردەستەکان ڕێگە بدەن، هەمان جۆری پێناسەکردن بە زاراوە و عەشیرەت و شار دێتە ئاراوە. دەقیقتر و ڕاشکاوانەتر بڵێم مرۆڤی کورد تەنانەت ئەگەر ئازادیش بێ، بە ئەگەرێکی زۆر شووناس و ناسنامەی خۆی لە جڤاکێکی زۆر بچووکتر لە نەتەوەدا دەدۆزێتەوە و خۆی پێ پێناسە دەکا و گرێ دەدا. ئەوەی لە کەسایەتی ئەم مرۆڤەدا جێی سەرسوڕمانە بریتییە لە لایەنێکی دژوازی سەیر و سەمەرە و ئەویش ئەمەیە کە هەموو هەبوونە سەرەتاییەکەی خۆی لە بوار و ڕەهەندی جیاجیادا بە ناوی کوردبوونەوە پێناسە دەکات. دەبینی ئەم کەسایەتییە تەنانەت هێلکەی مریشکەکەشی دەبەستێتەوە بە ناوی کوردەوە. لە

هەمان کاتدا کە خەڵکی ناوچەیەکی کوێستانی دەڵێن زستانی کوردییە، کەچی لە دەڤەرێکی گەرمیانی خەڵک پێیان وایە بەهاری کوردییە. نموونەیەکی دیکەی ڕەفتاری لەم شێوازە بریتییە لە پێناسەکردنی کوردبوون و جۆرەکانی کوردبوون بە پێوەردانانی خود. کەم نین ئەو دەڤەرانەی کە وەک ئەوەی لەسەر کوالیتەی بەرهەمی کارخانەیەک بدوێن، بەرانبەر بە دانانی خۆیان بە کوردی ڕەسەن، خەڵکی ناوچەیەکی دیکە بە کوردی ناڕەسەن و ساختە دەزانن. کەم نین ئەوانەی کە زاراوەکەیان بە ڕەسەن و هی ئەوانیتر بە لاوەکی و ناگرنگ دەبینن و... هتد. تەواوی ئەم تێڕوانین و ڕەفتارانە لە یەک جەوهەرەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەویش بریتییە لە پێناسەکردن و ژیانکردنی کوردبوون لە سنوورێکی تەسک و سەرەتاییدا کە زۆر بچووکترە لەو تێگینەی کە هەڵگری پێناسەی نەتەوەیە. جگە لەمەش زۆر جار ئەم کوردە خۆجێیی و لۆکاڵییە تەنانەت هەر ئەم کوردبوونەش بە شێوازێکی سەرەتایی دەژی.

ئەم بوونەوەرە سەرەتاییە کە ڕووبەرووی هەتیتە و گەماڕۆی ناسیۆنالیزمی دەمارگیرە بە شێوازێکی سروشتی لەو سەنگەری کوردبوونە سەرەتاییەدا کە خۆی پێ پێناسە کردووە بەرەنگاری دەبێتەوە. بەم جۆرە کوردێ کە نیوەی دۆخەکەی بریتییە لەوەی کە بە چەندین ڕەنگی جودای ناسیۆنالیزمی شۆڤینی و دەمارگیر هەتیتە دراوە، نیوەکەی تریشی بریتی دەبێ لە کوردێ کە لە مەتەرێز و سەنگەری

ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدا دەژی. بەکورتی "هەیتەدراوی ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و لە مەتەرێزی ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدا".

## چارەی کورد چییە؟

شێرکۆ بێکەس لە هەڵبەستێکدا دەڵێ: "نازانم کە گەڵایێ ئەگاتە بەردەم زریانێ، چی ئەڵێ؟!". ئەوەی ڕاستی بێ کورد لە دۆخی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی خۆیدا وەک گەڵایەکی سیس هەڵاتووە کە نە لە بەردەم تەنیا یەک زریانی شۆڤینیزم بە ئاراستەیەکی دیاریکراودایە، بەڵکوو گەمارۆی چەندین تۆفانی دەمارگرژی نەتەوەییە کە وەکوو گرداوێک لە هەموو لاییێکەوە دەژاکێتەوە و پاڵی پێوە دەنرێ. ڕەنگە بەشێکی گەورە لە هۆکارەکانی ناکامی کورد لە سەرهەڵدان دژ بە داگیرکاری سەرەڕای پەنابردن و تاقیکردنەوەی شێوازی جۆراوجۆری بەرەنگاربوونەوە، هەر ئەمە بووبێ کە ئەم گەلە تووشی داگیرکارییەکی دەمارگیری چەند لایەنە و چەند ڕەهەندی نەتەوەکانی سەردەست هاتووە. ڕەنگە هەر ئەم ناکامییەش وای کردبێ کە گرنگتر لە خودی پرسی داگیربوونی کوردستان ئەم پرسیارە بێ کە "کورد چۆن لەگەڵ ئەم دۆخی داگیربوونەدا مامەڵە بکا؟".

ڕەنگە کورد تەنیا نەتەوە بێ لە مێژوودا کە هاوکات لە چوار لاوە چەندین توخم و جۆری ناسیۆنالیزمی دەمارگرژ گەمارۆیان دابێ و لە چوار باڵەوە گەلەکۆمەیان لێ کردبێ و هەتیتەیان دابێ و کەچی لەناویش نەچووبێ. ئەم کوردە وێڕای ئەوەی کە توانیویەتی لە هەمبەر ئەم تەوژمی دەمارگرژییە خۆی ڕابگرێ و بمێنێتەوە، لە لایەکی دیکەوە تا ئێستا

نەیتوانیوە شکست بەم شۆڤینیزمە بێنێ و تەنیا لە سەنگەری ناسیۆنالیزمی سەرەتایی خۆیدا خەریکی بەرخۆدانە. بە بۆچوونی من تا چی ڕادەیەک بەهێزبوونی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی کوردی هۆکارن بۆ مانەوەی پەرجووئاسای کورد لە هەمبەر تەوژمی گەلەکۆمەی شۆڤینیزمدا، بە هەمان ئەندازەش سەرەتاییبوونی ئەم ناسیۆنالیزمە هۆکاری سەرنەکەوتنی یەکجارییەتی بەسەر ئەم دەمارگرژییەدا. بە واتایەکی دەقیقتر بە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی شەڕی ناسیۆنالیزمی دەمارگیر و شۆڤینی ناکرێ.

لە بەستەری ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییەدا کورد لە شەڕی چەکدارییەوە بگرە تاکوو دانووستان، بە شێواز و جۆری جیاواز لەگەڵ ئەم شۆڤینیزمەدا هەڵسوکەوتی کردووە. بە ڕێکاری جیاوازی وەک خۆسەری، مافی چارەنووس، فیدرالی، کۆنفیدرالی، سەربەخۆیی و ... هتد هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی لە گەمارۆی ئەم دەمارگرژییە داوە. بەڵام لە لۆژیکی سیاسی "ئێمەش وەک نەتەوەکانی دیکە مافی ئازادیمان هەیە" تاکوو لۆژیکی عاتیفی "ئێمەش وەک مرۆڤ مافی ژیانی هاوشێوەی گەلانی دیکەمان هەیە"، هەموو هەوڵەکان لە لایەن جیهانەوە نەتەنیا نەبیستراون، بەڵکوو خنکێنراویشن. ئێستا پرسیارە گرنگەکە ئەمەیە کە گەلۆ بەم حاڵ و ڕۆژە چارەی کورد چییە؟!.

بە باوەڕی من بەرسقی هەرە ڕاستی ئەم پرسیارە ئەمەیە کە "ئاسن بە چەکوچ ئەسمێ و ناڵ بە بزمار". بە واتایەکی ڕاشکاوانەتر، کورد لە بەردەم ناسیۆنالیزمێکی شۆڤینی و دەمارگیری چەند فەرهەنگیدایە کە وەک شڤان پەروەر لە سترانێکدا بە دروستی پێناسەی دەکا، "ئێمە دەڵێین برایەتی، ئەو قەبوول ناکا. ئێمە دەڵێین وەکهەڤی، ئەو قەبوول ناکا. ئێمە دەڵێین گفتوگۆ، ئەو قەبوول ناکا". ناسیۆنالیزمی داگیرکەری کوردستان هەرکام لە فەرهەنگەکانی فارس و تورک و عەرەبی لە بەردا بێ، لە ناخی خۆیدا هەڵگری نەریتێکی قووڵی دەمارگیرییە کە لە شۆڤینیزم هیچ شتێکی دیکەی بە لاوە پیرۆز نییە و هەر بۆیە دەبێ بە هەمان جۆری شۆڤینیزم ڕووبەڕوو ببێتەوە و بەرتەک بدرێتەوە و ئەڵبەتە یەکەمین گرفتی کوردیش هەر لێرەوە دەستپێدەکا. فەرهەنگی کوردی بە گەلێ هۆکار توانای ئەوەی تێدا نییە کە هەڵگری نەریتی شۆڤینی و دەمارگرژ بێ.

جارێ بەر لە هەموو شتێ، ئەگەر نموونەی سەلاحەدینی ئەیووبی لێ دەرکەین، بە پێچەوانەی گەلانی دیکەی ناوچەکە کە مێژوویان پڕە لە داگیرکاری و تاڵان و قڕان، شۆپێکی ئەوتۆ لە کردەی تاڵانکردن، داگیرکاری و هێرشکاری لە هیچ شوێنێکی دیرۆکی کورددا تۆمار نەکراوە و لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە مێژوو باسی جەنگاوەری کوردی کردبێ تەنیا باسی لە دۆخی بەرگریکردن لەسەر خاکی خۆی کردووە. بە مانایەکی دی، کورد

نەتەنیا هیچ سەرمایەیەکی دیرۆکی و پاشخوانێکی فەرهەنگی نییە تا بەرەو شۆڤینێزم و دەمارگرژی هانی بدات، بەڵکوو ڕەگەزەکانی لێبوردەیی لەنێو جڤاکی کوردیدا بە تۆخی ڕیشەیان کوتاوە. بۆ وێنە هەبوونی سیستەمی میرنشینی بۆ هەزاران ساڵ لەسەر ئەم خاکە خۆی نیشانەیە لە نەبوونی ڕۆحییەتی پاوانخوازی کە یەکێکە لە بنەماکانی ناسیۆنالیزمی دەمارگیر. لە نیشانەکانی دیکەی نەبوونی ڕۆحی پاوانخوازی لەنێو ئەم فەرهەنگەدا، دەتوانین بە هەبوونی شێوەزاری جۆراوجۆر، یان پڕڕەنگبوونی ژیانی عەشیرەیی ئەم جڤاکە ئاماژە بدەین. لەحاڵێدا هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین توانیویانە ئایینی ئیسلام وەک کەرستەیەک لەپێناو بەهێزکردنی ڕۆحی دەمارگرژ و تووڕەی خۆیاندا بەکار بێنن، بەڵام کورد بە درێژایی مێژوو نەیویستووە و نەیتوانیوە تەنانەت ئەو پەیام و چەمک و دەقانەی ئیسلام کە ڕەگەزێکی زۆر لە توندوتیژی و دەمارگیرییان تێدایە لەنێو خۆیدا دەروونی بکاتەوە و دژ بە نەتەوەکانی دیکە بەکاریان بێنێ .

ئەم چەند خاڵەی کە تا ئێرە باسمان لێوە کردن لەڕاستیدا زیاتر تایبەتن بە ئەو ناسیۆنالیزمە سروشتییەی کە جڤاکی کوردی تێیدا دەژی. ئەم تایبەتمەندییانە هەتاکوو ئێستاش بە تۆخی لە ناخ و جەوهەری کۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان هەیە و تەنانەت بە ڕواڵەتی ژیانی جڤاکی ئەم گەلەشەوە بە ئاشکرا دیارە کە هەر وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام

ئەگەر بێینە سەر سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێ، دەبینین کە لەم سەردەمەشدا ناسیۆنالیزمی کوردی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و نەیتوانیوە بە ئاراستەی دەمارگیریدا بەرەو پێش بچێ. وەک ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی ناوین نیشانی داوە، لەم سەردەمەدا گەلانی هاوسێی کورد لەڕێگەی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە یان بە هەر جۆرێک بێ دەستیان کەوتووە، توانیویانە سەرەتا ڕۆحێکی ناسیۆنالیستی یەکپارچە بە واتا ئەمڕۆژییەکەی دەستەبەر بکەن و دواتر بە هەمان دەسەڵاتی دەوڵەت نەتەوە ئەو ڕۆحە ناسیۆنالیستییە بەرەو دەمارگیری زیاتر ئاراستە بکەن. بە گوتنێکی دیکە ئەم ئەزموونە دەریدەخا کە دەسەڵات و دەوڵەت بە ڕادەیەکی مانادار لە دروستکردنی دەمارگرژی نەتەوەیی لەنێو ئەم گەلانەدا باندۆرێکی ڕاستەوخۆی هەبووە. بەڵام کورد لەم سەردەمەدا جگە لەمەی کە خاوەن ناسیۆنالیزمێکی گشتگیر و بەنەتەوەبوونێکی یەکپارچە نەبووە تا بتوانێ ئاراستەی شۆڤینی بگرێ، لە نەبوونی دەوڵەت نەتەوەی خۆشیدا سەرەڕای ئەو هەموو دەمارگرژییەی کە بەرانبەری کراوە، کەچی هێشتا نەگەیشتووەتە نزمترین ئاستەکانی دەمارگرژی. ئەمە بەم واتایە دێت کە کورد لەپێشدا بەنەتەوەبوونێکی توکمە ناژی و دوای ئەوەش لە بوارەکانی وەک فەرهەنگ، ئایین و ئەدەبدا خاوەن هیچ سامانێکی هاندەری دەمارگرژی نییە و دواتریش لە سەردەمی نوێدا ئامرازێکی بەهێزی وەکوو

دەوڵەتی دەست نەکەوتووە تا بتوانێ بە ئاراستەی دەمارگیری بیبا. بەکورتی من پێم وا نییە کورد وەکوو نەتەوە بەم نزیکانە بتوانێ بگاتە ئاستێک لە شۆڤینیزم و دەمارگیری کە لاشان لە شۆڤینیزمی فارس و تورک و عەرەب بدا و لەم ڕێگەیەوە پاشەکشە بە شۆڤینیزمی دەوڵەتی و نەتەوەیی ئەم گەلانە بکا و بە شێوازێک دژی داگیرکەرانی بوەستێتەوە کە ناچاریان بکات دان بە هەبوون و مافەکانیدا بنێن و دەست لە داگیرکاری هەڵبگرن.

کە وا بوو، کورد دەبێ لە ڕێگەچارەی دیکە و ئەڵبەتە بە ئاراستە و بە ڕەهەندی جیاوازتر بیر بکاتەوە. ئەم ڕێبازە من ناوی دەنێم "ڕقی پیرۆز، یان نەفرەتی ئەخلاقی". ڕقی پیرۆز بریتییە لە تێگەیشتن، هەڵسوکەوت و ژیانکردن لەسەر بنەمای ئاپۆئیزم بە بنگەگرتنی ژیانی دەروونجڤاکی کۆمەڵگەی کوردی. بە مانایەکی دیکە خوێندنەوە، پرۆڤەکردن و پەیڕەوکردنی ئەو بیردۆزییانەی ئاپۆ کە بە ئاراستەی ساقکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلێنەکان، لەسەر کەماسییەکانی تاک و جڤاکی کوردی ڕادەوەستن. بێگومان ئاپۆ چی وەک شۆڕشگێڕ، چی وەک سیاسەتڤان و چی وەک ڕۆشنبیر، تاقە کەسایەتی کوردە کە بە هەمان ڕادەی دژایەتیکردنی ناسیۆنالیزمی دەمارگیری نەتەوەکانی سەردەست، هەوڵی ڕاستکردنەوەی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی بە ئاراستەی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست دەدا. ئەو نەتەنیا بە وردی لەسەر دۆخی

داگیربوونی کوردستان بەگشتی دەوەستێتەوە، بەڵکوو لەسەر داگیربوونی مرۆڤی کوردیش ڕادەمێنێ. هەر وەها ئەو تاقە کەسە هاوکاتی بەگژدا چوونەوەی داگیرکاری دەرەکی، بەگژ ناکۆکی و ناکارامەیی دەروونی جڤاکی کوردیدا دەچێتەوە. بە واتایەکی دی ئاپۆئیزم تاقە بزاوتێکی هزرییە کە هاوکات و هاوتەریبی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ شۆڤینیزمی نەتەوەیی داگیرکەران، ڕووبەڕووی سەرەتاییبونی مرۆڤی کوردیش لە بواری نەتەوەییدا دەبێتەوە. بەگوێرەی ئاپۆئیزم جڤاکی کوردی چەندە لە سەرەتاوە بەشێکی بچووک بووبێ لە هۆیەکانی داگیربوونی ئەم جڤاکە، ئێستا بەشی هەرە گەورەی هۆکارەکانی بەردەوامی ئەم داگیربوونەیە و هەر بۆیە ڕێگاکانی ڕزگاربوونی کورد لە ئەم داگیربوونە بە "پەروەردەکردنی لەسەر ناسیۆنالیزمێکی تەندروست"دا تێپەڕ دەبن. ئەمە ئەو خاڵە لاواز و ئەڵقە ونکراوەیە کە هەموو شێوازەکانی شۆڕشگێڕی، سیاسی و ڕۆشنبیری بزاوتی ناسیۆنالیستی کوردی چی وەکوو تاک و چی وەکوو پارت و دەزگا و ڕێکخراوە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردووی داگیربوونی کوردستان لێی خافڵ بوونە و ئاپۆئیزم دەیەوێ پڕی بکاتەوە. من بەبێ ئەوەی لە سۆنگەیەکی ڕەهاگەرایی دۆگمەوە سەیری بکەم، ئاپۆئیزم وەک ڕەوتێکی هزری خۆماڵی جگە لەوەی کە دەتوانێ کەلێن و کەماسییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی پڕ بکاتەوە و جیا لەوەی بتوانێ بە مانای

دەوڵەتبوون سەربەخۆیی بۆ کوردستان بێنێ یان نا، تەنانەت بەشی ئەوەشی تێدایە ئەم ناسیۆنالیزمە بە ڕادەیەک تەندروست بکات کە کورد لەسەر خاکی خۆی و لە دەرەوەی کوردستانیش نەتەوەبوونێکی شایان و شایستە بژی. هەر بۆیە لەم نقیسارەدا وێڕای هاندان و پێشنیاری خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی هزرەکانی ئاپۆ، لە بەشی داهاتوودا وەک دەلاقەیەکی بچووک بەرەو چەند وێنایەکی سادە لە کاریگەرییەکانی هزری ئاپۆئیزم لەسەر جڤاکی کوردی بە ئاراستەی هاوکات بەنەتەوەبوون و دروستکردنی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست لەنێو کورددا، ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ لە چەمک و تێگێنەکانی ئەم هزرە سەبارەت بە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکەم.

# ئاپۆئیزم و ڕقی پیرۆز

ئاپۆئیزم کە ئێستاکە زیاتر لە ڕێچکەیەکی هزری و فەلسەفی جیهانی دەچێ تا ڕێکارێ بەدوای چارەسەری پرسی داگیربوونی کوردستاندا، لەڕاستیدا بەشێکی گەورە لێی زادەی ئەم دۆخی داگیربوونەیە. دیسان ئەگەر ئەم هزرە نە وەک هزرێکی فەلسەفی گەردوونی، بەڵکوو تەنیا لە چوارچێوەی کوردستان و دۆخی داگیربوونیدا ببینین، زۆر فراوانتر و بەرینتر لە کاردانەیەکی ئاسایی گەلێکی داگیرکراو خۆی نیشان دەدا. ئەوەی هزری ئاپۆی خوێندبێتەوە بە ئاسانی تێدەگا کە ئەم هزرە لە لایەکەوە بەرتەکدانەوی تەوژمێکی داگیرکاری دەرەکییە، بە لایەکی دیکەشەوە بیرکردنەوەیەکی قووڵی دەروونیشە بە ئاراستەی لێکۆڵینەوە لەو ناتەواوییە دەروونییانەی جڤاکی کوردی کە لە بەدیهاتن و بەردەوامبوونی ئەم دۆخە تا ئەمڕۆ کاریگەر بوونە. لەم ڕێبازەدا ئەم هزرە هێندە قووڵ چووەتە ناخی ناسیۆنالیتەی جڤاکی داگیرکراوی کوردەوە کە پێدەچێ ئامانجی سەرەکی و یەکەمی بریتی بێ لە ڕاستکردنەوەی ئەم ناسیۆنالیزمە. لەم بەشەدا زۆر بەکورتی تیشک دەخەینە سەر جێگە و پێگەی ڕەگەزەکانی ناسیۆنالیزمی ئەم سەرەمەی کورد لە هزرەکانی ئاپۆدا.

## ئاپۆئیزم، ڕەگەزێکی بەنەتەوەبوونی کورد

جارێ بەر لە هەموو شتێ با وەک دیاردە یان بوونەوەرێکی سەرهەڵداو لەنێو جڤاکی کورددا سەیری ئاپۆئیزم بکەین. هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە هەموو شاکارێکی هزری، هونەری، تەکنۆلۆژی، فەرهەنگی و... هتد و هەروەها ئافرێنەرەکانی ئەو شاکارانەش بەشێکی گرنگن لە ناسیۆنالیزمی هەر نەتەوەیەک. بلیمەتەکان و بەرهەمە ناوازەکانیان ئەگەر بتوانن ڕووبەرێکی بەرفراوانی جڤاکی داپۆشن، وەک چۆن دەبنە بەشێک لە ڕەگەزە بنگەهینەکانی نەتەوەی خۆیان، دەبنە بەشێکی گەورەش لە زنجیرەی ئەو شانازییانەی کە نەتەوە پێیانەوە تۆکمەتر دەکرێ، باشتر دەماسێ، چاکتر دەبووژێتەوە و زیاتر گەشە دەکا. بۆ وێنە هەر لە فەیلەسووفێکی وەک نیچەوە بگرە، تا وەرزشوانێکی وەک مایکڵ شۆماخێر، هەتا ڕەوتێکی وەک ڕەوتی کۆمەڵناسی فرانکفۆرت، تاکوو پیشەسازییەکی وەک مێرسدێس بێنز، هەموو ئەمانە بە ڕادەیەک لەنێو نەتەوەی ئاڵمانیدا بەگشتی کراون کە هەم بەشێکن لە بەرهەمی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی و هەمیش بەشێکن لە بەرهەمهێنەرانی ئەو ناسیۆنالیزمە.

وەک لە کتێبی "نارێکییەکانی داگیربوون"ـدا و لەژێر سەردێڕی "ناودارانی نەناس"ـدا ئاماژەم پێداوە، بەداخەوە لەنێو کورددا زۆر دەگمەنن ئەو بلیمەت و هەڵکەوتووانەی کە بە مانای گشتگیربوونی کەسایەتی،

ناوبانگ، بەرهەم یان کاریگەربوونیان لەنێو جڤاکی کوردیدا، ببنە بەشێک لە هێماکانی نەتەوییبوون یان لانیکەم ببنە هاندەر و باندۆرێک بۆ بووژانەوە و گەشەکردنی ناسیۆنالیزمێکی گشتگیری کوردی. ئەم تایبەتمەندییە بەتایبەتی بە شێوەیەکی ڕەها هەموو شۆڕشگێڕەکان و سەرکردە سیاسییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیش دەگریتەوە و لەوانەیە بتوانین لە فەزای ناسیۆنالیستی کوردیدا وەک بکەرێک چاویان لێبکەین، بەڵام هیچکات نەیانتوانیوە ببن بە بەشێک لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی. بۆ وێنە هیچکامیان نەیانتوانیوە ببنە سەرکردەیەکی نەتەوەیی بۆ هەموو کورد. ئەم نەریتە بۆ ڕۆشنبیرانیش ڕاستە. لەم بەینەدا ئاپۆ ئەگەرچی لەوانەیە لە ڕوی سیاسییەوە وەک سەرکردە نەبووبێتە سەرکردەیەکی گشتی بۆ کورد، بەڵام دیسان پانتاییەکی فراوانتر لەوانی دیکەی لەنێو جڤاکی کوردیدا داگیر کردووە و دەتوانین بڵێین وەک سەرکردەی سیاسی لە هەموویان زیاتر کاندیدی سەرکردایەتی نەتەوەیە. ئەگەر لەمەش گەڕێین و وا داینێین کە ئاپۆ وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناتوانێ ببێتە هێمایەکی نەتەوەیی گشتگیر بۆ کورد، بێگومان لە سۆنگەیەکی دیکەوە هێمایەکی گرنگی بەنەتەوەبوونی ئەم گەلەیە. بە شێوەیەکی ڕەها هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە هیچ ڕۆشنبیرێکی کورد هێندەی ئاپۆ لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی ڕانەوەستاوە و بەتایبەت لەسەر دۆزی داگیربوونی کوردستان بەناو،

لەپێناو و بۆ تەواوی کورد بەرهەمی هزری پێ نەبووە. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە ئاپۆ تاقە ڕۆشنبیری بە تەواوی واتا نەتەوەیی کوردییە. بە گوتنێکی دەقیقتر، ئاپۆئیزم تاقە ڕەوتی ئەندێشەیی و هزری خۆماڵی کوردە کە نەتەنیا توانیویەتی ببێتە هێمایەک لە هێما نەتەوییە گشتییەکانی کورد لە ناوخۆ، بەڵکوو لەسەر ئاستی جیهانیش وەک زانایەکی بلیمەت و داهێنەر بووەتە مۆرکێکی دیار و ڕەوتێکی درەوشاوە لە ئاسمانی فەرهەنگ و زانستی گەلی کورددا. جگە لەمە و لە ڕووی سیاسی و جڤاکیشەوە ئاپۆئیزم پێچەوانەی شۆڕشگێڕان، سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانی پێش و هاوچەرخی خۆی، ئەگەر سەداسەدیش نەبێ، دیسان توانیویەتی نەتەوەیبوونێکی تا ڕادەیەک گشتگیر بکاتە بەر جڤاکی پارچەپارچەکراوی کوردەوە. کورت و کورمانجی، ئێستاکە کەسایەتی ئاپۆ و ڕەوتی ئاپۆئیزم لە جیهانی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کوردیدا بە تەواوەتی و تا ڕادەیەکیش لە باری سیاسی و جڤاکییەوە زیاتر لە هەموو کەس و هەموو ئەندێشەیەکی دیکە نەتەنیا باندۆری ڕاستەوخۆیان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی هەبووە، بەڵکوو بۆ خۆیان ڕەگەزگەلێکن لە ڕەگەزە گرنگەکانی بەنەتەوەبوونی کورد لەم سەردەمەدا.

## ژن و ناسیۆنالیزمی ئاپۆیی

هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە دیمۆگرافی لایەنێکی زۆر گرنگە لە کیان و هەبوونی نەتەوە لە هەموو سەردەمێکدا. لەڕاستیدا بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین لە بواری ناسیۆنالیزمدا هەموو ڕەهەندەکان لەلایەن و لەپێناو لایەنە دیمۆگرافییەکەی نەتەوەوە واتایان دەدرێتێ و پێناسە دەکرێن. بە مانایەکی دەقیقتر ئەگەر نەتوانین بە ڕەهایی بڵێین دیمۆگرافیا خوڵقێنەری نەتەوەیە، سەداسەد دەتوانین بڵێین کە واتاکەری نەتەوە و لە ئەنجامدا واتاکەری ناسیۆنالیزمە. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە لە هەموو شتەکانی پەیوەندیدار، ئەمە خودی مرۆڤە کە چەقی تێڕوانینەکانی خۆیەتی و لەڕاستیدا خودی مرۆڤ لە هەموو مژارێکدا خۆی ناوەندە و هەموو شتێک بەگوێرەی خۆی و لەپێناو خۆیدا پێناسە دەکا و دایدەڕێژێ. ناسیۆنالیزمیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە و ئەگەرچی خاک، دیرۆک، زمان، فەرهەنگ، ئەفسانە، ئایین، سنوور، دەوڵەت و... هتد، هەموویان لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی ئەم سەردەمەن، بەڵام ئەمە خودی مرۆڤەکان، واتە دیمۆگرافیایە کە چەق و ناوەندی ناسیۆنالیزمە. ئەڵبەتە شتێکی شاراوە نییە کە ڕۆڵ و ڕەنگی ئەم دیمۆگرافیایە لە سەردەمی نوێی ناسیۆنالیزمدا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و لەنێو کورددا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو ڕەنگ و بۆنێکی پیاوانە بووە و هەموو پێناسەکان لەم بوارەدا بەگوێرەی لایەنە نێرینەکەی جڤاک

بەڕێوە چووە. هیچ گومانێک لەمەدا نییە کە کۆی گشتی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیش هەتاکوو ئێستا ناسیۆنالیزمێکی تەواو پیاوانەیە و تاکوو پێش لەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئاپۆئیزم، بە درێژایی سەدساڵی ڕابردوو ژن جگە لەو کارکردە زایەندی و تا ڕادەیەک فەرهەنگییەی کە لە ناسیۆنالیزمی خوەزاییدا گێڕاویەتی، هیچ ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی دیکەی نەبووە. بۆ وێنە هەردوو باڵی سیاسی و چەکداری بزاڤی دژەداگیربوونی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەها لە پیاوان پێکهاتوون. هەر وەها فەزای فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کوردیش فەزایەکی ئاڵایە پیاوانە بووە. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە ناسیۆنالیزمی نوێی دەرەوەی ئاپۆئیزم گۆڕەپانێکە هەر لە سەرەتاوە نیوەی جڤاکی کوردی تێیدا ئامادە نییە و تەنیا بە یەک باڵ دەفڕێ کە ئەویش پیاوە. ئەڵبەتە لەژێر کاریگەری فەرهەنگ و پەروەردەی دەوڵەتانی داگیرکەر کە بە ئەنقەستیش بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا داسەپاوە ئەم دۆخە تەنانەت بەرەو ڕەوشێکی خراپتریش ڕۆیشتووە. ئاپۆئیزم لە کاروانی گەڕان بەدوای ڕزگاریدا بە دروستی هەستی بەم بۆشاییيە کردووە و نەتەنیا بە شێوەیەکی چالاک ژنی هێناوەتە نێو فەزای ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، بەڵکوو وەک کۆڵەکە و بنگەهی سەرەکی ئەم فەزایە پێناسەی دەکا. لەم فەزایەدا ژن لە ئامێرێکی زایەندی ناسیۆنالیزمی سروشتییەوە دەگۆڕێ بۆ بکەرێکی جڵەودار، سەرکێش و بەرهەمهێنەری ناسیۆنالیزمی تەندروست. ئەو گوتنەی ئاپۆ

کە دەڵێ "تا ژن ئازاد نەبێ، جڤاکیش ئازاد نابێ"، بە ئاشکرا ڕزگاربوونی کورد دەبەستێتەوە بە ڕزگاربوونی ژنی کوردەوە. ئەڵبەتە نە ئەو ژنە کلاسیکەی کە هەزاران ساڵە لە کونجی ماڵدا وەک موڵک و ماڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بەڵکوو ژنی نوێی کورد کە جڵەوکێشی جڤاکی کوردە بەرەو داڕشتنەوەی ژیانێکی نوێ لەسەر بنەمای یەکسانی. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین لە ئاپۆئیزمدا ژن چاوگ و دایکی ناسیۆنالیزمی کوردییە. نیشانەکانی سەرکەوتنی ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ جێگە و پێگەی ژن لە ناسیۆنالیزمی ئەمڕۆی کوردیدا لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان بە ئاشکرا دەبینرێ. خوێنەر دەتوانێ لە پرتووکی "ڕەنگی مۆری سیاسەتی کوردی"ـدا وێنایەکی بچووک و بەڵام کاریگەر لەم ژنە بەهێزەی دەست کەوێ کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی ناسیۆنالیزمێکی تەندروستی توانا و بەهێز. لەسەر ئەم بنەمایە ژنی کلاسیکی کوردی سەرباری ئەوەی کە دایکی ناسیۆنالیزمی خوەزابییە، لە سەردەمی نوێدا ئەگەر بە کەسایەتی ژنی ئازاد موتوربە بکرێ دەتوانێ ببێتە دایکی ناسیۆنالیزمێکی کوردی تەندروست و ڕاستەقینە. ژنۆلۆژی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە دەتوانێ تێگەیشتنی جڤاکی کوردی سەبارەت بە پێگەی ژن بەم ئاراستەیەدا بگۆڕێ.

## کوردبوون و سنوور

له بەشێ لە بەشەکانی پێشووتردا باسمان لەوە کرد کە ناسیۆنالیزمی نوێ بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەتوندی خۆی گرێ داوە بە سنووری ئەو وڵاتانەی کە تاپۆ و هێماکەری دەسەڵاتی دەوڵەت نەتەوەکانن. هەر بۆیە لە زۆر جێگەدا ئەم تێگەیشتن و پێناسەیە وەک ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی فارسی ئێرانی و ئەفغانی خۆیان بە نەتەوەی جیا لە یەک پێناسە دەکەن، بووەتە هۆی دابەشکردنی نەتەوەکان و دروستبوونی نەتەوە دەستکرد و ساختەکانی سەردەمی ناسیۆنالیزمی نوێ. یان وەک ئەو ڕەفتارەی کە دەوڵەتانی عەرەب لەمەڕ چارەنووسی عەرەبەکانی ئێران دەینوێنن، بەشێک لەو نەتەوانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری دەوڵەتانەوە، لە میانەی مامەڵەی ئەو دەوڵەتانەدا دەبنە قوربانی و پشتگوێ دەخرێن. لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت نەتەوەکان و پێناسەکردنی نەتەوە لەسەر بنگەهی سنوورە سیاسییەکان، کورد تێری خۆی قوربانی ئەم ڕەوتەیە. لە لایەکی تریشەوە و ئەوەی پەیوەست بووبێ بە خودی کوردەوە، هەموو بزاوتەکانی دەرەوەی ئاپۆئیزم دیسانەوە خۆیان لەسەر بنگەهی ئەم سنوورە دەستکردانە پێناسە کردووە و پێش یان پاش کوردبوون تارمایی پێناسەیەکی دەستکردی دیکەی وەک ئێرانی، عێراقی، سووری و تورکییان لەسەر کورد داناوە. هەر لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە سەرەتاییە هەموو بزاڤە ناسیۆنالیستییەکانی کورد هەمیشە بە کردەوە

بانگەشەی پارچەبوونی کوردستانیان کردووە و نەتەوەی کوردیان بەگوێرەی وڵاتە سەردەستەکان پێناسە کردووە و پێیان وابووە هەر بەشێک لە بەشەکانی دیکە جودایە. لەڕاستیدا بزاوتەکانی دژەداگیربوونی کوردستان وەک دیارترین هێما و بکەرەکانی گۆڕەپانی ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوازێک پارچەکانی کوردستانیان بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە بەستووەتەوە و پرسی ڕزگاربوونی کوردستانیان لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانەدا قەتیس کردووە و بە ڕێکار و ڕێبازی جوداجودا لە پەی چارەسەری ئەم پرسە گەڕاون کە هەر کەسێک لە دەرەوە چاویان لێ بکا، وا دەزانێ کە ئەمانە هەرکامەیان سەر بە نەتەوەیەکی جیاواز و لە چوار وڵاتێکی جیاوازن کە بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان خەریکی خەبات و تێکۆشانن. ئەم تێگەیشتنە لە چەمکی کوردبوون بەتایبەت وەختێ مەترسیدارتر دەردەکەوێ کە تێکەڵ بە دەسەڵات و یاسا نێودەوڵەتییەکان بکرێ. هەڵسوکەوتی باشووری کوردستان لە سی ساڵی ڕابردوودا لەمەڕ بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە ڕووی سیاسییەوە بە ئاشکرا زیانەکانی ئەمجۆرە تێگەیشتنە دەخاتە ڕوو. ئێستا باشوور سەبارەت بە پارچەکانی دیکە بە ئاشکرا خەریکە وەک نەتەوەیەکی جیاواز ڕەفتار دەکا و خۆی لەو پارچەکانی تر جیا پێناسە دەکا و خۆی دوورتر دەخاتەوە.

بەڵام ئاپۆئیزم ناسیۆنالیزم لە سنوور ڕزگار دەکا و جگە لەوەی کوردبوون وەک نەتەوە لە سەرووی سنووره دەستکردەکان پێناسە دەکا، تەنانەت ئەم پێناسەیە دەباتە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان و بەمجۆرە پەلوپۆی ناسیۆنالیزمی کوردی درێژ دەکاتەوە بۆ جیهانێکی زۆر گەورەتر لە پارچە چوارینەکان و تەنانەت زۆر گەورەتر لە کوردستانی گەورەش. لەم بیردۆزییەدا نەتەوەییبون بە توندی دەبەسترێتەوە بە کوردبوونەوە. لە ئەنجامدا هەم لە ڕووی هزری و هەمیش لە ڕووی کردارییەوە بە هەنگاوی یەکەم دان بە سنووره دەستکردەکاندا نانێ و لە هەنگاوی دووەمیشدا لەسەر بە بنەماگرتنی کوردبوونێکی سەربەخۆ لە سنووره دەستکردەکان و تەنانەت سنووری کوردستانی گەورەش، واتای نەتەوە دەباتە دەرەوەی ئەم کوردستانە. بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی کوردی لە پێناسەی ئاپۆئیزمدا پەل دەهاوێ بۆ دەرەوەی کوردستان و خۆی دەگەیێنێتە هەر جێیەکی کە کوردی تێدا بێ. کاریگەری ئەم تێڕوانینە دەتوانین بۆ وێنە لە ژیانی کوردانی خۆراسان و کوردانی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوودا بە ئاشکرا ببینین. ئاپۆئیزم هێندە بە وردی لەسەر ئەم پێناسەی کوردبوونە ڕاوەستاوە کە تەنانەت بیری لەو دۆخەش کردووەتەوە کە کورد لە سڕینەوەی سنووره دەستکردەکان ناکام بمێنێ و وەک هەڵکەوتەیێکی داسەپاو ناچار بە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بێ. ئەم بیرە بریتییە لە بیردۆزی "کۆنفیدرالیزمی ژێرین و ژۆرین". بەکورتی

ناوەڕۆکی کۆنفیدرالیزمی ژێرین بریتییە لە هەمان ئەو بانگەوازەی کە دەسەڵاتی ڕۆژاوای کوردستان لە یەکەم ساتەکانی سەرهەڵدانییەوە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەکی کوردی ـ کوردی ئاراستەی باشووری کوردستانی کرد و مخابن بە هۆی هەمان تێگەیشتنی سەرەتایی لە کوردبوون و بەنەتەوبوونی کورد کە لە سەرەوە باسی لێوە کرا وەڵامی نەدرایەوە. خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێ ئەمەیە کە هەنگاوە کردارییەکانی بزاڤی ئاپۆیی لە میانەی ڕووداوەکانی سەرهەڵدانی داعش و بۆ نموونە سەرهەڵدانی کیانی ڕۆژاوا، دەربازبوونی یەپەگە و هەپەگە بۆ ناو شەنگاڵ، چوونە ناوەوەی کەرکووک لەلایەن هەپەگەوە، بە تەواوەتی نیشانیان دا کە سەرەڕای پێناسەکردنی کوردبوون سەربەست لە هەموو جۆرە سنوورێک، دیسان ئەم هزرە بەپێچەوانی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی کوردی کە لە کەسایەتی پارتەکانی باشووردا پارێزگاری لە سنوورە دەستکردەکان دەکا، یان لە کەسایەتی پارچەتەوەرەکاندا کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێ هەرکەسە و لە بەشی خۆیدا خەبات بکا، بەتوندی لەسەر سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکان سوورە و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆی هەڵکەوێ ئەم سنوورانە دەسڕێتەوە. بە واتایەکی دەقیقی ماتماتیکی، لە هزری ئاپۆدا نەتەوەبوون لەسەر بنەمای کوردبوون سەربەستە لە چەمکی سنوور،

بەڵام واتاکردنی سنوورەکانی کوردستان پەیوەستە بە نەتەوەبوونێکی لەسەر بنەمای کوردبوون.

ناسیۆنالیزمی بێ دەوڵەت:

با بە مێناکێک ڕوانگەی ئاپۆئیزم لەبارەی دەوڵەتەوە شرۆڤە بکەین. بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ ئایینداڕانی ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خۆشبەختی مرۆڤەکان بە ڕێگەی ئیسلامدا تێدەپەڕێ. لەم ماوە درێژەدا نەتەنیا ئیسلام نەیتوانیوە خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر بکا، بەڵکوو لەپێناو پێناسەکردنی خۆی وەکوو مەرجی پێویستی خۆشبەختی، هەزاران هەزار نەهامەتی و کارەساتی مرۆیی گەورەی خوڵقاندووە. لەحاڵێکدا کە دەکرا بانگەشەکەرانی ئەم ڕێبازە جارێکیش بیریان بکردایەوە کە لەوانەیە مرۆڤەکان سەربەست و بێ ناوەندگیری ئایینیش بتوانن خۆشبەخت بکرێن. بێگومان ئەنجامی ئەم بیرکردنەوەیە هەرچی بووایە، لانیکەم هەزینەیەکی زۆر زۆر کەمتر لە نەهامەتییەکانی ئەوەی پێشووی دەبوو. لە سەد ساڵی ڕابردوودا تێڕوانین و هەڵوەستەی کورد لەمەڕ دەوڵەت و ڕزگاری ڕێک وەکوو ئیسلام بووە و خۆشبەختی. بزاوتی ناسیۆنالیستی کوردی سەد ساڵە لەپێناو دەوڵەتدا زۆرترین قوربانی داوە و بەداخەوە هێشتا نەگەیشتووەتە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆش. بەڵام ئاپۆئیزم لە وەرچەرخانێکی هزریدا بە شێوازێکی ئاوەڵاتر

لەگەڵ چەمک و بوونەوەری دەوڵەت و گرێدانی بە ڕزگاری کوردەوە مامەڵە دەکا.

جارێ بەر لە هەموو شتێک ئاپۆ بە ئاشکرا دەڵێ کە ئێمە دەوڵەت بە ڕێگەچارەی دۆزی داگیربوونی کورد نازانین، بەڵام هەرکەسیش بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت تێبکۆشێ ڕێگری لێ ناکەین و یارمەتیشی دەدەین و بەڵگەی ڕاستگۆیی ئەو ئەم قسەیە هەڵوێستییەتی بەرامبەر بە نیمچەدەوڵەتی باشووری کوردستان. ئاپۆئیزم و بزاڤەکەی سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانی لەم نیمچەدەوڵەتە و سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپانەی کە ئەم دەوڵەتۆکە بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورک بۆ خودی ئاپۆئیزم هێناویەتە پێش و هەروەها ئەو بەربەستانەی کە بۆ خزمەتکردنی دەوڵەتی فارس تا ئاستی لەخشتەبردنی بزاوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی هێناون، دیسان بزاڤی ئاپۆیی هیچکات خواستی خۆی بۆ مانەوەی ئەم نیمچەدەوڵەتە نەشاردووەتەوە و لە سەردەمی داعشیشدا نیشانی دا کە ئامادەیە تەنانەت بەرگریشی لێ بکات. دیوێکی دیکەی تێڕوانینی ئاپۆ بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری دەوڵەت وەک دەسەڵاتی لە سەرەوە بەرەو خوار. گرفتی ئاپۆ لەگەڵ دەوڵەت لەڕاستیدا ئەو دەوڵەتە کلاسیکەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ئاڵۆزی و شۆڤینیزم و نەهامەتی. ئەگینا ئاپۆئیزم وەک لە ڕۆژاوای کوردستان یان سیستەمی شارەوانییەکانی باکووری

کوردستان نیشانی داوە بە توندی بەشوێن بەڕێوەبردنی کورد بەدەست خودی کوردەوەیە سەربەست لە سیستەمی دەوڵەتانی داگیرکەر. بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی ئاپۆئی ئەگەرچی پشت بە دەوڵەت نابەستێتەوە، بەڵام لە ئەگەری هەلومەرجی لەبار بۆ دروستبوونی، نەتەنیا ڕێگری لێ ناکا بەڵکوو پشتیوانیشی لێ دەکا. بەڵام جیاوازییەکە ئەمەیە کە ئاپۆئیزم پێی وایە کە دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەرچاوەی دەمارگیرییە و یەکێ لە ڕێکارەکانی سەرکەوتن بەسەر ئەم دەمارگیرییەدا سەرکەوتنە بەسەر دەوڵەت، یان لانیکەم سەرکەوتنە لە بێهێزکردن و بێنرخکردنی دەوڵەت لە ژیانی گەلاندا. یەکێ لە ماناکانی بە بنەمانەگرتنی دەوڵەت لە ئاپۆئیزمدا ئەمەیە کە کورد لەباتی ئەوەی هەموو شتێک بخاتە سەبەتەی بەدەستهێنانی دەوڵەتەوە و لەڕێگەی ئەوەوە بەشوێن خوەستەکەکانیدا بگەڕێ، باشتر وایە لەڕێگەی نەتەوەی دیمۆکراتیکەوە خۆی لە دەوڵەت ڕزگار بکا. ئەم بیرۆکەیە لەم ڕوویەوە گرنگە کە مرۆڤی داگیرکراوی کورد بەر لە هەموو شتێک داگیرکراوی دەوڵەتە و ئەم بوونەوەرە وەک شەیتانێکی پیرۆز لەسەری حوکم دەکا و ڕۆحی داگیر کردووە. ئەگەر مرۆڤی کورد بگاتە ئەوەی کە بەبێ دەوڵەتیش دەتوانێ زۆر لە کارەکانی خۆی بەڕێوە ببا، لەباری دەروونی و ڕۆحییەوە باڵادەستییەکی گەورە بەسەر دەوڵەتدا دەدۆزێتەوە و ئاسانتر دەتوانێ بەشوێن ئازادی و ڕزگاری خۆیدا بگەڕێ. بەکورتی بەگوێرەی ئاپۆ کورد

لەباتی هاوواتاکردنی ڕزگاربوون لە داگیرکاری و بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ کە بەداخەوە سەرەڕای گەورەترین قوربانیدانەکان تاکوو ئەم ساتەوەختە شکستی هێناوە، دەتوانێ بژاردەیەکی دیکەش تاقی بکاتەوە کە زۆر کەم هەزینەتر تەواو دەبێ و ئەویش بریتییە لە دروستکردنی نەتەوەیەکی تۆکمە و تەندروست کە ئەو ناوی لێ دەنێ نەتەوەی دیمۆکرات. وەختێ ئەم دێڕانە دەخوێنینەوە پێویستە خاڵێکی زۆر گرنگیشمان لە بەرچاو بێ و ئەویش ئەمەیە کە زلهێزەکانی سیاسەتی جیهانی و ئەوانەی کە لە داڕشتنی هاوکێشەکانی جیهان کاریگەرن، بەداخەوە هێشتا بەتوندی سەرکوتی هەر جۆرە خواستێکی دەوڵەتخوازی کوردی دەدەنەوە. ئەزموونی ڕەفتاری سیساڵی پێشووی ئەم هێزانە لەگەڵ باشوور و دواتر ڕەفتاریان لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆییدا بە ڕوونی دەریخست کە ئەوان لەوانەیە پشتیوانی کورد بکەن لە چوارچێزەی سنووره دەستکردەکاندا، بەڵام دژی دروستکردنی سنووری تازەن. ئەزموونی تا ئێستاکەی ڕۆژاوای کوردستانیش هەر ئەم ڕەوتە نیشان دەدا. کورت و کورمانجی، لە دیدی ئاپۆوە بەدەستخستنی دەوڵەت ناتوانێ ناسیۆنالیزمی کوردی و بەتایبەت لە جۆرە تەندروستەکەی بۆ کورد مسۆگەر بکا، بەڵام لەوانەیە ناسیۆنالیزمێکی تەندروست بتوانێ دەوڵەتێکی کوردیمان بۆ مسۆگەر بکا و کورد بۆ جارێکیش بووبێ پێویستە ئەم ڕێگایەش تاقی بکاتەوە.

## ژینگەپارێزی، درێژەی ناسیۆنالیزمی خوەزایی

ئەگەر دیمۆگرافیا وەک لایەنە زیندووەکەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم پێناسە بکەین کە خۆشی واتاکەری ئەم چەمکانەیە، بێگومان جۆگرافیا وەک لایەنە شوێنەوارییەکەی، وێناکەری هەبوونی نەتەوەیە. بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا هەبوون و شووناس(شوون+ناس)ـی مرۆڤەکان بەستراوە بە شوێنی لەدایکبوون و ژیانیانەوە. کە واتە نیشتمان، یان شوێنەواری نەتەوە بەشێکی گرنگی هەبوون و کەسایەتی نەتەوەیە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین نیشتمان یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزە دروستکەرەکانی نەتەوە و لە ئەنجامیشدا نیشتمانپارێزی و نیشتمانپەروەری یەکێکە لە سەرەتاییترین و لە هەمان کاتدا گرنگترین هێماکان و بوارەکانی نەتەوەپارێزی و نەتەوەپەروەری. لەڕاستیدا چۆنێتی دانووستان لەگەڵ ژینگە هەم ڕواڵەت و هەمیش ناخی چۆنێتی تێڕوانین و هەڵسوکەوتی مرۆڤە لەگەڵ نیشتمان وەک بنەمای نەتەوە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێ لەو پێوەرانەی کە دەریدەخا مرۆڤەکان لە نیشتمانی خۆیاندا چقاس ناسیۆنالیزمێکی تەندروست دەژین، چۆنێتی مامەڵەکردنیانە لەگەڵ نیشتمان و ژینگەی نەتەوەکەیاندا. لە ڕەوتی گەشەی هزری ئاپۆییدا بە ئاراستەی پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، یەکێ لە بوارە هەرە گرنگەکان بواری ژینگەیە. نیشتمان جگە لەوەی کە ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێکهێنەری نەتەوەیە، لە هەمان کاتدا بەستەری هەرە

گرنگی پەیڕەوکردن و پرۆڤەکردنی ناسیۆنالیزمیشە. لەم ڕوویەوە ئاستی ناسیۆنالیزمی مرۆڤەکان تا ڕادەیەک دیاری دەکا کە چۆن لەگەڵ نیشتمانەکەیاندا مامەڵە بکەن و بە هەمان شێوە چۆنێتی ژینگەیەکی جۆگرافیش دەتوانێ ڕاستەوخۆ لەسەر جۆری ناسیۆنالیزمی کەسەکان بەباندۆر بێ. هەر بۆیە ئاپۆ ژینگەپارێزی وەک یەکەمین هەنگاوەکانی نیشتمانپارێزی دەبینێ و لەسەر ئەم تێڕوانینە پێی وایە مرۆڤی کورد لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا پاراستنی ژینگەی خۆی بە بنەما بگرێ. ئاپۆ بە هەمان شێوە کە نیشتمان وەک ژینگە بە خوەزای یەکەم پێناسە دەکا، نەتەوەش وەک جڤاک بە خوەزای دووەم دەناسێنێ و ئەم هەردوو خوەزایەش وەک پێویستی یەکتر دەزانێ. هەر بۆیە بە هەمان شێوە کە ناسیۆنالیزمێکی تەندروست وەک پێویستییەک بۆ خوڵقاندنی ژینگەیەکی تەندروست دەبینێ، ژینگەی تەندروستیش بە بەستەرێکی لەباری گەشەی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست دەزانێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە لە پێناسەی نەتەوەی دیمۆکراتیکدا بەردەوام دەستەواژەی "ئێکۆلۆژیک ـ دیمۆکراتیک" دوبارە دەکاتەوە تا بەردەوام گرنگی دوولایەنەی ئەم دوو خوەزایە بۆ یەکتری بدا بە گوێی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. مخابن ژینگەپارێزی وەکوو زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانی ژیانی مرۆڤی داگیرکراوی کورد لەلایەن هەموو بزاڤە ناسیۆنالیستییەکانی دەرەوەی ئاپۆئیزمەوە تاکوو ئەمڕۆ پشتگوێ خراوە و ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ

نەدراوەتەوە. لە ئەنجامدا خۆشەویستی و پاراستنی ژینگەی نیشتمان وەک یەکێ لە بناخە ڕۆحی و کردارییەکانی خۆشویستنی نەتەوە لە ژیانی مرۆڤی کورددا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەڵبەتە ئەو ڕەوتە ژینگەپارێزییەی کە لە کوردستان و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساڵانەدا هاتووەتە ئاراوە و بەردەوام خەریکی گەشەکردنە، بەشێکی گەورەی دەکەوێتە خانەی ئەو ناسیۆنالیزمە تەندروستەی کە ئاپۆئیزم بانگەشەی بۆ دەکا و لە نیشانە هەرە دیارەکانی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمێکی تەندروست و ڕاستەقینەی کوردییە. لەبیرمان نەچێ کە بەشێکی گەورەی پێداگری ئاپۆ لەسەر گرنگی پاراستنی نیشتمان وەکوو ژینگەی نەتەوەیی کورد کردەیەکی دژەداگیربوون و بەرپەرچی تاڵانکردن و خاپوورکردنی کوردستانە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، بیردۆزی کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیک و دیمۆکراتیک زیاتر لەم بەرچەکردارە ڕێکارێکە بە ئاراستەی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزمێکی تەندروست.

## زمان و نەتەوە

لە پێناسەی نەتەوەدا گوتمان کە نەتەوە سێکوچکەیەکە لە جۆگرافیا، دیمۆگرافیا و ئەو لایەنە ڕۆحییەی کە پێکەوە گرێیان دەدا. وەک دەزانین یەکێ لە لایەنە هەرە گرنگەکانی ڕەهەندە ڕۆحییەکەی نەتەوە بریتییە لە زمان. زمان لە یەک کاتدا هەم دروستکەر و هەمیش دروستکراوی فەرهەنگی گشتییە و بە جۆرێ لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین نەتەنیا پردی پەیوەندی نێوان ئەندامانی نەتەوەیە، بەڵکوو گرێدەر و گرێدراوی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوەشە. ئاپۆ بە پێناسەی "زمان چاندە، بەدەنە، ئەردنیگارییە"، بە دروستی بە ڕۆڵێ زمان وەک گرێدەری هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی نەتەوە ئاماژە دەکات. لەم پێناسەیەدا بە ئاشکرا دیار دەکەوێ کە زمان هەڵگری هەر سێ بناخەکەی نەتەوە، واتە، دیمۆگرافیا(بەدەن)، جۆگرافیا(ئەرنیگاری) و لایەنی ڕۆحی(چاند)ـە. زمانی کوردی لە دانووستاندنێکی دوولایەنەدا چقاس هەڵقوڵاو و دروستکراوێکی خوەزایی جۆگرافیای کوردستان و دیمۆگرافیای کورد بووبێ، بە هەمان ڕادەش لە دروستکردنی کورد وەک نەتەوە و بەردەوامی ئەم کیانە جڤاکییە ڕۆڵی گەورەی هەبووە. لەڕاستیدا چی لە سەردەمی خوەزایی و چی لە سەردەمی نوێی ناسیۆنالیزمدا زمانی کوردی بەردەوام یەکێک بووە لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی مانەوەی کورد وەک نەتەوە. ئەم زمانە تا ئەمڕۆ نەتەنیا بە شێوەیەکی پەرجووئاسا وەک خۆی ماوەتەوە،

بەڵکوو سەرەڕای لێک دوورکەوتنەوەی شێوەزارەکانی، جیابوونەوە و دابەشبوونی زۆرەکی ئاخێوەرانی و هەر وەها سەرکوتی لەلایەن داگیرکەرانەوە، دیسانەوە هەر وەک زنجیرێکی پتەوی نەپسانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە یەکتر ڕۆڵی گێڕاوە. ئەوەی ڕاستی بێ ئاپۆئیزم بە ڕواڵەت ئەگەرچی وەکوو بیردۆزی و هزر گرنگییەکی زۆری بە ڕەگەزی زمان داوە، بەڵام وەکوو تەڤگەر لە بواری زماندا سەرەڕای سەرکەوتنەکانی، هێشتا کەماسی هەیە و نەیتوانیوە شۆڕشێکی گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ باوەشی زمانی دایک لەنێو کورددا بێنێتە ئاراوە. بۆ وێنە یەکێ لە کەماسییەکان ئەمەیە کە هێشتا زۆرێک لە پەیامەکانی خۆی لەڕێگەی زمانە سەردەستەکانەوە ئاراستەی گەلی کورد دەکا. ئەڵبەتە کاتێ دۆخی ئاسیمیلەبوونی کورد لەنێو زمانە داگیرکەرەکاندا لە بەرچاو بگرین، ئەم کەماسییە پاساو دەدرێ، بەڵام دیسانەوە نابێ وەک ناتەواوی سەیر نەکرێ. ئەڵبەتە ئەم پرسە لایەنی دڵخۆشکەری دیکەشی هەیە. وەک دەزانین زمان نەتەنیا بوونەوەرێکی تەنیا و تەریدە لە ڕەگەزەکانی دیکەی نەتەوە نییە و ڕاستەوخۆ هەموو بوارەکانی دیکەی فەرهەنگیش دەگرێتە خۆ و ئەڵبەتە ئاشکرایە کە ئاپۆئیزم لە ڕووی فەرهەنگییەوە بەباشی توانیویەتی باندۆرێکی گەورەی لە ئاراستەکردن و گەڕانەوەی کورد بەرەو خودی ڕەسەنی خۆی هەبێ. ئەم باندۆرە نەتەنیا توانیویەتی بەشێکی گەورەی کوردی تواوە لە زمانە

داگیرکەرەکان بگەڕێنێتەوە، بەڵکوو بە دیاریکراوی توانیویەتی زاراوەی کورمانجی تەنانەت بە پارچەکانی دیکەش بناسێنێ. بە دیاریکراوی لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لە ناوچەی کەڵهۆڕیش لەژێر باندۆری ئەم بزاڤەدا کورمانجی خەریکە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ و بە پیرەوەچوونی خەڵک بۆ ئەم شێوەزارە بە ئاشکرا دەبینرێ. شتێکی دیکە کە لەوانەیە بتوانێ وامان لێ بکا بە شێوەیەکی کاتی تۆزێ لە کەماسییەکانی ئەم تەڤگەرە لە بواری زماندا چاوپۆشی بکەین، ئەو ژمارە زۆرەی کوردانی باکوورە کە سەرەڕای نەزانینی زمانی کوردی و پەروەردەبوون لەژێر هەژموونی زمانی تورکدا دیسانەوە بەهۆی ئاپۆئیزمەوە گەڕاونەتەوە سەر کوردبوونێکی جڤاکی و سیاسی و فەرهەنگی، تەنانەت سوورتر و پێداگرتر لە کوردانی ڕەسەن. نموونە هەرە دیارەکانی ئەم دیاردە سەیرە بە ئاسانی دەتوانین لە باڵاترین دەسەڵاتەکانی ئەم تەڤگەرە لە هەموو بوارەکاندا ببینین. بە هەرحاڵ ئاپۆئیزم جگە لەوەی کە لە توانایدایە تەنانەت سەربەست لە قسەکردن بە زمانی کوردی دیسانەوە کوردبوونێکی ڕاستەقینە بکاتەوە بەر مرۆڤی داگیرکراو و دابڕاوی کورد، ئومێد و چاوەڕوانی ئەوەشی لێ دەکرێ کە بتوانێ جارێکی تر لە هێمای زمانی کوردیدا هەموو ڕەهەندەکانی ئەم فەرهەنگە بگەشێنێتەوە. ئەزموونی ڕۆژاوا لەم چەند ساڵەدا نیشانی داوە کە ئەم ئاواتە هیوایەکی پووچ نییە.

## ئاپۆئیزم و ڕۆحی ونبووی کورد

ڕاسته که هەندێ ڕەگەزی بنگەهی هەن که دروستکەر و پێکهێنەری نەتەوەن، بەڵام له کۆتاییدا ئەوەی کیانێکی جڤاکی خاوەن بنەماکانی بەنەتەوەبوون به مانای ڕاستەقینه دەکا به نەتەوه بریتییه لەو ڕۆحی یەکپارچەبوونەی که بەسەر هەموو ئەندامانی ئەو جڤاکه وەک خێزانێک به دەوری یەکتریدا کۆ دەکاتەوە. بەداخەوه کورد وێڕای هەبوونی ڕەگەزه سەرەکی و بنەڕەتییەکان هێشتا نەیتوانیوه ئەو ڕۆحه گشتگیره یەکپارچەیه لەنێو خۆیدا بژی. ئەم ناتەواوییه هەتاکوو ئەمڕۆش گەورەترین گرفتی دەروونی ناسیۆنالیزمی کوردییه. جێگەی سەرنج و تێڕامان ئەمەیه که سەرەڕای دانپێدانان و گلەییکردنی بەردەوامی شەقامی ڕۆشنبیری و جیهانی سیاسەت وەک دوو باڵی سەرکێشی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم ناتەواوییه ڕۆحییه، هیچکامیان به ئاراستەی دروستکردنی ئەم ڕۆحه نه بیرۆکەیەکیان پێشکەش کردووه و نه هەنگاوێکیشیان هەڵگرتووه. بەبێ هیچ گومانێک ئاپۆ هەم وەک سیاسەتڤان و هەمیش وەک ڕۆشنبیر یەکەم کەس و تاقه کەسه که به تەواوی مانا هەوڵی دروستکردنی ڕۆحێکی یەکپارچه و یەکگرتووی کوردی دابێ. نموونەکانی خوارەوه تەنیا بەشێکن لەو چەمک و ڕێکارانەی که ئاپۆئیزم بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕۆحه ونکراوه پێشکەشی جڤاکی کوردی کردوون. "پاراستنی ڕەوا" یەکێ له پێشنیارەکانی بریتییه له دروستکردنی

هێزێکی پاراستنی هاوبەشی کوردی. "کۆما جڤاکێن کوردستان" یەکێکە لە بەرفراوانترین پرۆژەکانی ئاپۆ بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی کوردی. "کونفیدرالیزمی ژێرین" یەکێ لەو ڕێکارانەیە کە پارچەکانی کوردستان دەتوانن بە بنەماگرتنی لەنێو خۆیاندا، بە ئاراستەی دروستکردنی هاوپەیمانی هەنگاو بنێن. "نەتەوەی دیمۆکرات" دەرفەتێکی بێهاوتایە کە دەتوانێ بە ئاراستەی دیمۆکراتیزەکردنی جڤاکی کوردی نرخ و بەهاکانی کورد زیاتر هاوبەش و بەگشتی بکاتەوە. پرۆژەی "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" دەتوانێ لە ئاستی جیهانیدا خەون و نیازی دێرینەی لێڤەگەر و نوێنەرایەتییەکی سیاسی کوردی مسۆگەر بکا. ئەڵبەتە ئەم بیرۆکانە هیچکامیان تەنیا قسەی سەرزار یان نووسراوەی سەر کاغەز نەبوونە و تەڤگەری ئاپۆیی هەمیشە یەکەم لایەن و لە زۆر بواریشدا بەداخەوە تا ئێستا تاقە لایەنی کوردی بووە کە بەپیر ئەم پێشنیارانەوە هاتووە. نموونەی هەرە دیار و بەردەوام لە ڕۆژەڤدا پرۆژەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان(کەنەکە)یە. ئەو خەبات و تێکۆشانە پشوودرێژەی کە سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ بانگهێشتەکانی ئاپۆ لە لوبنان و دیدارەکانی لەگەڵ سیاسەتمەداران، ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردی هەر چوار پارچە و دەرەوەی کوردستان، هەوڵەکانی دواتری دامەزراندنی پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە کۆتاییدا دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

و تێکۆشانی بێوچانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ١٩٩٩ تاکوو ئەم ساتەوەختە لەپێناو یەکخستنی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردی، هەموو ئەمانە گەورەترین بەڵگەن کە ئاپۆ و بزاڤی ئاپۆیی نەتەنیا تاقە ئاواتخوازی دروستکردنی ڕۆحی یەگکرتووی کوردن، بەڵکوو لەم ڕێگایەشدا ڕاستگۆترین تەڤگەرن کە تا ئێستا جڤاکی داگیرکراوب کورد بە خۆیەوە بینیبێتی....

## گوتنی کۆتایی

لە کۆتاییدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسانەی کە تا ئێرە هاتوون، من پێم وایە کورد لە لایەکەوە بەدەست چەندین فەرهەنگی جیاواز لە ناسیۆنالیزمی دەمارگیر داگیر و دابەش کراوە و هەتیتە دراوە، بەرخۆدانەکەی لە سەنگەری ناسیۆنالیزمێکی سەرەتاییدا تا ئێستا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، ئەم نەتەوەیە نەریت و فەرهەنگەکەی بەشی ئەوەی تێدا نییە کە بتوانێ بە جۆرێ بیکا بە دەمارگیر کە تۆڵەی ئەو ستەمانە بکاتەوە کە لێی دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هەم بنەمایەکی دیرۆکی و فەرهەنگی لەباری هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتایی و ناتەواوەی بەرەو ناسیۆنالیزمێکی تەندروست و هەمیش بە هەڵکەوتی سەردەم فەلسەفەیەکی خۆماڵی و لە هەمان کاتدا بەڕۆژیشی وەک ئاپۆئیزم دەست کەوتووە بە ئاراستەی ئەم مەبەستە. کە وا بوو، یەکێ لە باشترین و بەردەستترین بژاردەکان لەم دۆخەدا بریتییە لە دوبارە پێناسەکردنەوە و ڕێکخستنەوەی جڤاکی کوردی بەگوێرەی ئەم فەلسەفەیە. گرنگترین و ئەرێنیترین لایەنی ئەم بژاردەیە ئەمەیە کە بەپێچەوانەی تەواوی ئەو ڕێبازانەی کە کورد لە سەد ساڵی ڕابردووی کاروانی دژەداگیربوونی خۆیدا دەستی بۆ بردوون و تاقی کردوونەتەوە و هیچ بەرهەمێکیشی لێیان نەچنیوەتەوە، هزر و فەلسەفەی ئاپۆ بەر لە هەموو شتێک هزرێکی خۆماڵییە کە لە دەروونەوە جڤاکی کوردی دەخاتە

بەر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن و کەماسییە ناوخۆییەکان دەبینێ و لە هۆکارە دەروونییەکانی داگیربوونی کوردستان دەکۆڵێتەوە. لایەنی گرنگی دووەمی ئەم هزرە ئەمەیە کە تەنیا پرۆژەیەکی تێڕامان و شرۆڤەکاری پەتی نییە و بۆ هەموو پرسەکان نەتەنیا ڕێگەچارەی خۆشی دەخاتە ڕوو، بەڵکوو لە هەر کوێ و هەر وەختێ بواری بۆ بڕەخسی بیردۆزییەکانی دەباتە بواری جێبەجێکردن و ڕێکارەکانی خۆی بەکرداری دەکا. ئەوەی دەمێنێتەوە ئاماژەی پێ بکرێ ئەم خاڵە گرنگەیە:

لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەر چەمک و ڕێبازێکی هزری و هەر ئایدۆلۆژیایەک کە لەپێناو ڕزگارکردنی کوردستان لە داگیربوون سەریهەڵدابێ و هاتبێتە ئاراوە، دوای ماوەیەک لە لایەن خودی کوردەوە جێگەی لەگەڵ کوردستان گۆڕدراوە و لەباتی ئەوەی وەک ئامرازێک بۆ دەربازبوونی کوردستان لە هەتیتە و گەمارۆی ناسیۆنالیزمی شۆڤینی و دەمارگیری نەتەوە داگیرکەرەکان بەکار بێن و هەزینە بکرێن، بەپێچەوانەوە ئەمان بوونەتە پیرۆز و کوردستان و دۆزی کورد کراوە بە قوربانی بۆیان. ئەمجارە پێویستە ئاپۆئیزم نەبێتە پیرۆزی یەکەم و نەکەوێتە شوێن کوردستانەوە، بەڵکوو یەکەم، وەک چۆن تا ئەمڕۆ لەپێناو و لە خزمەت دۆزی داگیربوونی کوردستاندا بووە، لەمە بەدواوەش هەر وا بمێنێ. و دووەم، ئەم ڕێبازە فیکرییە پێویستە وەک دەقێکی ڕەها و نەگۆڕ چاوی لێ نەکرێ و هەمیشە بە کراوەیی بمێنێتەوە و ڕێگەی ڕەخنەکردن،

هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردن لە ئاستیدا دانەخرێ. ئەڵبەتە هەرکەسێ سەیری ڕەوتی گەشەی فیکری ئاپۆ بکا، ئەم ڕەوانییەی تێدا دەبینێ کە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە. هیوادارم گەلی کورد و بەتایبەت لایەنگرانی نەیکەن بە گۆمێکی مەند لە ئایدۆلۆژیای ڕەها و نەگۆڕ و پیرۆزتر لە کوردستان... .

# Hetîte û meterêza nasyonalîzm

(Kurdistan; hetîteya nasyonalîzma demargîr û meterêza nasyonalîzma seretayî)



JÎRO ZAGROS